# ژنان


۳۸
پاییزی ۱۳۹۲
December 2013
گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان


ئازادی بۆ ژن،
بەختیاری بۆ کۆمەڵ



چرا کردها
به فمنیسم نیاز دارند




بەیاننامەی ۷ ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە بۆنەی ۲۵ی نوامبر، ڕۆژی جیهانیی خەبات لە دژی توندوتیژی دژ بە ژنان



ژنانی پێشمەرگە و خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازانە

پێگەی ژنی کورد لە کۆمەڵگەی کوردی دا




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢ بەیاننامەی٧ ڕێکخراوەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٤ پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان
٦ پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان
٧ «دێموکراسی لە ڕوانگەی جیاواز»و «پێگەی ژنی کورد لە کۆمەڵگای کوردیدا»
١١ ژنانی پێشمەرگەو خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازانە
١٤ قەبووڵکردنی توندوتیژی دژی ژنان و چەند هۆکارێک
١٦ بۆ سڕینەوەی توندوتیژی خەباتێکی بەرین و هەمەلایەنە پێویستە
١٨ کێ بەرپرسیارە لە مەرِ کوشتنی ژنان
١٩ توندوتیژی پیاوان دژی ژنان
٢١ ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگای کوردستاندا
٢٢ پەرەسەندنی مێژوویی خێزان
٢٣ بنەماڵە . پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و جیابوونەوە
٢٦ بەشداری کردنی ژنان بە ڕێژەیەکی زیاتر لە نێو کابەکاندا
٢٧ ترساندنی منداڵان لەلایەن دایک و باوک و کاردانەوەکانی
٢٨ داهێنان و یاخی بوون
٢٩ دیمانە: لەگەڵ ژنێکی بەهرەمەندی کورد لە وڵاتی هوڵەند
٣١ «پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییەکان لە بزووتنەوەی هەقەدا»
٣٣ ژن ئەستێرە
٣٤ ئەو ڕۆژە کە بۆنی ژنم لێهات!
٣٥ حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێزی لە ژنانی تێکۆشەری نێو ڕیزەکانی حیزب گرت
٣٦ سپاس نامەی ژنانی تێکۆشەری حدک بۆ دەفتەری سیاسی
٣٧ ئەدەبی
٤١ زانستی
٤٤ هەواڵ و چالاکی
٥١ فارسی



سەرنووسەر: حەلیمە ڕەسووڵی
دەستەی نووسەران:
کوێستان فتووحی، عیسمەت نستانی، ڕۆژە عەزیزی
هاوکاران، مەندانە حەبیب‌زادە، شەونم هەمزەیی، بێگەرد عەلیپوور

وەرزانەیەکی
سیاسی، کۆمەڵایەتی،
فەرهەنگی و ئەدەبیە

دیزاینی بەرگ:
ئەیوب شەهابی‌راد
تایپ و دیزاینی ناوەوە:
سروە فەتاحی



بۆ پێوەندی گرتن بە گۆڤاری ژنانەوە
سەردانی فەیسبووکی سەرنووسەر بکەن:
www.facebook.com/helime.rasuli

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی:
00964 - 7702103121








کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### بەیاننامەی٧ ڕیکخراوەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# به بۆنەی رۆژی جیهانی توندوتیژی دژ به ژنان



توندوتیژی یەکێکە لە دیاردە ترسناکەکانی جیهان، کە هەڕەشەیەکی تەواو لەبونیادی کۆمەڵگا دەکات. هەموو چەشنە رەفتار و هەڵسوکەوتێکی توون و گرژ چ لەئاستی کەسی و چ لە گشتی دا، کە لەسەر بنەمای رەگەزیی روودەدا و دەبێتە هۆی شکەنجە وئازاری ڕەگەزیی و رۆحی یان فیزیکی و بەرتەسک کردنەوەی ئازادی ژنان ، بەتوندوتیژی دژ بەژنان ناوزەد دەکرێت و لەقەڵەم دەدرێت. ژنان ومرۆڤە ئازادیخوازەکان هەموو ساڵێک لە رۆژی ٢٥ی نوامبر،رۆژی جیهانی خەبات لە دژی سڕینەوەی توندووتیژی لە دژی ژنان هەموو جۆرەکانی توندوتیژی کەلە لایەن کۆمەڵگای پیاوسالارییە وە، لە شوێنی کار، کۆمەڵگا و بنەماڵەدا بە سەریاندا دەسەپێ، بە وەرێ خستنی خۆپێشاندان، کۆبوونەوە و دەرکردنی بەیاننامە و هتد، مەحکوم دەکەن. تەنیا لە ئاکامی هەوڵ و خەباتی لێبراوانەی رێکخراوەکانی پارێزەری مافەکانی ژنان و فشاری بیروڕای گشتی عەداڵەتخوازانەی جیهان بوو کە لە ١٧ی دێسامبری ١٩٩٩ کۆبوونەوەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆەکان بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک ٢٥ی نوامبر بەرامبەر بە ٤ی سەرماوەزی وەک رۆژی جیهانی سڕینەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان راگەیاند.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندان زیاتر لە ٣ دەیەیە کە بە پاڵپشتی یاسا و رێسای دواکەوتووانەی حکوومەتی،بە شێوەیەکی سیستماتیک لە دژی ژنان توندوتیژی دەکات. هەڵاواردنی جینسی و سوکایەتی هەر رۆژە بە ژنان بۆتە پیناسە و بەشێکی جیانەکراوە لە ناوەرۆکی رژیمی ئێران،. ئەگەر توندوتیژی بەشێک لە دیاردە چارە هەڵنەگرەکانی کۆمەڵگایە کە بە شێوازی جۆراوجۆر بە سەر چینی کرێکار و توێژە بندەستەکانی کۆمەڵگادا دەسەپێندرێ و ژنان بەشی سەرەکی قوربانیانی ئەم توندوتیژیانەن، لە نیزامی ئاخوندیدا، ئەوا پاڵپشتی یاسا و رێسا حکوومیەکانیشی دەچێتە پاڵ و ئەو ستەم و ناعەداڵەتیانە بە قانوونی دەکرێن. ئەگەر بمانهەوێ ئاورێک لە رەوشی ژنان لە ناوچەکەدا بکەین نکۆلی لەوە ناکرێت کە ژنان رۆڵێکی گەورەیان بینیوە و دەیبینن لەگۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا لەئەنجامی شۆڕشەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی، ژنان لەڕۆژانی شۆڕشدا لەپاڵ پیاواندا بەشداری بەرچاویان هەبووە لەخۆپیشاندانەکان و لەڕێکخستنی لیژنە شۆرشگێرییەکان بەڵام سەرەرای ئەوە ژنان لە قۆناغی شۆرش و پاش رزگاریش رووبەرووی گەلێک توندوتیژی و نەهامەتی هاتوون و هیج دەستکەوتێکی نوێیان لەو گۆڕانکارییانەدا دەستەبەر نەکردووە،و مافەکانیان بە بەردەوامی زەوت دەکرێت

خەبات کردن دژی توندوتیژی پڕۆسەیەکی درێژخایەن و هەمەلایەنەیە و تەنیا بە یادکردنەوەی ئەو دیاردە دزێوە لە ڕۆژێک دا کۆتایی پێ نایەت ولە و بارووددۆخەشدا ژنی کورد پێویستە دەورێکی بەرچاوی هەبێ لە بوارە جۆراو جۆرەکانی خەبات بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە و پێویستە لەپێناو دادپەروەری کۆمەڵایەتی،سیستمی پیاو سالاری و بندەستی نەتەوەی و کلتووری کۆنەپەرستانەی رژیمی ئێران بەردەوام لە تێکۆشان دا بێت. توندوتیژی دژ بە ژنان لە کۆماری ئیسلامی دا بە شێوەی جۆاروجۆر پەرەی سەندووە کە هەموو کارناسانی بواری کۆمەڵایەتی و چالاکانی بواری ژنانی نیگەران کردووە. لە رژیمی ئیران قاچاغی کچان و ژنان و توندووتیژی جینسی و کوشتنی ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو بەناوی جیاجیاوە لە پەرەسەندن دایە. ئاستی کلتووری دژە ژنیی زیادیکردوە. لەشفرۆشی بۆتە دیاردەیەکی قێزەونی کۆمەڵگا. نەریتی تاسەر ئێسقان دژی ژنو دژی ئینسانی خەتەنەی کچان، یاساو کەلتووری فرە ژنی بەشێوەیەکی سامناک بەرەوسەر هەڵکشاوە. مارەکردنی کچانی خوارتەمەن ١٨ ساڵ لەدەرەوەی دادگا زۆر بەرچاوە. . لە ئیران کەش و هەوای سەرکووت بە دژی چالاکوانانی ماقی ژنان رووی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەرەسەندن کردووە کە، لە یەک دوو ساڵ لەمەوبەر دەست بەسەرکردنی دەیان کەس لە کەسایەتییە چالاک و فەعالەکانی بزووتنەوەی ژنان، دەستبەسەر کران کە کاردانەوەی نێونەتەوەیشی لێکەوتەوە ئیستاشی لەگەڵ بێت بە دەیان زیندانی سیاسی ژن لە گرتووخانەی ئەوین و زیندانەکانی دیکەی ئێران و کوردستاندا هەن کە تەنانەت ئیزنی چاوپێکەوتنیشیان نییە و تەنانەت سزای وەک زیندانی درێژخایەنیان بەسەر دا سەپێنراوە . بە گشتی توندوتیژی بە دژی ژنان ساڵهای ساڵە وەک پڕئازارترین نەخۆشیەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خۆی دەرخستووە و ئەم خەسارە لە کۆمەڵگا دواکەوتوو و ئایینیەکان کە یاسا ئایینیەکان رۆڵێکی بەچاو و چارەنووس ساز لە سیستەمی ئیداری و حکەمەتیەکەی دا دەگێرن و شوێندانەری نەرێنیان لەم پەیوەندیەدا هەیە، بە شێوەی بەردەوام زیانی گەیاندووە بە ژنان و بە گشتی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە بەرهەمهێنەری توندوتیژیی بوونە . دوای لێکۆڵێنەوەکان لە ٥٠ وڵاتی جیهان دەرکەوتووە ، لە سەدا ١٠ تا ٥٠ی ژنان بە جۆرێک لە لایان هاوسەرەکانیان دەکەونە بەر کردەوەی توند و تیژیی جەستەیی و نیزیک بە یەک لە سەر سێ و نیوی نمونەکانی توند و تیژی جەستەیی ، توند وتیژی دەروونیشی بە دواوە بووە .

لە هەر ١٨ خولەک دا لە جیهان ژنێک دەمرێ و ئەم ئامارانە بە شێوەی گشتی دەرخەری بارودۆخی نالەباری ژنانە و ئەمە تەنیا گۆشەیەکی بچووک لەو هەموو توند وتیژیانەیە کە بەرامبەر بە نیوەی حەشیمەتی جیهان ڕەوا دەکرێ.

لەم بۆنەیەدا رادەگەیەنین کە لەپێناو بنبڕکردنی شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان، ئەرک و بەرپرسایەتییەکی گرینگ و مێژوویی دەکەوێتە سەر شانی چالاکانی ژنان، دەزگاکانی راگەیاندن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕیکخراوە سنفیەکان و میدیاکان،کە لە سەرو هەموو ئەوانە یاسا و حکومەت دەتوانن باشترین رۆڵ و بەرپرسایەتی لەم پیناوەدا بگێڕن ومیکانیزم دابنێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەکان، بەدواداچوون بکەن بۆ کێشەکانی پەیوەندیدار بە توندوتیژی دژی ژنان و خێزان، کۆڕو سیمینار پێک بێنن و راپۆرتی وەرزی لەبارەی کێشەکانی ژنانەوە ئامادە بکەن و هەروەها دەزگاکانی راگەیاندن زۆر پێویستە کەئیمکاناتی خۆیان بۆ پرۆژەی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە ئاست کێشەکانی ژنان و کەمکردنەوەی دیاردەکە بەکار بهێنن نەک تەنها هەواڵی کوژران و سووتان بڵاو بکەنەوە، هەروەها هەردەم هاوکاربن بۆ ڕێکخراوە مەدەنی و سەنتەرەکانی داکۆکی کردن لەژنان هەموو تاکێکی کۆمەڵگا لە هەر چین و توێژێک خۆی بە بەرپرسیار بزانێت لە بنبڕکردنی دیاردەی توندوتیژی و ئەمەش مایەی بەدیهاتنی کۆمەڵگایەکی بەختەوەرەلە ئێستا و لە داهاتوودا .. لە کۆتاییدا دەڵێین رزگاری و بەرابەری ژن و پیاو و لابردنی هەر جۆرە توند و تیژیەک بە دژی ژنان کاتێک مسۆگەر دەبێ، کە خەباتی بێ وچانی بۆ رێک بخەین ..

**سەرکەوێت خەباتی ژنان بۆ یەکسانی و بەرابەری**

**یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان**
**یەکێەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران**
**کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات**
**ئاسۆی ژنی کورد**
**کومیتەی ئافرەتانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**
**رێکخرای ئازادیی ژنانی کوردستان – نینا**
**یەکیەتی ژنانی یەکیەتی دێموکڕاتی کوردستان**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان




**ئەم پەیامە لە ڕۆژی ٢٥ی نوامبردا، لە لایەن حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسی حدک و، لە سمیناری یەکیەتیی ژنان دا پێشکەش کرا.**

٢٥ی نوامبری سالی ١٩٩٩ی زایینی بە ڵگەنامەیەکی یاسایی بۆ بە گژ دا چوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە لایەن کۆری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پەسند کرا، لەو ڕۆژەوە تا ئێستا هەموو ساڵێ بەم بۆنەیەوە ژنان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان چالاکی دەکەن و دڵگەرم بە پشتیوانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و کۆرو کۆمەڵە بە شەردۆستەکانی لایەنگرانی مافی ژنان دیفاع لە ماف و کەرامەتی مرۆڤایەتی و داوای مافی یەکسانی دەکەن. خەباتی ژنان لە پێناوی دەستەبەر کردنی مافەکانیان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیەو تا ئێستاش بەردەوامە، هاتنەدی ئەو ئامانجە بە بێ پشتیوانی پیاوان و تێک شکاندنی دابونەریتە کۆنە کۆمەلایەتیەکان و دانانی یاسا و ریسای نوێ مومکین نابێ. زۆربەی وڵاتان و کۆمەڵگاکان هەر کام بە پێی یاساو فەرهەنگی تایبەتی خۆیان باس لە ماف و ئازادی ژن دەکەن، بەڵام بەکردەوە هێشتا لە بەشێکی زۆری جیهان ژنان بەمافی یەکسان لە گەڵ پیاوان نەگەیشتوون.

بە داخەوە ئێستاش لە زۆربەی وڵاتان و تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا توندوتیژی لە دژی ژنان لە ئاستی بنەماڵە و کۆمەڵگاش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا بەرێوە دەچێ و ئازاری رووحی و جەستەیی ژنان دەدرێ. ژنان ئەو ماف و شوینە شیاوەیان پێ نەدراوە کە بارتەقای رۆلیان لە راگرتنی بالانسی ژیانی مرۆڤ و نەخشیان لە بنەماڵەو کۆمەڵگادا بێ، لە ولاتی ئێرانیش بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە دوای شۆرشی سالی ١٩٧٩ی زایینی ژنان ئەم برە کەمە لە ماف و ئازادییەکان کە هەیان بوو، ئەویشیان لێ زەوت کرا و لە جیاتی بەشداری لە بەرێوەبردن و ئیدارە کردنی کاروباری ولات کونجی ماڵەوەیان پێ رەوا بینرا. بۆ هاتنەدەر لە ماڵ و هاتنە شەقام و لە بوارەکانی وەک تەلاق، مارەبری، نەفەقەو خاوەندارییەتی منداڵ رێوشوێنی سەختیان بەسەردا سەپاندون کە بەشی زۆری ئەم یاسانە لە بەرژەوەندیی پیاوان و بە زەرەری ژنان بوون.

لە کۆمەڵگەی کوردستانیش دۆخی ژنان هیچ باشتر نیە، پێشلکردنی مافی ژنان لە زۆربەی شارو ناوچەکان بەرچاوە و سالانە بە هۆی ئەو توندوتیژییە رووحی و جەستەیانەی کە دژ بە ژنان دەکرێن و لە ئاکامی ستەم و چەوسانەوەدا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان ئاگر لە جەستەی خۆیان بە ربدەن.

ژنانی کورد بە درێژایی قۆناغ جۆراو جۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگاکان دا لە تەنیشت پیاوان بوون و لە هەموو بوارەکانی ژیان دا بە تایبەتی لە کارو باری کشت و کاڵ و مەرداری و بەخێو کردن و پەروەردەکردنی منداڵان دانەخشی بەرچاویان هەبووە بە بێ ئەوی هیچ سوودێک لە بەرهەمی رەنجی خۆیان ببینن، لە شەرو ناخوشییەکاندا بوونە قوربانی، لە پێناوی بەرژەوەندی مێردو کور و کچەکانیان دا تووشی ناخۆشترین رۆژە تاڵەکانی ژیان بوون، لە قۆناغی خەباتی ئازادیخوازنەی گەلەکەماندا پاڵپشت و هاوکاری هەرە بەهێزی شۆرش و پێشمەرگە بوون، ئەوەی لە توانایان دابووە لە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی رابگرە تا کار کردن لە ریکخستنە نهێنیەکان و هاوکاری کردن و حەشاردانی پێشمەرگەکان درێغیان نەکردوە جیا لە مانەش کەم نین لەو شێرە ژنانەی کە لە دەربەدەری و خەباتی سەختی سیاسی و چەکداریی دا لە تەنیشت هاوسەرەکانیان بوون و لە خزمەت کردنی گەل و نیشتمان دا پاڵشت و پشتیوانیان بوون و تاڵی و سوێری رۆژگاریان چێشتوە و لە خۆشی و ناخۆشیەکانیان دا شەریک وبەشدار بوون، سەرەڕای ئەمانە نەک نائومێد نەبوون بەڵکوو رووسوورانە و سەر بەرزانە بە گژ ناخۆشیەکان دا چوونەوە.

ژنان شایستەی باشترین ژیان و شایانی ئازادی و ماف رەوا کانیان و جێی خۆیەتی و ئەرکی هەموو لایەکە نەک لە رۆژێکی ئاوا دا بەڵکوو لە هەموو رۆژێکی ساڵدا دژی توندوتیژی و هەڵاواردن بەرامبەر بە ژنان بوەستنەوە و رێز لە مافەکانی ژنان بگرن و بۆ هاتنە دی یەکسانی مافەکانی ژنان لە گەل پیاوان تێ بکۆشن.

لە خەباتی جەماوەری و بەرهەڵست بوونەوەی هێزە پەلاماردەرەکانی کۆماری ئیسلامیش دا ژنانی کوردستان بە تایبەتی لە گوندەکان زۆر جاردوژمنیان بە چۆک داهێناوە.

بەکورتی ژنانی کوردستان نەک هەر لە بواری خەبات و تیکۆشاندا بەڵکوو لە بوارەکانی ژیانی کۆمەل دا حوزوریان هەیە. بەڵام بە هۆی بەردەوامیی کەلتووری دواکەوتوانەی پیاوسالاری و لە مە ش گرینگتر بە هۆی یاسای کۆنە پەرەستانەو دژە ژنی رێژیمی دەسەڵاتداری ئیران، لەگەل زۆرترین هەڵاواردن و بێ مافی بەرەو روون.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان باوەڕی بە یەکسانیی مافەکانی ژنان لە نێو بنەماڵە و لە کۆمەڵگا دا هەیە و لەم باوەرە دایە کە هێزو توانا و شایستەی ژنان هیچ لە ئیی پیاوان کەمتر نیە، بەلام بۆ ئەوەی ئەم هێز و تواناو لیوە شاوەییە دەرەتانی خۆنواندنیان هەبێ و خزمەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکەن. دەبێ بەستینی گونجاویان بۆ دروست بکری، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەکەوە دەبێ یاساکانی ولات بە ناوەرۆکێکی ئینسانی و یەکسانیخوازنە بنووسرێنەوە و بە خەباتیکی بەرین و هەمەلایەنە، توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان و کوولتوری پیاوسالارانە، پاشە کشەیان پێ بکرێ.

لەم رۆژەدا کە رۆژی جیهانی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانە، جاریکی دیکە پیشتوانی لە خەباتی رەوای ژنان دووپات دەکەینەوە و لەم پێناوە دا لەهیچ یارمەتییەک بۆ سەرکەوتنی ژنان لە هاتنەدیی ئامانجەکانیان دا دەرێغی ناکەین .

**سەرکەوێ خەباتی رەوای ژنان بۆ هاتنە دی ویست و داخوازە رەواکانیان لە پێناو یە کسانی و بەرامبەری دا.**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٥ی نوامبری٢٠١٣ی زایینی**
**٤ی سەرماوەزی١٣٩٢ی هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

# له ڕێورەسمی ڕێز گرتن له ژنانی تێکۆشەری نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات



به چاو خشاندنێک به سەر مێژووی پڕ له هەورازو نشێوی بزوتنەوەی کوردستان، دەردەکەوێ که ژنانی تێکۆشەر و خەباتکاری کورد بۆ گەیشتن به ئازادی و مسۆگەر بوونی مافه نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکەی شان به شانی پیاوانی تێکۆشەرو خەباتکار، له بەرەوپێشبردنی ئەم بزووتنەوه ڕەوایەدا بەشداریان کردووه تەنانەت بەشێکیشیان گیانیان فیدای ڕێبازی کوردایەتی کردووه. ژنان له ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا وەک نوێنەری بەشێک له کۆمەڵگای کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاویان له تۆمار کردنی مێژووی خەبات و تێکۆشانی نەتەوایەتی دا گێڕاوه و توانیویانه له مێژووی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستانداو له ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا لاپەڕەیەکی پڕ له شانازی بۆ خۆیان تۆماربکەن و ببن به سەمبولی هەموو ژنانی کوردستان بۆ گەیشتن به مافەکانیان. ناکرێ ڕۆلی ئەو ژنانه لەبیر بکەین که له سەنگەری بەرگری له ماف و ئازادیيه نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکەیان دا، بەنرخترین سامانی ژیانیان واته گیانیان پێشکەش به بارەگای ماف و ئازادی کردو شان به شانی هاوسەرو برا پێشمەرگەکانیان دژ به سیاسی هێرشبەر ڕاوەستان و بەربەرەکانێیان کرد.

له هەمان کات دا دەبێ و پێویسته به چاوی ڕێزو پێزانینەوه بڕوانینه ڕۆڵی ئەو ژنه خۆنەویستانەی که له پشتی سەنگەرەکانەوه به وەئەستۆ گرتنی ئەرکی خێزانیی خۆیان و هاوسەرەکانیان، وەک چیا سەربەرزەکانی کوردستان ورەیان به هاوسەرەکانیان دەبەخشی که قورس و قایمتر به گژ دوژمن دا بچنەوەو ئەرکه نیشتمانی یەکانیان به جێ بگەیەنن.

## ژنانی تێکۆشەری بەشداری ئەم ڕێورەسمە!

بەشێکی زۆر له ئێوەی بەڕێز، ئێوەی خۆراگر، ئێوەی دایک، به بێ ئەوەی چاوەڕوانی ناو و ناوبانگ بن بەشدار بوون له شۆڕشدا و له ڕاستیدا کۆڵەکەی ئەم شۆڕشه بوون . هەر له ڕیزەکانی ئێوەشدا کەم نین ئەو دایکانەی که شاهێدی مەرگی ڕۆڵەکانیان بوون و لەم ڕێگایەدا گەلێک مەینەت و چەرمەسەریان کێشاوه . له ڕاستیدا ئێوه نموونەی دایکێکی فیداکار و جەسوورن که مێژووی بزوتنەوەی کوردستان هیچ کات له بیرتان ناکات و له ڕاستیدا ئێوه سەمبولی خۆراگری و بەرخۆدانی ژنانی کوردن له ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئێوه ژنانی تێکۆشەر هێمای خۆشەویستی و وەفاداری و به ئەمەگین که ساده و ساکار و بێ‌ڕیا ژیاون و دەژین و سەرەڕای هەموو نەهامەتییەکان وەک چیا بەربەرزەکانی نیشتمانی کوردان ڕەگتان له ناخی شۆڕشی زێڕینی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا داکوتاوه. ئێوەی ئازیز به هیممەتی بەرزتان چۆکتان به سەختی‌یەکانی ژیان دا داوه و له پێناو یەکسانی و بەختەوەری دا شان به شانی هاوڕێیانی پیاو هاتوونەته مەیدان. له نێوان ئێوەدا زۆرن ژنانێک که دوای شەهید بوونی هاوسەرەکانیان به درێژەدانی ژیانی سەربەرزانه له نێو ڕیزەکانی حیزب دا و به تەحەموول کردنی قورسایی ژیان درگای ژیانێکی خۆشیان به ڕووی منداڵەکانیان کردۆتەوه.

ئەو چەند دێڕه دڵۆپێکه له بەرانبەر دەریای بێ سنووری تێکۆشانی ئێوەی ژنانی کۆڵنەدری کوردستان و ڕێزلێنان له ئێوەی بەڕێز کارێکی پیرۆزه ڕێبەریی حیزبی دیموکرات نەک هەر ئەمڕۆ بەڵکوو له هەموو ڕۆژەکانی ساڵدا پێویسته ئێوەیان له بیر بێت و به هیممەتی هەموو لایەکمان بەردەوام بین له سەر سڕینەوەی نابەرابەرییەکان و هەوڵ بۆ یەکسانی له کۆمەڵگاکەمان دا.

جێی خۆیەتی که بڵێم ئەمڕۆ و ڕێزلێنان له ئێوه ی بەڕێز له لایەن دەفتەری سیاسییەوه بەنرخترین دیاری و جوانترین و ڕازاوەترین دیارییەوه بۆ ئێوەی بەڕێز و بێ شک له بواری ڕۆحییەوه له ئازار و نەهامەتییەکانی ئێوەی ئازیز کەم دەکاتەوه.

له کۆتایی دا له لایەن یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوه پڕ بەدڵ سپاسی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەفتەری سیاسی دەکەین بۆ ئەم هەنگاوه پڕ له مانا واتادارەیان.

**هەر بژین به شادی**
**یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**۲۹ی گەلاوێژی ۱۳۹۲ی هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ باس لە سەر «دێموکڕاسی لە ڕوانگەی جیاواز»و «پێگەی ژنی کورد لە کۆمەڵگای کوردی‌دا»




یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ٢٠ ی ڕەزبەر سمینارێکی هاوبەشی بۆ باس لەسەر «دێموکڕاسی لە ڕوانگەی جیاواز»و «پێگەی ژنی کورد لە کۆمەڵگای کوردی‌دا» بۆ حەلیمە ڕەسووڵی، سکرتێری یە کیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان‌و ئیقباڵ سەفەری ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە بە بەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب‌و ئەندامانی یەکیەتی ژیان بەڕێوە چوو، حەلیمە ڕەسووڵی لە باسەکەی‌دا کە لە ژێر ناوی «پێگەی ژنی کورد لە کۆمەڵگای کوردی‌دا» پێشکێشی کرد، تیشکی خستە سەر ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی ژنی کورد لە چەندین قوناغی جیاوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە بەر لە کۆماری کوردستان‌و لەسەردەمی کۆمارو پاش ڕۆخانی کۆمار. ناوبراو هەروەها تیشکی خستە سەر لایەنە ئەرینی‌و نەرینیەکانی ژیانی ژنان لەم چەند قوناغەداو هەروەها ئاماژەیەکی وردی سەبارەت بە بارودوخی ژیانی ژنانی کورد لە سەردەمی کۆمار دا کرد کە ژنی کورد لەو سەردەمەدا تارادەیەک لە ژێر چەتری دەسەڵاتی کۆماری کوردستان هەستیان بە ئارامی و ئۆقرەیی‌و شوناسی خۆیان کردووە.

سکرتێری یەکیەتیی ژنان لە کۆتایی ئەم باسەدا جەختی لەسەر ئەمە کردەوە کە ژنان بە هاودەنگی‌یەوە دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبێ لە سەر بەرژەوەندیی خەبات‌و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنی کورد.

دوای باسەکەی خاتوو حەلیمە ڕەسووڵی‌و لە برگەیەکی دیکەی ئەو سمینارەدا فەتاح کاویان، تیکۆشەری دیرینی حیزبی دێموکرات کورتە شێعرێکی واتاداری لەو پێوەندیی‌یەدا بۆ بەشداران خوێندەوەو، لە درێژەی سمینارەکەدا ئیقباڵ سەفەری کە کورگیری دووهەمی سمینارەکە بوو، باسەکەی خۆی لە ژێر ناوی دێموکڕاسی لە ڕوانگەی جیاوازەوە پێشکێش کرد.

ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب باسی لە لایەنە جوراوجۆرەکانی دێموکراسی کردو باسەکەی گرێ داوە بە باسی فیمینیزم لە ڕوانگە جوراوجورەکانەوە وچۆنیەتیی سەرهەڵدانی دێموکراسی.

شایانی باسە لە کۆتایی ئەم سمینارەدا چەندین کەس لە بەشداربووانی سمینارەکە راو و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە باسی کورگێرەکان ئاراستەی بەشداربووان کرد.

ئەمەش دەقی باسەکەی حەلیمە رەسوولی لە سمیناری ناوبرا دا.

### قۆناغی بەر لە کۆماری کوردستان
### قۆناغی کۆماری کوردستان
### قۆناغی رووخانی رێژیمی پاشایەتی‌و سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران تا ئێستاکە

بارودۆخی کۆمەلایەتی ژنانی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە چەندین قۆناغی مێژوویی و کلتووری دا جیاواز بووە . بۆ نموونە بەر لە کۆماری کوردستان و لە سەردەمی کۆمار دا و لە پاش رووخانی کۆمار ئالووگۆرەکان راستەوخۆ لە سەر ژیان و بارودۆخی ژنان دەبینرا . من هەوڵ دە دەم لە م وتارەدا تیشک بخەمە سەر لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ژیانی ژنان لەم چەند قۆناغەی کە ئاماژەم پێدا. لە سەردەمی نیزامی شاهەنشاهی لە ئێران دا و بە تایبەتی لە سەردمی دەسەلاتدارێتی محەمەد رەزا شا پەهلەوی کە پەیوەندی بە باسەکەی منەوە هەیە ژنان لە ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان لە باروودۆخێکی نالەباردا ژیاون، هەلبەت هەلسەنگاندنی وەزعی ژنان لە کوردوستان کارێکی ئەستەمە بەو هۆیە کە کوردوستان لە ناوچە هەژارو بێبەشەکانی ئێران بوو بە دوور لە هەر چەشنە پێداویستییە ریفاهی و پەروەردەیی‌یەک. لە و سەردەمەدا ئەگەر ٣٨ لە سەدی خوێندکارانی زانکۆ لە ژن پێکهاتبون بە دلنیاییەوە لەو رێژەیە داو لەو تەرکیبەدا هیچ باسێک لە کچانی کوردوستان بە شێوەی بەرچاو نەبووە. بەو هۆیە کە روانینی کۆمەلگەی کوردی روانینێکی تەواو سوونەتی بووە لە سەر ژنان و خوێندن بۆ کچانییان بە حەرام زانییەوە ، بە جۆرێک کە پێیان وابوە زانست بۆ ژنان دژایەتی لە گەڵ یاسای ئیسلامی هەیە و دەتووانێ کۆمەلگا بەروە و مەترسی بەرێت بە واتایەکی دیکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



داب و نەریتێک زاڵ بوو کە ڕێگای بە هیچ چەشنە گۆڕانکارییەک لە پێناو باشبوونی وەزعی ژنان نەدەدا. باس لە قۆناغێکی مێژوویی دەکەین کە ئیستبدادی کۆن جێگای خۆیدابوو بەئیستبدادی نوێ ئەگەر پێشووتر لەدەسەڵاتی ئیستبدادی بنەماڵەی قاجار دا ژنان مافی بەشداری کردن لە هەلبژاردنییان نەبوو، لە ئیستبدادی نوێشداله ڕواڵەتدا خەڵک لە هەڵبژاردن بەشداریان دەکرد، ژنان دەیانتوانی دەنگ بدەن بەڵام دەنگی کەسێک لە سندوق دەهاتە دەرەوە کە لە پێشدا دەسەڵات دەست نیشانی کردبوو تەنانەت جاری وابوو ئەو نوێنەرە نەک هەر خەڵکی شارەکە نەبوو بەڵکو خەڵکی وڵاتێکی بیانیی بوو کە خەڵک هیچ زانیارییەکی لە پێشینەو رابردووی لەبەر دەست دا نەبوو. مافی دەنگدان بۆ ژنان لە ڕێکەوتی ٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤١بە پەسەند گەیشت یاسایەک لە چوارچێوەی شۆڕشی سپیدا کە تێیدا هاتبووکە ژنان دەتووانن لە هەڵبژاردندا چ بۆ هەڵبژاردن و چ بۆخۆپاڵاوتن بەشداری بکەن و بەجۆرێک مافی هەڵبژاردنی چارەنووسی خۆیانیان پێدرا هەر لەو سەروبەندەدا خومەینی ئەو یاسایەی بە پیلانێکی پڕمەترسی وەسف کرد و لە گردبوونەوەیەکدا لە شاری قم گوتی دەوڵەت بە پێچەوانەی شەرع یاسا پەسند دەکات، مافی دەنگدان بە ژنان دەدات، नामووسی موسلمانان لە خەتەر و مەترسیدایە. کچ و کور لە باوەشی یەکتریدا کوشتی دەگرن ، کچانی پاک و بێگەرد لە مەدرەسەکان لە ژێر دەستی پیاواندا دەرس دەخوێنن. جیا لە مانە لە لایەکی دیکەشەوە لەو سەدەمەدا زەماوەندی زۆرە ملێ کارێکی تەواو باوو و ئاسایی بووە. تەلاق و جیابوونەوە بۆ ژنان ئەستەم و بۆ پیاوان زۆر ئاسان بووە هەروەها بوونی دیاردەی چەند هاوسەری بۆ پیاوان لە ئاستێکی بەرز دابووە . لەو سەردەمەدا ژنان زۆر قوڵ نەیاندەڕوانییە بارووددۆخی خۆیان ئەوان ملکەچی ئەمرو فەرمانی پیاوەکانیان بوون، عەیبە و شەرمەیان لە منداڵییەوە بە گووێی کچەکانیان دا دەچرپاند ، کچ نابێ زۆر قسە بکا کچ نابێ بە دەنگی بەرز پێبکەنێ و پرسیار بکات، کچ دەبێ بە گوێ بێت و لە قسەی براو بابی دەرنەچێ، ئەم زەخت و زۆرییە بە داخەوە لە قۆناغەکانی دیکەشدا لە کۆمەڵگای کوردی دا هەر بەردەوام بووە.

## لە سەردەمی کۆماردا

پێشەوا قازی مەحەممەد لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی حیزبێکی سیاسی بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهێنا، هەروەها لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا کۆماری کوردستانی دامەزراند، کۆماری کوردستاندەوڵەتێکی کوردی کەمتەمەن بوو کە لە سەدەی بیست دا دامەزرا وبە ڕووداوێکی گرنگی مێژووی لە مێژووی هاوچەرخی کورد دەژمێردرێت، کۆماری کوردوستان لە سەردەمیک دا دامەزرا کە ئەندێشەی پاوانخوازی پیاوسالاریدا بەرۆکی کۆمەڵگاکەمانی گرتبوو بەڵام، کۆمار و شەخسێ پێشەوا ئەندێشەیەکی نووێ بوون کە باڵیان بە سەر کۆمەڵگاکەماند کێشا. ژنان بەر لە هاتنی کۆمار و پاش لە دامەزرانی کۆمار بارووددۆخیکی جیاوازیان هەبووە لەو سەردەمەدا بە هیمەتی پێشەوا قازی محەمەد هیندێک چاکسازی بە قازانجی ژنان کرا کە تا ڕادەیەک گۆڕانکاری بۆ ژنان بە دواوە کە هەڵبەت تاڕادەیەکیش کاتی بوون بەو هۆیە کە پاس رووخانی کۆمار خەباتی ژنانلە چوارچێوەی ڕێکخراوی یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان بۆ ماوەیەک ڕاوەستان و پاشەکشەی بە خۆیەوە بینی ئەگەرچی هیچ کات چرای ئەو خەباتە بەیەکجاری نەکوژایەوەو، لە قۆناعە جیاجیاکاندائەگەر لاوازیش بووبێ دواتر پێشکەوتن و گەشانەوەشی بە خۆیەوە بینیوە . لێکۆلینەوەو خوێندنەوەی پێگەو بارووددۆخی ژنان لە و سەردەمەدا کارێکی ئاسان نییە بەوە هۆیە کە سەرچاوەگەلی زانستی و کۆمەڵایەتی کە بتوواندرێ کەلکیان لێوەرگێرێ زۆر دەگمەنن بەڵام بەو حاڵەش لە ماوەی یازدە مانگ تەمەنی پڕ لە سەروەری کۆماردا گەلێک دەسکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ کورد بە دیاری هێنا کە ژنانیش لێی بێبەش نەبوون و تاڕادەیەک هەستیان بە ئارامی و ئۆقرەیی و حەسانەوە کرد. لە و دەورانەدا بە جۆرێک مەیدانێکی تازە بۆ تێکۆشانی ژنان کرایەوەکە لەلایەک خەبات بکەن بۆ یەکسانی نێوان ژن و پیاو و لە لایەکی دیکە ش لە خەباتی نەتەوەییش دا بەشداری بکەن وژنان ڕاستەوخۆ هاتنە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. پێشەوا شێلگیرانە لە بیری چاکسازی دابوو بەڕێزیان لە بیری ئەوەدا بوون کە لە پەروەردەو کلتووری خەڵکەکەدا سەبارەت بە ژنان ڕیفۆڕم پێک بێت ژنی کورد کە تا ئەوکات لە تاریکستانی نە خوێندەواری دا دەژیا بە هۆی کلتووری سەقەتی کۆمەڵایەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




و بنەماڵەیی لە زانست بێ بەهرە بوون بە دەستووری ڕێبەرانی کۆمار بواری خوێندنیان بۆ ڕە خسا و لە ڕاگەیاندراوێک دا بەم جۆرە خەڵکیان ئاگادار کردەوە کە «بە ئەمری پێشەوای بەرزی کوردستان لە هەوەڵیساڵی تازە.. مەدرەسەی ئەکابری یایان لە جێگای مەدرەسەی کچان دامەزراوە و تا ئێستا لە حدوودی چل کەس لە کچان و ژن بۆ خوێندن لەو مەدرەسە دا نێونووسیان کردوە و هەموو رۆژێ کاتژمێر ٣ بۆ رۆژئاوا لە جێگای نێوبراو کۆ دەبنەوەو خەریکی خویندن دەبن. لەسەر هەموو کچ و ژنێکی نەخوێندەوار پێویستە لەو نعمتە گەورە ئیستیفادە بکەن. لەو سەردەمەدا بوو کە ڕێبەرانی کۆمار بیریان لە سازکردنی ڕێکخراوێک بۆ ژنان کردەوە ئەوان بۆ جەزبی ژنان و ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ لای ئەوڕێکخراوەیە لە بنەماڵەکانی خۆیانەوە دەستیان پێکرد بە جۆرێک کە پێشەوا ژن و کچی خۆی هان دەدا لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەشداری بکەن و ببن بە ئۆلگوو بۆ ژنانی دیکە ش هەر بەو پێیە لە٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ واتە٥٢ رۆژ پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان بە فەرمی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان ڕاگەیاندراو تێکۆشانی دەستی پێکرد یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە مێتۆدێکی مودێڕنەوە دامەزرا و. تووانی لە بواری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە خزمەت بەژنان بکا و پێداگیر بێ لە وەرگرتنی مافەکانی ژنان و چەسپاندنی مافەکانیان لە دەوڵەتی کۆماری کوردستان داوبۆ یەکەمین جار لە مێژووی سیاسی کوردا، ژنانی کورد بوون بە خاوەن ئۆرگانیزاسیۆنێکی دیمۆکراتو یەکسانیخواز لە نێو کۆمەڵگای کوردستان دا. لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ژناندا خاتوو عیفەتی قازی بەم جۆرە قسە بۆ ژنان دەکات کە لە ژمارە٣٧ رۆژنامەی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە ئەو خانمە دەڵێ : خانمەکان گەورە مەسەلێکی مەشهوور شێر چ نێر چ مێ. کورد خۆ بە شەهادەتی هەموو دونیایە لە هەموو کەس ئازاترە، ئەدی چۆن دەبێ بە خسووس دە دنیای ئەوڕۆ دا کە لە هەموو دەوڵەتێکی پیاو و ژن پێکەوە کاری وولاتی خۆیان ئیدارە دەکەن و بۆ ئیدارەی وولاتیش خوێندن و سەواد لازمە و هەر وەک کابانی و خانەداری و منداڵ بەخێوکردنیش. میلەتێکی ئەو نەوعە دایکانەی هەبێ ڕۆژ بە ڕۆژ دە سەرکەوتن دایە. دە جا وەن بە خۆتان و منداڵتانەوە بخوێنن. ژنان لە سەردەمی ١١ مانگەی کۆماری کوردستاندا ڕێگایان پێ دەدرا لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا بەشدار بن، ئەمەش بەو واتایە بوو کە ڕێبەرانی کۆمار باوەڕییان بە توانایی ژنان بووهەروەها ئەوان هەستییان بە پێویستی بوونی ژنان دەکرد کە شان بە شانی پیاوان وتار بدەن و لە تێکۆشانی سیاسی‌دا دەنگیان هەبێ کە ئەم ئینتمایە خاڵێکی زۆر گرینگ بوو لە سەر وەزعی ژنان لە سەردەمایەکدا کە ژنان کۆیلەی سوننەت و عورف و عاداتی دەسەڵات و کۆمەڵگا بوون، ئەوان دەرفەتی هاتنەدەرێیان پیدراو تووانییان متمانە بە خۆیان بکەن و هێز و تواناییەکانیان وەگەڕ بخەن. بۆ نموونە لە جێژنی سەربەخۆئی و ناساندنی پێشەوای کوردستان لە لایەن ئامۆژگارانی مەدرەسەی کچاندا خاتووعیسمەتی قازی کچی جەنابی پێشەوای کوردستان بەم جۆرەی قسەکردووە کە لە ژمارە٢٧ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە. یایانی گەورە، کە قەدەمو ڕەنجە کردووە و تەشریفتان هێناوە بەخێرهاتنوو حەرز دەکەم و هەمیشە دە جێژن و شادی دا بن. ئەو ڕۆژە کە خزم و برایانی مە دە جێژن و بانگهێشتن دان و خۆشی خۆشییانە کە میلەتی کوردی لە دیلی ڕزگاری بووە و بە ئازادیی گەیشتوون. ئەمەش دەبوو چەند جێژنمان گرتبا و هەموو ڕۆژێ شیرینی خواردنمان با تا هەموو دنیا تێ گەییبان کە ژنی کوردی لە پیاوان ئازادیی پێ خۆشترە. ئێستا کە لەوەی وەپاش کەوتوون پێویستە شتێکی وابکەین کە ئەمە وەپێش کەینەوە و ڕێگای وەش ئەوەیە هەرچی ژن و کچە بە وورد و درشت ڕوو دە خوێندن و مەدرەسان کەین. بژین ژنانی خوێندەوار و ئازادی کورد. جەهانبینی ڕێبەرانی کۆمار مەجالێکی زێڕین بوو بۆ گەشە و نیشاندانی لێهاتوویی . مینا خانم هاوسەری پێشەوا وەک یەکەم بەرپرسی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان دیاری کرا کە لە سەرەتا دا بە ناوی ڕێکخراوی یایان دەست بەکار بوو، خاتوو مینا ژنێکی لێهاتوو، رۆشنبیر و سیاسی بوو میناخانم توانی لە ماوەیەکی کەمدا بگاتە ئەو ئاستەی کە ڕۆڵێکی کارا بگێڕێ لە هاوکاری کردنی هاوسەرەکەی و لە ژیانی سیاسی و ئیداریشدا بەشداریی بکا ت . بڕوای ڕێبەرانی کۆمار بە یەکسانی نێوان هەر دوو ڕەگەز پڕۆژەیەک بوو کەچووە چوارچێوەی کاری سیاسی کۆماری کوردوستانەوە بۆ برەودان بە توانایی و بەهرەکانی ئەو تووێژە کۆمەڵگا کە هەر وەک ئاماژە ی پێدرا تا ئەو سەردەمە کپ کرابوو .ژنان لە کۆنفڕانسەکانی خۆیان دا سوخەنڕانییان دەکرد و باوڕیان بە خۆیان و قسەکانیان بوو لێرەدا دەقی قسەکانی خاتوو شا سوڵتانی فەتاحی قازی دێنمەوە لە کۆنفڕانسی یایان کە لە ڕۆژنامەی کوردستان ٢-ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی/ ٢٢ی ئاوریلی ١٩٤٦بڵاو بۆتەوە کە بەم جۆرە دەڵێ : خوشکەکانی خۆشەویست. ساڵها کورد لەژێر دەستی دوژمنان دا زەلیل و هەمیشە چاو لە دەست و هەناسە سارد بوون، حەتتا بە ئەندازەیەکیان زوڵم و سەختگیری لێ دەکردین کە نەمان دەتوانی بە ئاشکرایی بڵێین کوردین، ئەمما خودا روحمێکی وای بە مە کرد کە دەوڵەتی ئێران بۆمب باردمان کرا و دوژمنان لە سەر ملک و ماڵی ئێمە لاچوون و تەمی بەدبەختی لە سەر شانی کوردان ڕەوی و غەم و نەگبەتییان لە سەر خەلاس بوو.

خوشکانی خۆشەویست لە ساڵی بۆمب باردمانێوە هەتا ئەوڕۆ پێنج ساڵە. ئەڵبەتە هەمووتان ئیتیلاعوو هەیە کە پێشەوای موعەزەمی کوردستان دە عەرزی ئەو پێنج ساڵەی دا بە شەو و بە ڕۆژ خۆراک لێ هەڵگیراو بوو بۆ ئێمە، خەریکی ئەوەی بوون کە برایان و خوشکانی خۆی لە ژێر دەستی زاڵمان بێنێتە دەرێ . لە سایەی هیممەتی خودایەوە و زەحمەتی پێشەوای موعەزەمی کوردان لەو زەلالەتە ڕزگارییان هات و ڕۆژی ڕەشیان وە رووناکی کەوت. ئەلعانەکە هەرچەند بەدەور و پشتی خۆمانەوە دەڕوانین هیچ ڕۆژێکیان لەو ڕۆژەی خۆشتر چاو پێ نەکەوتووە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که دەبینین ئاڵای موقەدەسی کوردان لە ئاسمانێ دەلارێتەوە و کوردستانی گەورە بە ئازادی و سەربەخۆیی زیندەگانی دەکا و هیچ مەنزەرێکوو خۆشتر و جوانتر چاو پێ کەوتووە کە هەموو ڕۆژێ پێشمەرگەی ڕەشیدی کورد هەزار هەزار لەو سەر تا ئەو سەری خیابانێ سەف دەکێشن. خوشکەکانی خۆشەویست دەزانن ئەو هەموو خۆشی وبەشارەتە لە ژێر سایەی چییەوەیە، ئەوە لە ژێر سایەی سێبەری پێشەوای موعەزەم دا بەو ڕۆژە گەیشتوون. ئەلعانیش کە خودا ئەو ڕوحمەی بە ئێنگۆ کردووە تەمەناو لێ دەکەم نابێ هیچ وەخت لە ئەولادانی خۆتان غافڵ بن، ئەڵبەتە هەموو دەزانن کە ڕاگرتنی وەتەن بە خوێندن و تەعلیم و تەربییەت دەبێ و ئەولادانی خۆتان ناز پەروەر فێر مەکەن ، چون دونیا جێگای لێ قەوماو نییە و دونیا جێگەی تەنبەڵی و بێکاران نییە هەتا وەختێکی خودای نەخواستە لێیان قەوما بتوانن دەست بکەنەوە، لە بەر وەتەنی خۆیان روحی خۆیان فیدا بکەن و دوژمن بە سەر ئەوان دا غاڵب نەبێ و تەماع دە ماڵ و نامووسی وان نەتوانێ بکا.

## هەڵکراو بێ هەتا ئەبەد پەرچەمی موقەدەسی کوردستان

بەرقەرار و پایەدار بێ پێشەوای موعەزەم

به گشتی دەتوانیین بڵێین کە لە و سەردەمەدا ئەم کارانە بۆ بەرژەوە ندی ژنی کورد کران.

١- پەرەپێدانی توانای ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی.

٢- سوود وەرگرتن لە تواناکانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

٣- هاتنە دەرەوەی ژنان و کچان بەرەو ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان ورێگەخۆشکردن بۆ کارکردن لە پێناو یەکسانی ژن و پیاو و دەرچوونی ژن لە قەفەزی دیلی کۆمەڵگا دا.

٤- کارکردن لە پێناو نەهێشتن و بنەبڕکردنی توندوتیژی جەستەی وئامۆژگاری کردنی پیاوان و چارەسەرکردنی کێشەکان وەک دەگێردرێتەوە لە لایەن شەخسی پێشەوا قازی محەمەدەوە.

بەدوای نەمانی کۆمارو ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیو سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران تا ئێستاکە.

له دوای نه مانی کۆماری کوردستان له مەهابادبەکردەوەهەمووشتێک گۆڕانی بەسەرداهات بەڵام و بەردەوام بوونی هزری ئازادی و سەربەخۆیی هەرلە هەست و ناخی تاکی کورد دا مایەوەو، ژنانیش ڕۆڵێکی مەزنیان دیت و بە کردەوە بەشداریی ڕووداوەکانین کرد، هەنگاویان بۆ ئازادی و یەکسانی هەڵێناوو مێژوش شاهیدە کە خەباتی ژنان هیچی کەمتر نەبوە لە خەباتی پیاوان و وەک پێشمەرگە بەشداری بەرەکانی شەڕیان کردوە و هەبوونی ژنان و کچانی ڕیزەکانی خەباتی چەکداری وتا هەنووکە ئەم ڕاستیە بە بەڵگەوە دەسەلمێنن ژنان لە ڕێپیوانەکانی دژی رژێمی پەهلەویدا وێڕای پیاوان بۆ وەدیهێنانی ویست و خواستەکانیان بەشدارییان کرد. ئەوان لە چاورچێوەی ماڵەکانیان هاتنە دەرێ و دژی زوڵم و نابەرابەری بە زیهنییەتێکی ناسیۆنالیستییەوە ڕاوەستان ناسیۆنالیزم بەڵام پاش ڕووخانی دەسەڵاتی محەمە د ڕەزا شا و هاتنی نیزامی کۆماری ئیسلامی بارودۆخی ژنان چی بە سەرهات؟ ئایا ژنان بە گشتی و ژنانی کورد بە تایبەتی لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا لە چەوسانەوە و ژێر دەستەبوون ڕزگاریان بوو؟ خەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ ژنان لە کۆمەڵگادا هەژاری، برسێتی، بەردباران، ئێعدام زیندان، لەشفرۆشی، ئەشکەنجە، زوڵمی مەزهەبی، هەلاواردن و ئاپارتاید، جیاوازیی نەتەوایەتی و سەرکوت و خەفەقان بوو. ئەمە بارودۆخی ژنانی ئێران بوو پاش هاتنە سەرکای نیزامی ئیسلامی کە تا ئێستاس هەر بەردەوامە و ژنانی کوردیش بەهەمان شێوەن و ئەو خاڵانەی کە ئاماژەی پێدرا ڕاستەوخۆ لە سەر ئەوانیش تەعبیر و پێناسە دەکرێت و بە هۆی ژێر دەستە بوونی گەلی کورد لە ڕووی نەتەوەیی و سیاسییەوە زووڵمێک کە لە ژنی کورد دەکرێت هەموو کات خەسارەکان لە سەر ژنانی کورد دووبەرابەر بووە. بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە کێشەکانی ژنان کێشەی سەرەکیی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە و هەتا ئەو کێشانەش چارەسەر نەکرێن ناتوانین باس لە ئازادیی کۆمەڵگا بکەین، جیا لە مانەش دەزانین کە زۆربەی هەرە زۆری نەهامەتییەکانی ئێمەی ژن هەر لە بناغەوە بە هۆی سیستمی زاڵی کۆمەڵگاوە واتە سیستمی پیاوسالارو سەرەڕۆوە خولڨاون. ئەگەر سەیری ئێستا و ڕابردووی خۆمان بکەین دەبینین کە ڕێژەی تاوان، کوشتن، دەستدرێژی و توندوتیژی، خۆسوتاندن، لەشفرۆشی، خەتەنەکردن و ئیعتیاد بە مادە هۆشبەرەکان و بە دەیان خەساری دیکە بەردەوام ڕوولە زیاد بوون دایە و برینەکان نەک بە گوێرەی پێویست سارێژ نابنەوە بەڵکوو قووڵ و قووڵتر دەبنەوە . دەرەنجامەکان و ئەو باس و خواستانەی کە لە سەر دۆزی ژن دەکرێ کەم و زۆر سەرنجی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و خاڵی سەرەکیی کێشەکان دۆزراوەتەوە. لێرەدا دەمەوەێ باس لەو تەوەرە بکەم کە بۆ باش بوونی ئەم بارودۆخە و کردنەوەی گرێ کوێرەکان پێویستە چی بکرێ و ئەگەر پرسێک بە ناوی بزووتنەوەی ژنی کورد لە ئارا دایە چەندە خواست و چاوەڕوانیەکانی ژنانی بە ئەنجام گەیاندوە. بە هۆی خەفەقانی سیاسی و فەزای پۆلیسی لە کوردستان دا، دەور گێڕانی چالاکانی ژنان زۆر ئەستەمە. هەر بۆیە بە باوڕم میکانیزمی بەردەوامیو کۆڵنەدان پێویستە و کەسایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی ژنان ئەگەر بێت و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا چالاکی بنوێنن دەرفەتی هەڵسووڕانیان باشتر بۆ دەڕەخسێ، هەڵبەت لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و بە ژنانی ڕیزەکانی ئەحزاب و بزووتنەوە ناسیۆنالیستیەکانیشەوە، بەواتایەکی ترئەگەر حیزبەکانی کوردستان نەیانتوانیوە لە دەوری ستراتیژیەکی هاوبەشی کوردستانی و لەژێر چەترێکی هاوپەیمانی دا کۆ ببنەوە ئەوە ژنی کوردە دەبێت پێشەنگ وهاندەر و ڕێگەخۆشکەری هاودەنگی بێت. . حاشا لەوە ناکری کەچالاکانی مەدەنی و کەسانی غەم خۆر و دڵسۆز چ بە تاک و چ بە کۆ هەن و کار دەکەن و تا ڕادەیەک داواکانیان بەرز دەکەنەوە. هەڵسوراوانی ژن و بزووتنەوەی ژنان پێویستە نەریتی کاری هاوبەش و هاودەنگ بوونیان لەسەر خاڵە هاوبەشەکان پتر لە ڕابردوو بێت و بە یەکرِیزی کەلێن و بۆشاییەکانی نێوان خۆیان پڕ بکەنەوەو رەوشێکی تازە بگرنەبەر . دیارە کە بۆ هەموو ئەمانەش هەر وەک ئاماژەم پێدا سەبر و بەردەوامی پیویستە بەو هۆیەکە لەو ڕێگایەدا هەر وەک تا ئێستاش دیتراوە چالاکانی ژن لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەگەڵ سەرکوت و گوشارێکی زۆر بەرەوڕوو بوونەتەوە و زۆر جاران ڕاپێچی بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی کراون. زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاریەوە تا ئێستاکە بەردەوامە و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کۆماری ئیسلامی بڕوای بە یەکسانیی ژن وپیاو نییە و هەرگیز دانی بە مافەکانی ژن دا نەهێناوەوهەمووکات هەوڵی پەراوێز خستنی ژنانی داوەو وتا ئێستاش بڕیارەکانی کۆنوانسیۆنی جیهانی دژ بە چەوسانەوەی ژنانی ئیمزا نەکردوە . کەواتە لە وەها بارودۆخێکدا بوونی ژنانی ئازادیخواز و فیمینیست و بە ورە و یەکدەنگ و بە دوور لە پەرتەوازەیی لە بەرانبەر ئاستەنگەکاندا ئەمرێکی پێویستە. لە کۆتایی دا جەخت لە سەر ئەمە دەکەمەوەکە بە هاودەنگیەوە ژنان دەتوانن ڕۆڵیکی کاریگەرتریان هەبێت و بێ گومان ئەمەش لە بەرژەوەندی خەبات و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی دایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنانی پێشمەرگەو خەباتی نەتەوەیی‌و یەکسانیخوازانە

**کوێستان فتوحی**

**پارێزگای وێست ئاگدەری نۆرویژ بە هاوکاریی سەنتەرو ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی ئەم پارێزگایە، بە بۆنەی ١٠٠ ساڵەی دابین‌بوونی مافی دەنگدان بۆ ژنانی نۆرویژ، زنجیرەیەک کۆنفرانس‌و چالاکیی کەلتووریی لە سەرەتای سێپتامبری ئەمساڵدا بەڕێوە برد.**

**کوێستان فتوحی، لە سەر پێشنیاری کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکی کورد لە نۆرویژو ئورووپا بۆ بەشداری لەم کۆنفرانسەو چەندین بەرنامەو چالاکیی دیکەدا بانگهێشت کردبوو. بەڵام بەو هۆیەوە کە نەیتوانی ڕاستەوخۆ لەو کۆنفرانسەو بەرنامەکانی دیکەدا بەشدار بێ، لە ڕێگای وتارێکی ڤیدئۆیی‌یەوە، باسێکی لە بارەی خەباتو تێکۆشانی ژنانی پێشمەرگەی کوردستان، پێشکەشی بەشدارنی ئەم کۆنفڕانسە کرد. ڕێکخەرانی کۆنفڕانسەکە، وێڕای بەداخبوون لە نەهاتنی ئەم میوانەیان لە کوردستانەوە، ئاماژە بە خەباتو تێکۆسانی چەندین ساڵەی ئەم ژنە پێشمەرگەیە لە مەیدانی خەباتی یەکسانیخوازانەدا، وێڕای بڵاوکردنەوەی کورتەیەک لە دەقی کوردیی وتارەویدئۆییەکە بە دەنگی کوێستان فتوحی، وەرگێڕدراوی نۆرویژی وتارەکەی ناوبراویان بەهۆی خاتوو خونچە محەممەدی، پێشکەشی ئامادەبووان کرد. ئەمەی خوارەوە دەقی وتارەکەیە:**

## بەڕێزان سڵاو!

لە کوردستانەوە لە گەڵتان دەدوێم و ژنێکی کوردم. کوردستان، وڵاتێکی پارچەپارچەکراوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەو کورد نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆنی‌یە کە وڵاتانی تورکیە، ئێران، عێراق‌و سووریە بە سەر خۆیان‌دا دابەشیان کردوە. دەتوانم بڵێم گەورەترین نەتەوەی بێ‌دەوڵەتی ئەم رۆژگارەین. ئەم وڵاتدابەشکراوی‌و بندەستی‌یە نەتەوەیی‌یە، ستەمێکی دیکەشی خستۆتە سەر ئەو ستەم‌و هەڵاواردنانەی ژنان لە کۆمەڵگە پیاوسالارو دواکەوتووەکان‌دا لە گەڵی بەرەوڕوون، ئەویش ستەمی نەتەوەیی‌یە. دەمەوێ هەر لەم دەلاقەیەوە خۆتان پێ‌بناسێنم‌و باس لە مەینەتی‌و بێ‌بەشی‌یەکان‌و هەر لەو کاتەدا باس لە خەباتو تێکۆشانی ژنانی کوردستان بکەم.

ئەمن کوێستان فتووحیم‌و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم، ئەو پارچەیەی کوردستان، کە زۆر جار بە کوردستانی ئێران ناو دەبرێ. لە کوردستان حیزب‌و ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆر هەن. ژمارەیەک لەوان شان‌بەشانی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی‌یەکان، گرنگی بە پرسە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و یەک لەوان پرسی ژنان دەدەن. حیزبی دیموکڕاتی کوردستان یەک لەو حیزبانەیە. ئەمن‌و خوشکێکم کە لە خۆم گەورەترە، لە سەرەتادا بە شێوەی نهێنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری خەباتگێڕانەمان دەکرد، بەڵام کاتێک هەستمان کرد لە ژێر چاوەدێری‌داین‌و مەترسیی گیرانمان لە لایەن دامودەزگای جاسووسی‌و سەرکوتی ڕێژیمی ئێرانەوە لە سەرە، چووینە ڕیزی پێشمەرگەکان. لە ساڵی١٩٨٦ەوە کە تەمەنم ١٨ ساڵ بوو، هەتا ئێستا واتە ماوەی ٢٧ساڵە، پێشمەرگایەتیم وەک ڕێگایەک بۆ خەباتو بەربەرەکانی لە گەڵ هەر دوو ستەمی نەتەوەیی‌و جینسی هەڵ بژاردوە.

حەز دەکەم واتای «پێشمەرگە» بۆ ئێوە باس بکەم. لە نێو نەتەوەی کورددا، ئەو کەسانەی ئامادەن ژیان‌و گیانی خۆیان فیدای ئازادی‌و بەختیاریی مرۆڤەکانی دیکە بکەن، پێیان دەگوترێ پێشمەرگە. ئەو ژنانەی لە بزووتنەوەی رزگاری‌خوازانەی کوردستان‌دا بوون بە پێشمەرگەو لە باری هاتنەنێوکاری سیاسی‌و خەباتگێڕانەو چالاکیی کۆمەڵایەتی‌و مرۆڤدۆستانەوە، پێشەنگن ، بە مانای واقیعی پێشمەرگەن. چونکە مەسەلەکە بۆ ئەوان، هەر تەنیا، ڕووبەرووبوون لە گەڵ مەترسیی شەڕو گیان‌لەدەستدان بە هۆی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە نیە، ڕووبەڕووبوون لە گەڵ بیرکردنەوەو ڕوانینی دواکەوتووانەی کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریشە. ئەمنیش وەک ژنانی پێشمەرگەی دیکە، لە لایەکەوە دەبوا ئەرکی ڕۆتینی پێشمەرگانەی خۆم کە داکۆکی لە خەڵکی کوردستان‌و بەرگری لە خۆم‌و هاوڕێیانم لە کاتی هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا بوو بەڕێوە ببەم، لە لایەکی دیکە لە ئەرکی پێشەنگانەی خۆم وەک ژنێک‌و وەک داواکارێکی یەکسانیی ژن‌و پیاو غافڵ نەبم.

ئەو کات کە بووم بە پێشمەرگە، شارەکان لە لایەن هێزە نیزامی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، کۆنترۆڵ دەکران. هەر بۆیە هەڵسووڕان‌و چالاکیی هێزەکانی پێشمەرگە، بە زۆری لە دەرەوەی شارەکان‌و لە نێو خەڵکی گوندنشین‌دا بوو. ئێمە ژنانی پێشمەرگە لە نێو ژنانی لادێ‌دا، زۆر ئەرک هەبوو کە دەبووا جێبەجێیان بکەین. بەو هۆیەوە کە کوردستان، لە لایەن ڕێژیمە زۆردارەکانەوە، بە ئەنقەست لە دواکەوتوویی ئابووری‌و کولتووری‌و کۆمەڵایەتی‌دا ڕاگیراوە، بە داخەوە ژنان‌و کچان بە تایبەتی لە گوندەکان هەتا ئێستاش لە هەلومەرجێکی زۆر خراپ‌دا دەژین. هەر بۆیە ئێمە لە چەند بواردا دەبووا کار بکەین. لە باری






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لەشساغیو دەرمانییەوە، پێویست بوو بەو ئیمکاناتە کەمەی هەمانە، ڕێنوێنیو هاوکاریی ژنان بکەین. فێریان بکەین لە کاتی سووڕی مانگانەو لە کاتی دووگیانیدا، چۆن تەندروستیی خۆیان بپارێزن. بە داخەوە هەتا ئێستاش زۆر لە گوندەکانی کوردستان، بنکەو ناوەندی دەرمانیو لەشساغییان لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ دابین نەکراوە. ژنان هەروا لە ئیمکاناتی وەک پێشگیری لە منداڵبوون بێبەشن. ٢٠-٣٠ ساڵ لەمەوبەر بارودۆخەکە زۆر خراپتریش بوو. ئێمە پێشتر لە بنکە دەرمانییەکانو نەخۆشخانەکانی شۆڕشدا، بۆ ئەم جۆرە هاوکاریو ڕێنوێنییانە، هێندێک ئامووزش درابووین. بەڵام ئەوەندە هاوکاریو ڕێنوێنییەی لە دەست ئێمە دەهات، زۆر کەم بوو و تەنیا ئەو گوندانەی دەگرتەوە کە هێزی پێشمەرگە هاتوچۆی دەکردن.

لە بواری کۆمەڵایەتیو کولتوورییشدا، پێویست بوو لە نێو ژنانو لە نێو بنەماڵەکاندا کار بکەین. ئەو کاتە زۆر دابو نەریت لە نێو خەڵکدا هەبوون کە بە زیانی ژنان بوون. دیارە ئێستاش، ئەگەرچی کەمتر بوون، بەداخەوە لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا هەر ماون. خەتەنەکردنی کچان، ئەویش بە شێوەیەکی زۆر بێبەزەییانەو بە ناتەندروستترین کەلوپەلو تیکنیکەکان، بەزۆربەشوودان، هەڵاواردن بە دژی کچانو ژنان بە تایبەتی لە بواری خوێندندا، لەو دیاردانە بوون. ئێمە هاندەری دایکەکان بووین کە کچەکانیان خەتەنە نەکەنو لە مەترسییەکانی ئەو کردەوەیە ئاگادارمان دەکردنەوە. داوامان لە دایکو بابەکان دەکرد کە کچەکانیشیان بنێنە بەر خوێندن. لە بەشێک لە گوندەکاندا کە ئازاد بوونو هێزی پێشمەرگە دەیپاراستن، هیزە سیاسییەکانی کوردستان، قوتابخانەیان کردبۆوەو کتێبی خوێندنو مامۆستایان بۆ منداڵانو تەنانەت گەورە ساڵان دابین کردبوو. ژمارەکی زۆر لە ژنانی پێشمەرگە، وەک مامۆستا لەو قوتابخانانەدا، دەرسیان دەگوتەوە. ئێمە ژنانی پێشمەرگە، هەروەها لەبارەی خراپییەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە کچانو ژنان، لە گوندەکاندا کۆڕو کۆبوونەوەمان پێک دێنا. تەنانەت بەدواداچوونمان دەکردو ئەو کەسانەی تاوان یان کردەوەی زۆر توندوتیژ بەرامبەر بە هاوسەرو کچی خۆیان ئەنجام دەدا بە هێزی پێشمەرگەمان دەناساندن بۆ ئەوەی لە لایەن دامەزراوەکانی بزووتنەوەی کوردستانەوە، لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ بکرێ. باسی ئاکامە خراپەکانی بە زۆربەشوودانی کچانمان بۆ خەڵک دەکرد. بەشێک لە کاتی خۆمان تەرخان کردبوو بۆ سکاڵای ئەو کچ و ژنانەی لە بنەماڵەدا لە گەڵ ستەمو بەدڕەفتاری بەرەوڕوو دەبوونو ڕێنوێنیمان دەکردن. لە ڕاستیدا ژنانو کچانی گوندەکان، کە هێزی پێشمەرگەو بە تایبەتی ژنانی پێشمەرگەیان دەدیت دەگەشانەوە. چونکە ئەوانیان بە پشتیوانی خۆیان دەزانی کە لە بەرامبەر ستەمو هەڵاواردندا داکۆکییان لێدەکەن.

لە پەنا ئەو کارانەشدا، پێویست بوو ژنان بە مافەکانی خۆیان ئاشنا بکەینو باس لە پێویستیی یەکسانیی ژنو پیاو لە خێزانو کۆمەڵگایاندا بۆ بکەین. ئەگەر ئێمەی ژنانی پێشمەرگە لەو پرسە غافڵ بوایەینو گرنگیمان بە کێشەو گرفتەکانی ژنان لە کۆمەڵگەدا نەدابایە، هیچ جیاوازییەکمان لە گەڵ پیاوێکی پێشمەرگە نەدەبوو. لە ڕاستیدا بزووتنەوەیەکی نەتەوەییو ڕزگاریخوازانە، ئەگەر پرسی ژنانو ماف و ئازادییەکانی ئەوان پشتگوێ بخاو تەنیا، لابردنی ستەمو زۆرداریی سیاسی لە سەر نەتەوەکەی خۆی، بکا بە ئامانج، تووشی کەموکوڕیو لاوازییەکی گەورە دەبێ. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، تا ڕادەیەک ئەم ڕاستییە تێگەیشتوونو لە بەرنامەی خۆیاندا بایەخیان بە مەسەلەی ژنان داوە. بەڵام هەر گرنگیدان بە ژنان لە بەرنامەو پەسەندکراوەکاندا بۆ ئەوەی، ژنان ڕۆڵی چالاکانەیان لە خەباتی نەتەوەکەیاندا هەبێ بەس نیە. دەبێ کاری عەمەلیو ڕەوشەنگەرانە لە نێو کۆمەڵگە بەگشتیو بە تایبەتی لەنێو ژناندا بکرێ.

لە کوردستان ئەگەر لەو بارەیەوە، واتە کار لە نیو ژناندا، تا ڕادەیەک پێشکەوتنو بەرەوپێشچوون هەبووە، دەبێ سوپاسی دوو دەستە لە مرۆڤەکان بکەین. یەکەمیان پیاوانی سیاسیی دیموکراتو ڕووناکبیر لەنێو بزووتنەوەی کورددا، کە بۆ خۆیان پێشەنگ بوونو بوون بە ئۆلگوو بۆ تێکۆشەرانی نەتەوەکەیان. پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان لە ١٩٤٦دا یەک لەو کەسایەتییانە بوو کە پێش هەموو کەس هاوسەرەکەی خۆی (مینا خانم)ی هاندا بێتە نێو چالاکیی سیاسیو کۆمەڵایەتی. هەروەها، وەک سەرکۆمارێک پێشنیاری دامەزرانی ڕێکخراوی بۆ ژنانی کوردستان کرد. کەسایەتییەکی دیکە کە لەم بارەیەوە کاریگەریی زۆری لە سەر خەباتکارانی نەتەوەکەی هەبوو، د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو بوو کە لە دەیەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




٧٠ و هەشتای زایینیدا، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی ڕیبەرایەتی دەکرد. د.قاسملوو، بایەخی زۆری بە پێویستیی بەشداریی ژنان لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەدا.

دەستەی دووهەم لە مرۆڤەکان کە لەم بارەوەیە کاریگەرییان هەبووە، ئەو ژنانە بوون کە لە ڕیزی پێشمەرگەو لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا تێکۆشانیان هەیە. ئەوان لە نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، هەمیشە وەک ڕەخنەگرو وەک هێزێکی گوشار، لە دژی کەمتەرخەمی بەرامبەر بە پرسی ژنان لە کۆمەڵگەو تەنانەت لە نیو حیزبەکانیاندا، دەنگی ڕەخنەو نارەزاتییان بەرز کردوەتەوە. کاریگەریی ئەم دوو دەستەیە لە مرۆڤەکانو لە لایەکی دیکەوە، بەرزبوونەوەی وشیاریی ژنان لە نێو کۆمەڵگە و پێداگرییان لە سەر مافەکانیان، بووە بە هۆی ئەوە ئێستا لە ڕێبەریی ژمارەیەک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، ڕێژەیەک لە ژنان دەبینرێن. ئەم ڕیژەیە ئەگەر چی زۆر کەمە، بەڵام بە بەراورد لە گەڵ رابردوو، دەبێ وەک دەسکەوتێک سەیری بکرێ. ئەمنو کۆمەڵێک ژنی دیکە زیاتر لە پێنج ساڵە لە ڕێبەریی حیزبێکی سیاسیی گەورەی کوردستاندایین. جگە لەوەش بە هاوکاریو پشتیوانیی پیاوانی یەکسانیخواز، توانیومانە کۆمەڵیک پرەنسیپ بە قازانجی ژنان لە بەرنامەو تێکۆشانی حیزبەکەی خۆماندا جێگیر بکەین.

## بەڕێزانی بەشدار لەم کۆنفرانسەدا!

دەمەوێ باسی بوارێکی دیکەی تێکۆشانی خۆمو ژنانی پێشمەرگەی وەک خۆمتان بۆ بکەم، بواری ڕاگەیاندن. ئەو ژنانەی لە ڕیزەکانی پێشەوەی بزووتنەوەی نەتەوەییو ئازادیخوازانەی کوردستاندا، وەک پێشمەرگە بەشدارن، لە ڕاگەیاندنی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا، نەخشیان هەیە. ئەوان هەوڵیان داوە ئەم بوارە هەر تەنیا بۆ گرنگیدان بە پرسی سیاسیو نەتەوەیی بە کار نەهێنرێو بۆ داکۆکیکردن لە مافو ئازادییەکانی ژنانو بردنەپێشی ئەو پرسە ڕەوایەش بە کار بهێنرێ. ئەمنو ژنانی هاوکارو هاوخەباتم توانیومانە بە وەڕێخستنی گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەت بە ژنان، بە پێکهێنانی بەرنامەی رادیۆییو تەلەڤیزیۆنی، بە دامەزراندنی وێبلۆگو ماڵپەڕی ژنان، ئیمکاناتی راگەیاندنی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو بزووتنەوەی کوردستان، بۆ داکۆکی لە ژنان بە کار بێنین. ئەمن لەو بڕوایەدام، لە هەر کۆمەڵگەو ولاتێک کە خەباتێکی ڕەواو بزووتنەوەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە گۆڕێدایەو ژنانیش تێیدا بەشدارن، ژنان دەبێ هەم لە ناوەندەکانی بڕیاردانو هەم لە راگەیاندنو تریبوونەکانی ئەو خەباتو بزووتنەوانەدا، پشکو ڕۆڵی دیاریان هەبێ بۆ ئەوەی لەو شوێنە گرنگانە، ژنان پشتگوێ نەخرێن. بە سەرنجدان بەو راستییەشە کە بۆ خۆم وێڕای بەشداریی چالاکانە لە کۆمەڵێک ڕاگەیاندندا، ماوەی چەند ساڵە سەرنووسەریی، ڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانم گرتۆتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی لەو سەنگەرەوە داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتیو مافی ژنانی کوردستان بە تایبەتی بکەم.

دیارە لە کوردستان چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراو و ناوەندی تایبەت بە ژنان هەن کە هێندێکیان سەربەخۆو هێندێکیان سەر بە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانن. دەبێ پێتان بڵێم کە چەند ساڵێکە ژنانی پێشەنگو پیاوانی یەکسانیخواز لە کوردستان، سەرەڕای جیاوازیی ڕێکخراوەییو بیرو بۆچوونی سیاسی، لە گەڵ یەکتر لە پێوەندیدان، کۆڕوکۆبوونەوەو کەمپەینو کۆنفرانسی تایبەت بە ژنان بەڕێوە دەبەن. بە هاودەنگی، ڕەخنەو نارەزایەتییەکانیان دژی ستەمو هەلاواردنو توندوتیژی دژی ژنان رادەگەیەنن. بە باوەڕی من، لە هەر کۆمەڵگایەکو تەنانەت لە ئاستی ناوچەییو جیهانیدا، ژنان سەرەڕای جیاوازیی نەتەوەو وڵاتو زمانو ئایینو ڕەنگی پێست، پێویستە بۆ پرس و ئامانجە هاوبەشەکانیان، هاوخەبات و هاوکاری یەکتر بن. پێویستە ئەزموونەکانیان لە گەڵ یەکتر بگۆڕنەوەو کێشەی ژنانی کۆمەڵگەو وڵاتێکی دیکەو شکانو سەرکەوتنی ئەوان بە هی خۆیان بزانن.

## بەڕێزان!

تا ئێرە باسی ئەو ژنانەم بۆ کردن کە لە چیاکانی کوردستانو لە ڕیزی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییە خەباتکارەکانی کوردستاندا وەک پێشمەرگە تێکۆشانیان هەیە. دەمەوێ ئەگەر بە کورتییش بووە، باسی ژنانێکی دیکەتان بۆ بکەم کە لە نیوخۆی کوردستان، لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆر و دژەژنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چالاکی دەکەن. ژنانێک کە خەباتی مەدەنی دەکەن بۆ ئەوەی دەنگی ناڕەزایەتی دژی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێڕان کە پڕن لە هەڵاواردن بەرامبەر ژنان، بەرز بکەنەوە. ئەوان لە ڕێگای خەباتی هێمنانەوە، داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، تیشک دەخەنە سەر هۆیەکانو چەندو چۆنی توندوتیژی دژی ژنان، پارێزگاری لە ژینگە دەکەن، یان یارمەتیی ئەو ژنانە دەدەن کە تووشی ماددە سڕکەرەکان بوون. ژنانێکیش هەن لە سەر دیاردەکانی وەک خۆکوشتنی ژنان، ڕاکردنی کچانو ژنان لە ماڵەوە، لەشفرۆشی، نەخۆشیی ئایدز، کار دەکەن. بە داخەوە ژمارەیەک لەو ژنانە، لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە سەر کارەکانیان وەلانراون، یان تووشی بەندیخانەو ئازارو ئەشکەنجە بوون. ئەمن پێمخۆشە ئەو جۆرە ژنانەش هەر وەک پێشمەرگە ناو بەرم. چونکە ئەوانیش ئامادە بوون، لە پێناوی ئازادی و بەختیاریی مرۆڤەکانی دیکەو لە پێناوی دادپەروەری، دیمۆکراسیو مافی مرۆڤدا قوربانی بدەن.

ژنانی نورویژیو ژنانی میوان لە نەتەوەو وڵاتانی جۆراوجۆرەوە!

پیرۆزبایی ئەم کۆبوونەوە گەورەیەتان لێدەکەم کە بە بۆنەی ١٠٠ساڵەی بە دەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنانی نۆرویژ پێک هاتوە. سپاسی شارەوانیی پارێزگەی ئوستئاگدەرو سەنتەری یەکسانیخوازو ڕێکخراوی یوئێن دەکەم بۆ پێکهێنانی دەرفەتی کۆبوونەوەو پێکئاشنابوونی ژنانی چالاکو پێشەنگی نۆرویژو نەتەوەو وڵاتانی جیاواز. هەروەها سوپاسو پێزانینی زۆر بۆ هەموو ئەوانەی زەحمەتی زۆریان کێشا ئەمن لەو یادە خۆشو گرنگەدا بەشدار بم. هەرچەند بەداخەوە نەمتوانی لەنزیکەوە بەشداری بکەم.

هیوادارم وڵاتی نۆرویژ هەر وەک لە دابینکردنی مافەکانی ژناندا پێشەنگ بووە، لە بواری پشتیوانی لە خەباتی ژنان لە وڵاتانی دیکەشدا پێشەنگو بەردەوام بێ.

ئاواتم هاوپێوەندیی زیاتری ژنانی جیهانو بەرەوپێشچوونی خەباتی یەکسانیخوازانەی ئەوانە.

**کوێستان فتووحی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قەبووڵکردنی توندوتیژی دژی ژنان و چەند هۆکارێک



ن: گەلاوێژ پەیرەوان

هەر کە باس لە توندوتیژی دژ بە ژنان دەکرێ، ڕاستەوخۆ ژن خۆی بە تاوانباری ئەسڵی لە قەڵەم دەدرێ. لە حاڵێکدا ئەوە پیاوان کە توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان ئەنجام دەدەن.

وەڵامیشیان (پاساویش) بۆ ئەم تاوانە، ئەوەیە کە دەڵێن:

ئەگەر ژن بۆ خۆی قەبووڵی ئەو دیاردەیە نەکاو بەرەنگاری بێتەوە، کە لە لایەن پیاوانەوە بەرانبەریان دەکرێ، ئەوا پیاوانیش ناتوانن لەم کارە قێزەونەیان بەردەوام بن و سنورێک بۆ ئەو کارەیان دادەنێن.

بەڵێ ڕاستە، نابێ ژن چیدی لە بەرانبەر ئەو توندوتیژیانەی بەرانبەر دەکرێ بێدەنگ و سەر کز بێ. چونکە ژنیش مرۆڤە و خاوەنی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەیە کە لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دا هاتوە.

کەواتە نابێ هیچ کەس و لایەنێ لە ژێر هیچ چەشنە پاساوێک دا زیان و ئازاری جەستەیی و دەروونی پێ بگەیەنێ.

بە دڵنیاییشەوە هەرگیز ژنان حەز بە توندوتیژی و بێحورمەتی بە خۆیان و کەسایەتییان ناکەن، کە دەبێتە هۆی رووخانی ناخیان و هەستی خۆ بەکەم زانینیان.

هەر وەک دەبینی ئاژەڵ بە ئاژەڵی خۆی لە کاتی ئازاردانی دا دژکردەوە لە خۆی نیشان دەدا.

ئیتر ژن کە خاوەنی ئەقڵ و شعورێکی فراوانە بۆ تەحەمولّی وەها دیاردەیەکی دزێو دەکا؛ داخوا ئەو هۆکار و فاکتەرانە چین کە وا لە ژن دەکا، تەقەبولی وەها دیاردەیەکی نامرۆڤانە بکا؟ ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی ورد و دەقیق هەموو لایەنەکانی ئەم دیاردەیە شی بکەینەوە، بێگومان کاتێکی تایبەت و کەسانی شارەزای پێویستە تاکوو بە وردی لە هەموو ئەو هۆکارانە بکۆڵنەوە و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە.

لێرەدا من ئاماژە بە چەند هۆکارێک وەک نموونە دەکەم:

هۆکاری «پەروەردەی خێزانی»

بەو پێیە کە خێزان یەکەی کۆمەڵگایە و منداڵ تێیدا چاو بۆ ژیان دەکاتەوە و سەرەتای پەروەردەیشی هەر لەو خێزانەدا دەست پێ دەکا، بێگومان کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێ لە سەر پەروەردە و دروست بوونی کەسایەتییەکەیشی.

تێروانینی خێزان بۆ تاکەکان لە نێر و مێ و یان بۆ کوڕ و کچ، کە تێروانینێکی جیاوازە و کاریگەری هەیە لە سەر جۆری پەروەردەکەیان.

هەر وەک دەبینین جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە بەینی منداڵی کوڕ و کچ دا، کوڕ خاوەنی گشت دەسەڵاتیکی رەهایە لە نێو خێزاندا، واتە کوڕ لە نێو خێزاندا رێز و شکۆیەکی تایبەتی هەیە لە بەرانبەر کچ دا، کوڕ بۆی هەیە بە کەیفی خۆی شتەکانی دەورووبەری تاقی بکاتەوە و بڕیار لە سەر هەندێ شت بدا، هەتا لە سەر چارەنووسی خوشکەکەشی. واتە برا بۆی هەیە لە سەرچونە دەرەوەو شێوەی لیباس لەبەرکردن و رفیقایەتی خوشکەکەی لەگەڵ کچانی دیکە، کە مافێکی سادە و سەرەتایی کچە و تا دەگاتە ئەوەی بڕیار لە سەر ژیانی هاوبەشیشی دەدا.

بەو هۆیە کوڕ بە پشت و پەنای باوکی و جێگرەوەی دادەنرێ هەر بۆیە وا پەروەردە دەکرێ کە مووبەموو لە رێچکەی باب و باپیرانی لانەدا و پەیرەوی یاساکانی ئەوان بکا.

کوڕ وا پەروەردە دەکرێ کە ئەو جیاوازە لە خوشکەکەی و دەبێ ئاگای لێی بێت و چاوەدێری بکا، چونکە ئەو بە پەرژین و چارشێوی سەری خوشکی پێناسە کراوە و دەبێ باش ئاگای لێی بیت و نەهێڵێت لەو بنەمایانە لابدا کە خێزانەکەی بۆی دیاری کردوە.

لە زۆرێک لە نێو خێزانەکاندا، کچ هەر لە سەرەتاوە بە پەروەردەیەکی غەڵەت و دواکەوتوانە گەورە دەبێ و تێکەڵ بە کۆمەڵگا دەبێت.

لە بەرانبەر کوڕدا کچ لە کەمترین مافەکان بەهرەمەندە، کچ بۆی نیە ئەو شتانەی لە دەورووبەری هەیە تاقی بکاتەوە تا بزانن چەندە تێیاندا سەرکەوتوو دەبێ واتە ئەو بەهرە و توانایانەی کە هەیەتی بە هیچ شێوەیەک بە دیار ناکەوێ.

گوێی کچ بە کۆمەڵە وشەیەک پڕ دەکرێ و دەئاخندرێ کە نەک کۆمەک بە پەروەردەیەکی دروست ناکا، بەڵکوو وا لە کچ دەکات هەستی بڕوا بەخۆبوونی تێدا درووست نەبێ. وەک: (تۆ کچی و نابێ زۆر قسە بکەی - نابێ بە تەنیا بچێتە دەرەوە - پێکەنین بۆ کچ عەیبە - کارکردن لە دەرەوە بۆ کچ نەگونجاوە -....).

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەرچی سیفەتی باش و جوانە خراونەتە پاڵ کوڕ و بە پێچەوانەشەوە سیفەتە خراپ و ناشیرینەکانە بە کچەوە لکێنراون.

بۆ کوڕ (بەهێزی - ژیری - نەترس - بوێری ... هتد) بەڵام بۆ کچ (زەعیفە - کەم عەقڵ - بێتوانایی - ترسنۆک -.... هتد)

سروشتییە کەسایەتی هەر دووڕەگەزیش لە سەر بنەمای ئەو سیفەت و پێناسەی کە دەدرێتە پاڵی شکڵ دەگرێ. هەر بۆیە کچ لە چاو کوڕ کەسایەتییەکی لاوازتری هەیە و هەستی بڕوا بە خۆبوونی تێدا کەم و زەعیفە.

بە هۆی ناوشیاری دایکیشەوە کچ بە جۆرێکی تر و بە پەروەردەیەکی غەڵەتی دیکە پەروەردەیی، و کاریگەری ڕاستەوخۆشی بە سەریەوە هەیە.

ئەویش ئەو بیروباوەرە باو و دواکەوتوانەی دایکیەتی کە وەک جیازی بە کچەکەی دەبڕێ؟؟

هێندێک بیروباوەڕی سواو کۆن هەن وەک شتە بۆ ماوەییەکان نەسڵ بە نەسڵ دەمێننەوە و دەگوازرێتەوە و وەک مۆتەکە باڵیان بە سەر ژیانی ژناندا کێشاوە و وا بە سانایی لێیان قوتار نابن.

هەندێک لەو نەریتە باوانە بە هۆی جێگیر بوونیان لە ناخی کۆمەڵگەدا، بە داخەوە لە لایەن ژنانەوە بە تەواوەتی باوەڕیان پێ هاتوە و وادەزانن ئەوە بەشێکە لە ژیانی ئەوان و وەیان لە ئەزەلەوە بۆیان دیاری کراوە، هەر بۆیە ئەوانیش وەک وێنەیەکی سەرەکی پێشانی کچەکانی خۆیانی دەدەنەوە.

کچ لە منداڵییەوە بە چاوی خۆی دەبینێ دایکی لێی دەدرێ و ناحەقی بەرانبەر دەکرێ، بەڵام دایکی بە بێدەنگی دەمێنێتەوە و هیچ دژکردەوەیەک نیشان نادا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئیتر کچ لەگەڵ ئەم دیاردەیە گەورە دەبێ و باوەڕ بەوە دێنێ کە ئەوە سروشتی ژنە و دەبێ بەو شێوەیە بژی.

هۆکاری ئابوری:

سەربەخۆ نەبوونی ژن لە باری ئابورییەوە، هۆیەکی سەرەکی دیکەی ژنە بۆ ئەوەی بێدەنگ و سەرکز بێ لە بەرانبەر توندوتیژیەکی کە دەرحەقی دەکرێ.

هەر وەک دەزانین تاکوو ئێستاشی لەگەڵ دابێ، ژن بە ڕێژەیەکی زۆر لە باری ئابورییەوە سەربەخۆ نییە و وابەستەیە بە پیاوەوە، واتە ڕێژەیەکی کەم لە ژنان لەم بوارەدا سەربەخۆن و خاوەن کار و مووچەی خۆیانن. کورد وتەنی دەستیان لە گیرفانی خۆیان دایە.

ژن لە ماڵی باوکی چاوەڕوانی دەستی باوکی و برایە و کە شویشی کرد بۆ کڕینی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی دەبێ دەست لە هاوسەرەکەی پانکاتەوە.لەم حاڵەتەدا کە ژن نەتوانێ سەرەتاییترین پێویستیەکانی ژیانی خۆی و منداڵەکانی دابین بکات، ئیتر چۆن و بە چ جورئەتێک بڕیار بدا بەرەنگاری مێردەکەی بێتەوە، وەیان لێی جیا بێتەوە؟

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کچ کە شوی کرد و چوە ماڵە مێرد، ئیتر دەبێ بە میوان لە ماڵی باوکی و لە ڕووی نایا داوای هیچ جۆرە هاوکارییەک بکا جا نەخوازە بە یەکجاری بچێتەوە ماڵی باوکی و یەک یا چەند منداڵیشی لەگەڵدا بێت، ئیتر چۆن و بە چ شێوەیەک بتوانێ بژی.

خۆ ئەگەر باسێکیش لە (ئیرس) و میراس بکەین، ئەوە پێویستی بە شیکردنەوە نیە، هەموومان باش دەزانین کە کچ زوڵمێکی گەورەی لێ دەکرێ لە کاتی باشە میراتدا (میراس)دا.

بەو هۆیە کە لە شەرعی ئیسلامدا بەشی دوو خوشک مساویە بە یەک براو هەمووشمان باش ئاگاداری ئەوە هەین کە یاساکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بە سەردا دابەش کراوە سەرچاوەکەی شەریعەتی ئیسلامە.

هەر بۆیە ژن هیچ جۆرە پشتیوانیەکی ئابووری شک نابا تاکوو بتوانێ خۆی و منداڵەکانیشی پێ بژێنێ.

سروشتی ژن بە جۆرێکە زۆر لە پیاو بۆ منداڵەکانی سۆزدارتر و خەمخۆرە، هەر بۆیەشە ئامادەیە لە پێناو داهاتووی منداڵەکانی بەرگەی هەر جۆرە نارەحەتی و ناحەقیەک بگرێ بۆ ئەوەی منداڵەکانی پەرتەوازە و بێناز نەبن. واتە ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی منداڵەکانی.

هۆکاری دیدی کۆمەڵگا:

ئێمە باش دەزانین کە تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ژن تێڕوانینێکی دواکەوتوانە و زۆر جیاوازە لە پیاو، ئەمەیش وایکردوە ژن زیاتر کۆیلە و ژێردەست بێ.

کاتێک ژن و مێرد لە یەکتر جیا دەبنەوە و تەڵاق دەکەوێتە نێوانیان ئەوە ژنە دەکەوێتە بەر غەزەبی قسە ق قسەلۆکی نێو کۆمەڵگە.

خۆ ئەگەر هۆکاری نێوان ناخۆشیی و لێکجیابوونەوەکەشیان پیاوەکە بێ، بەو هۆیە کە ژن پێویستە لە پێناو منداڵەکانیان هەموو شتێ قەبووڵ بکات.

وەیان ژن ئەگەر تەڵاق بدرێ مایەی عەیبە و شورەییە بۆ خێزان و بگرە بۆ تایەفەشی.

ژنی تەڵاق دراو بە چاوێکی گوماناوی و شکست خواردوو سەیر دەکرێ لە کۆمەڵگادا.

ژنی تەڵاق دراو دەبێ زۆر ئاگای لە هەستان و دانیشتنی خۆی بێ و هەوڵ بدا بیانوو بداتە دەست تاکەکانی کۆمەڵگا و خۆی لە زمانی ئەو کەسانە بپارێزێ کە کار و پیشەیان چاوەدێری کردنی ئەو ژنانەیە.

خۆ ئەگەر ژنێکی تەڵاقدراو بیەوێ بۆ جارێکی دیکە ژیان درووست بکاتەوە ئەوە چەندین داستانی جۆراوجۆری دیکە سەر هەڵدەدا.

هەر وەک لەپێشدا باسمان کرد ژن لە بواری ئابوریەوە سەربەخۆ نیە و پشتیوانێکی باشی ئابوری نیە. ئەگەر لە دوای جیابوونەوەش لە مێردەکەی بیهەوێ کار بکا و لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ، دیسان دەکەوێتە بەر توانجی کۆمەڵگا و ناتوانێ بە ئاسانی کار بکا و خۆی و منداڵەکانی لە چاوەڕوانی یارمەتی ئەم و ئەو ڕزگار بکا.

زۆر جاریش ژن لە حاڵەتی کارکردندا بەرەورووی چەندین جۆر توندوتیژی دەبێتەوە، هەر ئەوەی کە لە نێو کۆمەڵگادا بەو جۆرە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ بۆ خۆی جۆرێک توندوتیژییە.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم:

داخۆ ژن لە کام پەروەردە و پشت ئەستور بە کامە ئابوری، وە یان لە کامە کۆمەڵگەدا بتوانن ڕووبەڕووی ئەو توندوتیژیانە بێتەوە کە لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگەدا دەرهەقی دەکرێ.

**ئەم بابەتە لە سمیناری ٢٥ نوامبەری ٢٠١٣دا پێشکەش کراوە.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بۆ سڕینەوەی توندوتیژی خەباتێکی بەرین و هەمەلایەنە پێویستە



ن: کوێستان فتووحی

توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە کە بە پێی تایبەتمەندیی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئیتنیکی لە هەر کات و شوێنێک دەتوانێ بە شێوەی جۆراوجۆر دەرکەوێت. توندوتیژی دژی ژنان نە ئاساییە و نە پەسندکراویشە، بەڵکوو پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤە. هەربۆیە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگییەکی جیددی بەم مەسەلەیە داوە و دەوڵەتەکانی ئەرکدار کردوە لە ژێر یاسا نێونەتەوەییەکان‌دا بەرپرسی پاراستنی مافەکانی ژنان بن. لە ماددەی ٤ی بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان‌دا هاتوە: «دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەن‌و، نابێ هیچ دابونەریت یان تێبینیی ئایینی، بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام نەدانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژیدا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکان‌و بێ‌راوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەر ئەنجامەکەی درێژە پێ بدەن.

## هۆکارەکانی توندوتیژی دژی ژنان

توندوتیژی ژنان دەکرێ لەو نایەکسانیانەدا ببینرێن کە رێگری لە یەکسانیی ژن و پیاو لە ژیان دا دەکەن. توندوتیژی هەم ریشەی لە نایەکسانی دایە و هەمیش پەرەی پێ دەدا.

نایەکسانی و هەڵاواردن نکۆلی کردنە لە وەک یەک بوونی ئینسانەکان لە باری مافەکانیانەوە. هەڵاواردنی رەگەزییە رێگە لە ژنان دەگرێ کە نەتوانن باس لە مافو ئازادییەکانیان بکەن. بەتایبەتی ئەو هەڵاواردنانەی لە لایەن قانوون و دەسەڵاتی وڵاتەوە دەسەپێن.

هەروەها شەڕ، کەلتوور، هەژاری فەرهەنگی و ئابووری، ئاینیەکان، و... ئەمانە هەموویان دەتوانن سەرچاوەی توندوتیژی دژی ژنان بن. حاشای لێ‌ناکرێ ئەوەی ئەمڕۆ بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرنگە، ئەمن و ئاسایش و باشبوونی باری ئابوورییە. ئەمانە دەتوانن زۆر کێشەی دیکەش کە یەک لەوان توندوتیژیی دژی ژنان چارەسەر بکەن یان کەم بکەنەوە. بەڵام خۆ ئەگەر کۆمەڵگەی بێ کێشە مەحاڵ بێ کە هیچ شتێک مەحاڵ نیە! دیسان دەکرێ رێگە لە پەرەسەندنی توندوتیژی دژی ژنان بگیردرێ کە بۆتە هۆی زۆر رۆژرەشی و بەدبەختییەکانی کۆمەڵگەی بەشەری.

مافەکانی مرۆڤ جیهانیین. توندوتیژی دژی ژنانیش پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. ژنانی هەر ولاتێک، هەر کۆمەڵگەیەک خوێندەوار و نەخوێندەوار، دارا و نەدار، دیندار و بێ‌دین و.... هەر هەموویان هەڕەشەیەکی هاوبەشیان لێ‌دەکرێ. ئەویش توندویژییە. لە زۆر وڵات دا توندوتیژی لە لایەن دەوڵەتەوەیە کە بە قانوون بەڕێوەی دەبا، یان لەلایەن گرووپەچەکدارەکانەوەیە، یان لە هەمووی بەربڵاوتر لەلایەن کۆمەڵگە و بنەماڵەوەیە.

بەگشتی حکوومەتەکان بەرپرسیارن لە ئاست هەر توندوتیژییەک دژ بە ژنان‌دا. لە کۆمەڵگە کۆمەڵگە نەریتی و ئایینییەکان، ئایین کراوەتە کەرەسەیەک بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانی ژن. بۆنموونە داسەپاندنی حیجابی زۆرەملی بەسەر ژنان‌دا جۆرێکە لە توندوتیژی دژی ژنان. ژنان بەپۆشینی جلوبەرگی دڵخوازی خۆیان لەلایەن دەسەڵات و کۆمەڵگەوە تووشی سزاو سووکایەتی دەبنەوە. هەروەها لە کۆمەڵگا نەریتییەکانی دنیادا بۆ نموونە کوردستان، ئەفغانستان، عێراق و... کە نەریتەکانی ژیانی دەرەبەگایەتی و عەشیرەیی زۆر ریشەدارە، ژن وەک موڵک و ماڵ چاوی لێ‌دەکرێ و دەستدرێژی کردنە سەر مافەکانیان بە بێ سزا دەمێنێتەوە. ئەمانەش لە مانەوە و درێژەدان بە رەفتاری توندوتیژئامێزدا کاریگەری زۆری هەیە.

بۆ نموونە فرەژنی کە لە کوردستان‌دا بوونی هەیە، دەتوانێ پەرە بە توندوتیژی بدا. چونکە تەنانەت بە پێچەوانەی رێوشوێنە ئیسلامییەکان کە دەگوترێ دەبێ بۆ هێنانی هاوسەری دووهەم ئیزن لە هاوسەری یەکەم وەرگرن، پیاوان بە شێوەیەکی گشتی ئیزن لە هاوسەری یەکەم وەرناگرن، بۆیە دەمەقاڵە لەوبارەوە لە زۆر کات دا دەگاتە توندوتیژی و بێگومان لەو نێوەدا ژنە لە هەمووئەندامەکانی دیکەی بنەماڵە زیاتر دەکەوێتە بەر رەفتاری توندوتیژ. یان ئەگەر کچێک پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک ببەستێ، لەلایەن بنەماڵەکەیەوە دەکەوێتەبەر ئازار و ئەزیەت و هەڕەشە لێ‌کردن یان لەلایەن کۆمەڵگەوە ناوی دەزڕێ و...! کۆنترۆڵکردنی رەفتاری ژن و کچ لەلایەن پیاوانی بنەماڵەوە توندوتیژییە، بەڵام بە بەهانەی ئەوە ئەو رەفتارانە بەشێکن لە کولتووری کۆمەڵگە بە ناوی پاراستنی کەلتوور و نەریت زۆربەی ژنان ئێعتراز ناکەن، ئەمەش لە مانەوە و پەرەدان بە توندوتیژی‌دا کاریگەرن. هەر ئەوەی لە زۆر لە وڵاتان‌دا زۆربەی کچان و ژنان لە ترسی سزا خێزانییەکان ئامادە نین توندوتیژی خێزانی بە پۆلیس رابگەیەنن یا هێزێکی دادوەری لە هێندێک لە وڵاتان‌دا پێداچوونەوەیەک لەوبارەوە ناکا و بە مەسەلەیەکی تایبەتیی دادەنێ، بەو هۆیەوە ئاماری توندوتیژییەکانی نێو ماڵ راست و دەرخەری راستی‌یەکان نین. بەو حاڵەش ئامارە کۆکراوەکانی رێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ ساڵانە هەروا راچڵەکێنەرن.

## شەڕ پێوەندی راستەوخۆی لەگەڵ توندوتیژی هەیە

شەڕ ئینسانەکان لە ناو دەبا چ ژن چ پیاو. بەڵام بەرئەنجامەکانی شەڕ هەمیشە ژن زۆر زیاتر لە پیاو زیانی لێ بینیوە. دەستدرێژی کردنەسەر ژنان و کچان کردەوەیەکی هاوبەشی سەردەمی شەڕە هەم لەلایەن هێزی دەوڵەتییەوە، هەم لەلایەن گرووپەچەکدارەکانەوە. لە نێو دۆخی شەڕدا هەمیشە مرۆڤە بێدەسەڵاتەکان دەکەونەبەر هێرش‌و سووکایەتی و ئازار. بۆ نموونە لە کوردستان ژنان زۆر جار بە هۆی پێشمەرگەبوونی هاوسەر یان برایان کەتوونەتەبەر ئازار



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

و ئەزیەتی هێزە حکوومەتییەکان و لە زیندانەکاندا دەستدرێژییان کراوەتەسەر. دیارە ئەوە نەبەستراوەتەوە تەنیا بە سیستمێکی سیاسی وەک ڕێژیمی ئێران یان ڕێژیمی رووخاوی بەعسی عێراق، لە هەموو جیهاندا ئەم رەفتارانە لە کاتی شەڕدا هەبوون و هەن. دواتر شەڕ کۆتایی دێ، بەڵام ئاکامەکانی شەڕ لەسەر ژنان زۆر درێژخایەنتر و زیانبارترە و دەتوانێ لەسەر ژیانی هەموو کۆمەڵگە کاریگەری خراپی هەبێ.

توندوتیژی جەستەیی و توندوتیژی دەروونی سەرەکیترین جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کۆمەڵگەدا

جۆرەکانی ئازار و ئەزیەتی جەستەیی، لێدان و کوتان، کێشانی قژ، سوتاندن و تووڕهەڵدان، دەستدرێژی جەستەیی دەگرێتەوە کە ئەو جۆرە توندوتیژییانە رەنگە بۆ هەموو ژنان بە بێ سەرنجدان بە خوێندەواری، نژاد و باری بنەماڵەیی رووبدا.

## توندوتیژیی دەروونی:

بەکارهێنانی قسەی رەق و جنێو، بیانوپێگرتنی پەیتا پەیتا، هاتوهاوار و هەڵسوکەوتی خراپ، سووکایەتی، هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانە و حوکم کردن و دەستووردانی پەیتا پەیتا، دەنگ داگۆڕین، هەڕەشەی ئازار و کوشتنی خۆی یا ئەندامانی بنەماڵەکەی، ڕێگرتن لە دیتنی دۆستان و ئاشنایان و زیندانی کردن، لە ماڵەوە بە توندوتیژی لە دژی ژنان لەقەڵەم دەدرێن. ئەو جۆرە توندوتیژییە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گیانی هەست کردن بە پووچی، یان خۆ لەنێوبردن، راکردن لە تێکەڵاو بوونی کۆمەڵایەتی و دڵەراوکە لە ژنان دا. ئەو توندوتیژییە لە راستیدا ژن دەکاتە بوونەوەرێکی بێئیرادەو ناچالاک.

بە وتەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، توندوتیژی لە بنەماڵەدا لە نەخۆشیی شێرپەنجە و رووداوی هاتوچۆ زیاتر بۆتە هۆکاری مردنی ژنان.

## چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان

توندوتیژی دیاردەیەکی چەند لایەنییە و بەربەرەکانیش لەگەڵیدا پێویستی بە خەباتێکی بەرین و هەمەلایەنە هەیە. هەتا تاوانبارانی توندوتیژی دژی ژنان بتوانن بەبێ ترس لە سزادان و دادگایی کردنێکی عادلانە تاوانەکانیان ئەنجام بدەن، لە وڵاتێکدا کە قانوونەکان پڕن لە هەڵاواردنی رەگەزی، دژوارە بڵێین سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان کارێکی ئاسانە.

بەڵام زۆر ڕێگا هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە. دەسەڵات و قانوون، دروست کردنی ماڵی ئارام بۆ حەوانەوەی ژنانی بێپەنا، پشتیوانیی یاسایی لەو ژنانەی بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوە، بەشداری کردن لە کۆرسە فێرکارییەکان و راوێژ کردن لەگەڵ پسپۆران پێش پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، زیادکردنی ئاگایی پیاوان و ژنان لە کۆبوونەوە فێرکارییەکان و... هەموو ئەوانە لە ڕێگای دەسەڵاتەوە ئاسانن و دەکرێ و دەتوانن لە سڕینەوە و کەمبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کاریگەری ئەرێنییان هەبێ. بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکدا بۆ نموونە وەک ئێران کە قانوون و دەسەڵات خۆیان سەرچاوەی توندوتیژی بن ڕێک بخەن بۆ بەگژداچوونەوەی تاوانباران. هەوڵ بدەن لە نێو خەڵکی ئاسایی هەڵمەتی وشیارکردنەوە و تۆڕی دژی توندوتیژی ڕێک بخەن.

ژنانی وشیار و ئازا، ژنانێک کە ئاشنان بە مافەکانیان، ژنانێک کە لەبواری ئابوورییەوە سەربەخۆن، ئاسان دەتوانن بەرەنگاری توندوتیژیی خێزانی ببنەوە. هەروەها پیاوان دەبێ هاوبەشی ئەو خەباتە بکرێن چونکە



دژی ژنان ئەو کات دەبێ دەبێ چ بکرێ؟

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤو چالاکەکانیان و..... هەروەها روناکبیرانی نێو کۆمەڵگە، وەک نووسەران، شاعیران، مامۆستایانی قوتابخانەکان و... دەتوانن لەڕێگەی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە ژن و پیاوەوە لە کەمکردنەوەی ئەم تاوانە کە ناوی توندوتیژییە دژی ژنان رۆڵیان هەبێ. ئەوان دەتوانن تێڕوانینەکان بۆ توندوتیژی دژی ژنان بگۆڕن، ئیدی نابێ بە مەسەلەیەکی شەخسی و تایبەتی و کەلتووری چاوی لێبکرێ و بەم بیانوویە چاوپۆشی لێبکرێ. ئەوە تاوانە دژی مرۆڤایەتی و دەبێ کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی لێئاگادار بکرێتەوە. هەروەها لە دژی توندوتیژی دژی ژنان نارەزایەتی دەرببڕن و دەنگەناڕازییەکان تەنیا ئەوان تاوانباری سەرەکی نین، دەبێ تێبگەیەنرێن کە توندوتیژی دژی ژنان کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر خۆیان و هەموو ئەندامانی بنەماڵە بەگشتی و کۆمەڵگە هەیە. بواری رۆشنبیری و ئاگایی کۆمەڵگە لە سەر ماف و ئەرکەکان، دەتوانێ ببێتە فشارێک بۆ سەر ئەو دەسەڵاتەی کە هەڵاواردن دژی ژنان لە قانووندا دەچەسپێنن. هەروا چۆن قانوون کاریگەری لەسەر گۆڕینی کەلتوور هەیە بەهەمان شێوەش کەلتوور کاریگەری لەسەر گۆڕینی قانوون هەیە. بۆیە ئەرکی هەر ئینسانێکی مافخوازە بۆ گۆڕینی تێڕوانین و کاڵبوونەوەی دابونەریتە دواکەوتووەکان کە بوونەتە هۆی پەرەسەندنی توندوتیژی دژی ژنان تێبکۆشێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کێ بەرپرسیارە لە مەرگ کوشتنی ژنان



ڕۆژە عەزیزی

بە داخەوە ئەوەی کە لە ماوەی چەند مانگی پێشوو بۆ ژنان لە کوردستان بە تایبەت پارچەکانی باشور و ڕۆژهەڵات رویداوە تەنانەت لە دەرەوەی کوردستانیش لە وڵاتانی ئوروپایی کارەساتی زۆر دڵتەزێن و جەرگ برن. کە ڕۆژانە بیسەری چەندین هەواڵی دڵتەزێنی کوشتنی ژنان لە لایەن هاوسەر یان باوک یان براکانیان بوون،یاخود بە شێوەیەکی تر بوونە هۆی ئەوەی کە ئەو ژنە ئەوەندە لە ژیان بێزار بوویێت خۆی کۆتایی بە ژیانی هێناوە.

ئەوەی کە من دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە کە بۆ بێدەنگین؟ مەبەست لەوە تاکێکی کۆمەڵگە یان ڕێکخراوو چالاکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی مافی ژنانە. بۆ دەبێ بێدەنگ بین بەرانبەر ئەو هەموو کارەسات و رووداوە دڵتەزێنانەی روبەرووی ژنی کورد دەبێتەوە؟ بەداخەوە لە وڵاتانی ئوروپایی رەوەندی کورد ناوێکی دیارو تا رادەیەک ناسراوە بۆ کوشتنی ژنان بە تایبەت لە ماوەی چەند مانگی رابردوو.

ئەگەر سەرنجمان دابێتە بڵاوبونەوەی ئەو هەواڵانە،زۆربەی ئەو هەواڵانە بە شێوەیەک دارێژراون کە هۆکاری ئەو رووداوە دەگێرنەوە بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی. ئایا ئەم هۆکارە کۆمەڵایەتیە دەبێ چی بێ کە رۆژ نیە ژنێکی کورد لە پێناوی نەبێتە قوربانی؟ ئایا مەبەست لەو هۆکارە کۆمەڵایەتیە یەکێک لەمانەیە؟ :درێژە پێدانی خوێندن وچونە زانکۆ یان خۆشەویستی نێوان دوو گەنج یاخود داوای جیابونەوە لە ژیانێکی هاوبەش کە ناتوانن درێژە بەو ژیانە بدەن، یان ڕێگە پێ نەدان بە کارکردنی ئەو ژنە لە دەرەوەی ماڵ، یاخود رازی نەبون بە ئەوەی کە هاوسەرەکەی ژنی بەسەر بێنێ، یان چەندین هۆکاری لەم شێوە کە مافی ژنە وەک پیاو بەڵام بەداخەوە دەبینین کە هەندێک لە پیاوان ئەمانە بە مافێکی ڕەوا بۆ ژن نازانن و لە بەرانبەردا ژیانی لێ دەستێنن و دواتر دەڵێن بە هۆکاری کۆمەڵایەتی کوژرا یان خۆی ژیانی لە خۆی ستاندەوە.

کاتێک دوو هاوسەر دەزانن چیتر ناتوانن پێکەوە درێژە بە ژیانی هاوبەشیان بدەن،باشترین رێگە بۆ دەرباز بوونی خۆیان لە کێشە و گرفت و هەروەها دابین کردنی ژیانێکی ئارام بۆ منداڵەکانیان جیابونەوەیە. چونکە ژیانی هاوبەش کە بە شێوەی شەر و جەنجاڵ بێ لە دوارۆژ کاریگەری لە سەر باری دەروونی منداڵەکانیان دەبێ و باشترین رێگە دوای گفتوگۆ و پێکەوە نەگونجان و چارەسەر نەکردنی کێشەکان جیابونەوەیە.

کاتێک هەواڵێکی کوشتنی ژنان بڵاو دەبێتەوە، چالاکانی مافی مرۆڤ و مافی ژنان و ڕێکخراوەکانی پارێزگاری لە مافی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەونە چالاکی و ئەو ڕوداوە مەحکوم دەکەن. بەڵام بۆ تا بە ئێستا ئەو چالاکی و هەنگاوانە نەیانتوانیوە ئەو ڕوداوانە بنبڕ بکەن؟ یان بۆ نەیان توانیوە ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە هۆکارن بۆ گیان لە دەستدانی ئەو ژنە چارەسەر بکەن؟

دەکرێت ئەمەش هۆکاری خۆی هەبێ وەک نەبوونی ئاستی ڕۆشنبیری پێویست لە کۆمەڵگا. بەڵام ئەو پیاوەی کە لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک وڵاتێکی ئوروپایی دەست دەبات بۆ کوشتنی هاوسەرەکەی، ئایا ئەو تاکەی کۆمەڵگا دوای چەندین ساڵ ژیان نەیتوانیوە ئەو کلتورە پیاوسالاریەی



خۆی لە ناو بەرێت؟ بێگومان ئەو کەسە کە بیروباوەڕێکی پیاو سالاری هەیە هەر بەو بیر و باوەڕەشەوە دەچێتە ئەو وڵاتەو گۆرانکاری بە سەر بیر و بۆچونی ناهێنێ و دواتر بە یەکێک لەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانەی کە باسم کردن کۆتایی بە ژیانی هاوسەرەکەی یان خوشک و کچەکەی دەهێنێ و پەروەندەیەکی خراپ بۆ خۆی و میلەتەکەی لەو وڵاتە لە

بۆ لاپەرەی ٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# توندوتیژی پیاوان دژی ژنان



ن: فەریدە نەفیسی
و: سەید جەلال سالْحی

توندوتیژی بە دژی ژنان لە بنەماڵەو پێوەندی‌یە نزیکەکان‌و لە کۆمەڵگادا کێشەیەکی جیددیی کۆمەڵگایە کە هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بە دژی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌و بە تایبەتی ساغی‌و سلامەتی منداڵان دەخاتە مەترسی‌یەوە. توندوتیژی بەدژی ئافرەتان کێشەیەکی جیهانی‌و تایبەت بە وڵات، نەتەوەو گرووپێکی تایبەت نیە کە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر کەم‌و زۆر نیهادینە بووەو بە شێوەیەکی سیستماتیکی دووبارە دەبێتەوەو دەبێتە نۆڕمێک. لە پێوەندی لەگەڵ پێناسەو چۆنیەتی توندوتیژی‌دا روانگەگەلێکی جۆراوجۆر هەیەو ئەوەی کە ئەمڕۆکە لە هێندێک لە وڵاتان بە توندوتیژی‌و دەستدرێژی دەژمێردرێ‌و تاوانە، بەرهەمی هەوڵ‌و بەربەرەکانی ساڵانێکی دوورودرێژی ناڕەزایەتی‌و بەربەرەکانی ژنان‌و ئازادی‌خوازانە. بەڵام بەداخەوە ئەمە تازە سەرەتای کارەو ئێستاش لە چوار قوژبنی دونیا کوژرانی ژنان‌و ژنان بە دڕەندانەترین شێوە دەبینین. هەروەکی ئاماژەم پێ‌کرد ئەم کردەوە دڕندانەیە چۆن پێناسە دەکرێ‌و چی ناو دەنێی توندوتیژی! لێکۆڵینەوەو ئەزموونە جۆراوجۆرەکان ئاماژە بە هێندێک فاکت‌و هۆکاری وەک هەڵاواردنی چینایەتی، رەگەزی، دواکەوتوویی فەرهەنگی، رۆڵی ئایین (مذهب) و بیروباوەڕو دەسەڵاتی پیاوسالاری کردوە. راستی‌یەکەی ئەوەیە کە هەمووی ئەمانە لە پێکهێنانی توندوتیژی‌و بە تایبەتی توندوتیژی بە دژی ژنان رۆڵیان هەیە، بەڵام پرسیارێک کە لێرەدا دێتەپێش ئەوەیە کە کام یەک لەوانە هەڵقوڵاوی ئەوی دیکەیە؟!

رەنگە بە ئاماژەکردن بە هێندێک لە توندوتیژی‌یەکان بگەیینە هۆکاری سەرەکی. هەر جۆرە ناحەقییەکی جیسمی، رۆحی، سێکسی‌و ئابووری بە نیسبەت ژنانەوە توندوتیژی دەژمێردرێ کە هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان دیسان هۆکاری دروست بوونی دەیان توندوتیژی جۆراوجۆرە کە لە نووسینێکی واکەم‌دا ئیمکانی پڕژانە سەر هەموویان نیە، بەڵام ئەگەر بە یەکێک لەوان کە ئابووری‌یە ئاماژە بکەین، دەبێ بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی هەڵاواردنی چینایەتی‌و سیستمی دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگادا.

هەموو سیستمە جۆراوجۆرە دەسەڵاتدارەکان بە درێژایی مێژوو پیاوانەو دەسەڵات بە دەست پیاوانەوە وەک رەگەزێکی زاڵ بووە، زاڵ بوونی رەگەزێک لە بەرامبەر رەگەزی دووهەم‌دا کە ژنان بن. کەواتە پیاوان شانس‌و هەلی زیاتریان بۆ دۆزینەوەی کارو گەشەکردن‌و پەرەسەندنی ئابووری بووەو ئەم سیستمە دوو جۆرە توندوتیژی رەگەزیی‌و ئابووری بە دژی ژنانی لەگەڵ خۆی هێناوە کە لە ئاکام‌دا ژنانی ناچارو تەسلیم بە ژیانی کۆیلایەتی کردوە. ئافرەتان بۆ بژیوی ژیان واتە، دەکرێ بڵێین تەنیا بۆ زیندوو مانەوە، حازر بە کردنی کارگەلێکی دژوارو تاقەت پڕووکێن بوون بە کەمترین حەقدەستەوە کە ئێستاش درێژەی هەیە، ئەم بارودۆخە کە توندوتیژی شوێنی کار، توندوتیژی رۆحی‌و دەروونی، توندوتیژی ماڵی کە هەڵاواردنی حەقدەستی ناوەو چونکە بەزۆریشە، جۆرە توندوتیژی‌یەکیشە لەگەڵ توندوتیژی نەبوونی ئەمنییەتی کاری وەک: بیمەی پێشهات‌و بێکاری‌یەکان.

بەشێکی زۆر لە ژنان بەهۆی نەداری‌یەوە ناچار بە شووکردنی زۆرەملێ دەبن کە نە تەنیا توندوتیژی‌یە، بەڵکوو دەستدرێژی‌و کەڵکاوەژووی رەگەزی‌یە کە توندوتیژی بە ئەوپەڕی خۆی دەگەیەنێ.

لەشفرۆشی‌و کڕین‌و فرۆشتنی سێکسی ژنان بە هۆی نەداری‌یەوە، ئەوپەڕی پەستی‌و

بۆ لاپەرەی ٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درێژەی

# کێ بەرپرسیارە لە مەڕ کوشتنی ژنان

پەیوەندی بە کوشتنی ژنان تۆمار دەکات.

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە لە ماوەی ڕابردوو چەند کیژێکی گەنجی پێ بووە قوربانی،هۆکاری خواست بۆ درێژە پێدانی خوێندن و چونە زانکۆ بوو. بێگومان خوێندن و بردنە سەری ئاستی رۆشنبیری و خوێندەواری هۆکارن بۆ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەی کوردی،بەڵام بەداخەوە هەندێک چونە خوێندنگە و زانکۆ بۆ کچان بە کارێکی ناڕەوا دەزانن و ڕێگر دەبن لە درێژە پێدانی خوێندن تا ئەوەی ڕێگە بە خۆیان دەدەن کە گیانی ئەو کچە بستێنن. باشە بۆ دەبێ لە سەر ئەوەی کەسێک پێش بکەوێ و ئاستی زانیاری بچێتە سەر بکوژرێ؟ ئەمانە پرسیار گەلێکن کە بەردەوام دەبێ بە دوای وەڵامەکانیاندا بگەڕێین و هیچ وەڵامێکی دروست و مەنتقی بۆ نادۆزرێتەوە.

بەردەوام دەڵێین دەبێ لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی کۆڕو سمیناری تایبەت هەوڵی زیاتر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بدەین و زیاتر چینەکانی کۆمەڵگە بە مافەکانیان ئاشنا بکەین. بەڵام بۆ تا ئێستا ئەو سمینار وکۆڕانە نەگەیشتونە ئەنجام؟ بە دڵنیاییەوە ئەم کێشەیە پێویستی بە لێوردبونەوەو خوێندنەوەی زیاترە.

یاسا وەک پارێزەری مافی مرۆڤەکان ئەژمار دەکرێ، بەڵام لە وڵاتێکی وەک ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە یاسا و دادگاکانی ئەو وڵاتە زۆر بە ئاشکرا و لە چەندین بڕگەی یاساکانیدا باسی نابەرابەری نێوان ژن و پیاو و توندوتیژی و بەردباران کردنی ژنان دەکرێ، کەواتە ئەوە هۆکارێکە بۆ ڕوودانی ئەو هەموو قەتڵانەی کە دەکرێ بەرانبەر ژنان و هەر جارەش بیانویەکی بۆ دەهێندرێتەوە و تاوانەکەی پێ پەردەپۆش دەکرێ.

هۆکارێکی دیکە دەگێڕمەوە بۆ خودی ژنان،چەندین جار ڕوویداوە کە بە هۆی پیلانی ژنێک بۆ هاورەگەزەکەی خۆی بۆتە هۆکار ژیانی ژنێکی دیکە بستێندرێ. بۆ نمونە وەک کێشەی نێوان خەسوو و بووک یان دوو هەوێ یان دوو براژن یان چەندینی دیکە. بە هۆی ئەوەی کێشەیەکیان لە گەڵ یەکترهەیە و ئەوی تریان وای کردوە کە لە هاوسەر یان باوک یان برا ژیانی ژنە بستێنێ و ببێتە هۆکارێک بۆ کۆتایی پێهێنانی ژیانی هاورەگەزەکەی خۆی.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم با چیتر دەستتان بە خوێنی ئازیزانتان سور نەبێت،چیتر مەبنە هۆی ئەوەی ژیانێکی شیرین لە کەسێک بستێنن، ئاوات و ئارەزووی کەسانێک مەخەنە ژێر گڵ،چونکە هەموو مرۆڤێک مافی خۆیەتی ئەو جۆرەی دەیهەوێ درێژە بە ژیانی بدات.با چیتر بێدەنگ نەبین لە بەرانبەر ئەو تاوانەی ڕوبەڕووی ژنان دەبێتەوە،با لە خۆمان ژنانەوە دەست پێبکەین کە ڕێگە نەدەین هاورەگەزەکانمان ئاوا بە ئاسانی ببنە قوربانی دواکەوتویی و کۆمەڵگەی پیاوسالاری.

با هەموومان هەر تاکێکی کۆمەڵگەمان و گشت چالاکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان هەوڵ بدەن بۆ بنیاتنانی ژیانێکی ئارام دوور لە هەر چەشنە توندوتیژی و کوشتنێکی ژنان.

درێژەی

# توندوتیژی پیاوان دژی ژنان

ڕەزیلی سیستمێکی سەرمایەدارو پیاوسالارە کە ژنانی ناچار بە قەبووڵ کردنی بێبەزەیی‌یانەترین توندوتیژی سێکسی، دەروونی‌و جەستەیی کردوەو دەی چەوسێنێتەوە. کەواتە بە بڕوای من تا ئێرە دەست کورتی‌و بیرکردنەوەی پیاوسالاری دوو هۆکاری سەرەکیین کە بە توندترین شێوە توندوتیژی لەگەڵ ژنانی پێدەکرێ‌و سەداسەد هۆکاری دیکەش ڕۆڵیان هەیە وەک ژیانی هاوبەشی زۆرەملێ کە دەتوانێ لە کلتووری پیاوسالاری‌یەوە بگرە تا مەسەلەی نەداری‌و ئایین ڕۆڵیان هەیە، بەڵام ویستم لێرەدا سەرەتا بچمە سەر ڕۆڵی ئابووری‌و لە داهاتوودا ڕۆڵی هۆکاری‌تریش باس بکەم. وێ دەچێ پرسیارگەلێک لە پێوەندی لەگەڵ ئەم نووسراوەیەدا بۆمان بێتەپێش، وەک:

١: بۆچی ئەم نووسراوەیە سەرلەنوێ لە سەرەتاوە پڕژاوەتەوە سەر ئەوەی کە توندوتیژی چیەو چۆنە؟ لەگەڵ ڕێزم بۆ چالاکوانانی بزووتنەوەی یەکسانی. بە بڕوای من چالاکوانانی بەرگری لە مافەکانی ژنان‌و مافی یەکسانی بە پلەگەلێکی زۆر ئێستاش لە پێوەندی لەگەڵ بیری پیاوسالاری بەسەر شووشەیا دەڕواو قاچێکی دەترۆنگێ‌و بە جیددی بەرخورد لەگەڵ بیری پیاوسالاری ناکرێ.

٢: ئایا ئەگەر مەسەلەی ستەمی چینایەتی لەنێو بچێ، مەسەلەی توندوتیژی‌و هەڵاواردنی ڕەگەزی بە دژی ژنان لەنێو دەچێ؟ بەبڕوای من کاریگەری‌یەکی ئەرێنی زۆر لەسەر بارودۆخی ژنان دادەنێ، بەڵام بە مانای سڕینەوەی ستەمی ڕەگەزی‌و توندوتیژی نیە. پێم خۆشە ئەگەر کەسێک ڕوانگەیەکی دیکەی هەیە، بیخاتەڕوو.

٣: ئایا پیاوان دەسەڵات‌و توندوتیژی‌یان پێ‌خۆشە؟ دووبارە وابیر دەکەمەوە کە لە کۆمەڵگایەکی چینایەتی‌دا توندوتیژی‌و چەوسانەوە بەدژی هەردووکیان هەیە، بەڵام چونکە کۆمەڵگا پیاوسالارو سیستمی پیاوسالاری‌یەو قانوونە دواکەوتووەکان لە بەرژەوەندی پیاوان دایە، هەربۆیە پیاوانیش کەم‌و زۆر نە تەنیا دەسەڵات‌و توندوتیژی‌یان پێ ناخۆش نیە، بەڵکوو بە باشیش کەڵکی لێوەردەگرن. بۆوێنە: بەپێی قانوونە دواکەوتووەکانی ئیسلام (ئەوە ڕوانگەی نووسەرە) پیاوێک دەتوانێ چوار ژنی ڕەسمی‌و چەند دانە سیغەشی هەبن (دیارە سیغە لە مەزهەبی شیعەدا هەیەو لە مەزهەبی سوننی‌دا حەرامە). تا ئێستا زیاتر ئەوەمان دیوە کە پیاوان بە قازانجی خۆیان کەڵکیان لێوەرگرتووە تاکوو ناڕەزایەتی کردن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگای کوردستاندا



شەونم هەمزەیی

پاش تێپەڕینی ٦٧ ساڵ لە دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی پێشکەوتوو و خاوەن بەرنامەی ژنان لە کوردستان، ژنانی کورد سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانیان، ئێستاش ڕێگایەکی دوورو درێژیان لەبەر دایە. ئەوان لە ماوەی ئەو ساڵانەدا شان بە شانی پیاوان لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان بەشداریان کردوە. بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان هەر لە سەرەتای هێرشی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان بە سەدان ژنی کورد بۆ دیفاع لە خاک و نیشتمانەکەیان بەرگی پێشمەرگایەتیان لە بەر کردو لەم ڕێگایەشدا کەم نەبوون ئەو کچ و ژنانەی گیانی خۆیان بەختی ڕێگای ئازادی نەتەوەکەیان کرد.

لە هەمان کاتدا کە بەشداری لە خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەکەیان دەکەن، بەربەرەکانێی ئەوان لەگەڵ زۆر داب و نەریتی نادروستی کۆمەڵگاش درێژەی هەیەو لەم ڕێگایەش دا هەم لە لایەن کۆمەڵگا و هەمیش لەلایەن دەسەڵاتی سەرکوتکەری ئیسلامیی ئێرانەوە بەردەوام گرفتیان بۆ ساز دەکەن و لەمپەریان بۆ دادەنێن.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا بە دەیان ژنی کورد لە لایەن دەزگا ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامیەوە بە تۆمەتی یەکسانیخوازی و چالاکی بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان گیراون و حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپاوەو هێندێکیشیان پەتی سێدارەی زوڵم و نابەرابەری گیانی لێ ستاندوون. ئەوانەش هەمووی دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە خەباتی ژنی کورد هەر زیندووە تا بە چۆک داهێنانی داگیرکەرو دەستەبەر کردنی مافی یەکسانی هەر بەردەوام دەبێ.

ژنی کورد ئەگەر کەمتر لە پیاوان دەرفەتی کاریان لە دەرەوەی ماڵ بووە هەر لە ماڵەکانی خۆیان و لە ڕێگای جۆراوجۆری وەک چنینی فەرش، ئاژەڵداری، خەیاتی و زۆر کاری دیکە لە دابینکردنی ئابووری بنەماڵەکەیان بەشدار بوون. هەر چەند زۆربەی ئەو کارانە لە هەژاری خەڵکی کوردستان سەرچاوە دەگرێ بەڵام گرینگیەکەی لەوە دایە کە خۆی وەک مرۆڤێکی یەکسان و بەتوانا بسەلمێنێ.

ئەوان ڕۆژان و شەوانی زۆر لە ماڵێدا خەریکی چنینی فەرشن، خەریکی دروونی جلو بەرگن، لە ماڵەوە ئاژەڵ بەخێو دەکەن و لە گوندەکانی کوردستان وێڕای پیاوان لە کاروباری کشتوکاڵدا بەشدارن، لە کورەخانەکاندا چەندەها ژن و کچی کورد لەگەڵ پیاوان خۆیان وەبەر کاری سەخت و دژواری خشت بڕین داوەو ئەوانەش تەنیا بەشێکن لەو کارانەی ژن بۆ دەربازبوون لە هەژاری





و بێ دەرەتانی ئەنجامی دەدا.

لە هەمان کاتیشدا لە هەموو لایەکەوە دەچەوسێنەوەو زۆربەیان لەم کارانەدا هەر چەشنە مافێکی بیمە و پشتیوای قانوونیان دوای ڕووداوەکان لێ زەوت کراوە. ئەوان سەرەڕای ئەو هەموو ستەم و پێشێلکاری و هەروەها فەرهەنگی دواکەتووی کۆمەڵگا لە باری زانستیشەوە هەوڵیان داوە وەدوا نەکەون و تا ئەو جێگایەی دەرفەتیان بۆ خولقابێ خوێندوویانە و پلە زانستیەکانیان تێپەڕاندوە.

بوونی سەدان کچ و ژنی نووسەر و ئەدیب و خاوەن پلەی خوێندنی بەرز سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە. ژنانی ئێستای کورد ئەو باوەڕەیان تێدا دروست بووە کە ئەوانیش دەتوانن لە ڕێگای هەوڵ و تێکۆشانەوە لە سیاسەت و کۆمەڵگادا دەوری بەرچاویان هەبێ و لە ئاستێکی بەرینتردا خەباتی خۆیان بۆ نەهێشتنی زوڵم و نابەرابەری درێژە پێ بدەن

هەمووی ئەم شتانە تەنیا بەشێکی کەمن لە ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگای کوردستان و هیوادارین هەم بە هەوڵ و خەباتی ژنان و هەمیش بە باوەڕهێنانی نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگا یانی پیاوان بە مافەکانیان ڕۆژێک بێت کە بەتەواوی یەکسانی نێوان ژن و پیا لە نیشتمانەکە ئێمەدا بێتە دی. هەر وەک شاعیری گەورەی نەتەوەکەمان عەبدوڵا پەشێویش دەڵێ:

**لەبن کۆمەی خۆڵەمێشدا**
**تۆ ژیلەمۆی گەشی خولیای**
**لە گێژەنی تاریکیدا**
**تۆ بریسکەی بەفری چیای**
**لە بیابانا – هاژەی چەم و**
**لە نەهاتا – هەڵمی نان و**
**لە غوربەتا – داڵدە و پەنای**
**کلیلداری بەهەشتی تۆ**
**تۆ نەک نیوە: هەموو دنیای**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەرەسەندنی مێژوویی خێزان





ن: کۆمار بەهاری

بۆ ئەوەی تێگەیشتنمان بۆ خێزان لە کۆمەڵی هاوچەرخدا تەواو و بێکەم و کورتی بێت پێویستە ئاماژەیەک بۆ قۆناغ و پەرەسەندنەکانی مێژووی خێزان بکەین لە کۆمەڵە دێرینەکاندا، لێرەدا بە کورتی تیشک دەخەینە سەر رەوشی خێزان لە کۆمەڵگای یۆنان و رۆمانی کۆندا.

١ـ خێزان لە لای یۆنانییە کۆنەکان: لەو کۆمەڵگایەدا خێزان لە شێوەی باوک سالاری دەناسرێتەوە.

مێرد خاوەنی هێز و دەسەڵات بووە و، بە سەر ژن و رۆڵەکانیدا باڵادەست بووە. باوک یان پیاو توانیویەتی رۆڵەکانی خۆی بەتایبەتی کچەکانی لە هەموو شتێک بێبەری بکات. بنەماڵە و رەچەڵەکیش تەنیا بۆ پیاو بووە.

## خێزان:

کوڕان و کچان لە سەر ئاکار و ئایین و پەروەردە و فێرکردنی ئەو و مافەکانی مەشق پێکردووە و یەکسانی لە نێوان کچان و کوڕاندا هەتا تەمەنی حەوت ساڵی درێژەی کێشاوە. لە پاش ئەو تەمەنە کوڕان دەنێردرانە بەر خوێندن لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا بۆ فێربوونی زانست و هونەر و سیاسەت و بازەرگانی و مەشقی سەربازی. کچانیش رێگایان پێنەدەدرا لە ماڵ بێنە دەرەوە، لە رووی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە مەشق و راهێنانی مێشکییەوە گرینگییەکیان پێنەدەدرا تەنیا فێری هونەرەکانی ماڵداری دەکران لە نێو مالی خۆیاندا.

بەم پێیە یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان کوڕان و کچان بە هیچ جۆرێک بوونی نەبووە و پیادەنەکراوە. لە کۆمەڵی یۆنانیدا پەیوەندی پیاو بە کەنیسە و دەوڵەتەوە بە هێز بوو و توانیویەتی ناڕەزایی لە سەر هەڵەی ژنەکەی دەرببڕێت و مارەییەکەی وەربگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێژەی جیابوونەوە کەم و نزم بوو. دەکرێت بڵێین پەرەگرتنی خێزان بە شێوەیەکە کۆمەڵی یۆنانی کۆندا دەگەرێنەوە بۆ هێزی بازووی پیاوان و لاوازی ژنان لە رووی بایۆلۆژییەوە لە بەرامبەری پیاواندا، بۆیە ژن بە پلەی دووەم هاتووە لە دوای پیاوەوە.

٢ـ خێزانی رۆمانی کۆن:

خێزانی باوک سالاری لە رۆمان لەو پەڕی گەشە و مەزنایەتی دا بووە، باوک خاوەنی هێزێکی گەورە بووە و مافی ئەوەی هەبووە بڕیاری لە سەر چارەنووسی رۆڵەکانی بدا بە بەخێوکردن یان بە رزگاربوون لێیان.

کچان تا لە ماڵی باوکیان دا بوون لە ژێر کۆنترۆڵی باوکیان دابوون پاشان کە چوونەتە ماڵی مێردی خۆیان ئەو دەسەڵاتە گواستراوەتەوە بۆ مێردەکانیان.

باوک لە خێزانی رۆمانی کۆندا، پێشەوای پەروەردەیی و ئابووری و ئایینی بووە، ئەو رێورەسمە و رێز و بە پیرۆز راگرتنانەی لە نێو ماڵدا پیادە دەکران، باوک راستەوخۆ سەرپەرشتی دەکردن و منداڵەکانی لە سەر دادەهێنان. پێکهێنانی هاوسەرێتی لە خێزانی رۆمانی کۆندا بریتی بووە لە پەیمان بەستنی شەخسی و بە رەزامەندی باوکی هەر دوو لایەن کراوە، بەڵام کوڕ بۆی هەبووە ئەو هاوسەرێتییە هەڵبوەشێتەوە (ئەگەر بە زەبری هێزیش بوو بێت، کردوویەتی) لە کاتێکدا ئارەزووی لە کچێک نەبووە کە باوکی ویستوویەتی بۆی بخوازێت. گەرچی خێزان پێکهێنان لە سەر بنەمای هاوتایی و یەکسانی کۆمەڵایەتی هەر دوو لایەن بووە و دەبوایە هەر دووکیان لە یەک ئاستی کۆمەڵایەتی دا بوونایە. بەڵام پیاو هەر زوو دەسەلاتی بە سەر ژندا دەگرتە دەست و پارێزگاری لەو دەسەڵاتەی دەکرد. تەنیا لەو کاتانەدا ژن جێگای مێردی دەگرتەوە و بە ئەرکەکانی پیاو هەڵدەستا خۆ ئەگەر لە نێوان کەسوکاری ژن و مێرددا (کوڕ و کچدا) یەکسانی نەبووایە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئەوە منداڵەکانی ئەم جۆرە خێزانانە مافی هاووڵاتیی و میراتیان لێدەسەندرایەوە تەنانەت ئەگەر پرۆسەی هاوسەرێتی بوونەکەشیان یاسایی بوایە.

خێزانی رۆمانی رێگای دا بوو بە جیابوونەوەی ژن و مێرد ئەگەر هاوسەرێتی بوونەکەیان ناحکومی بووایە، بەڵام پرۆسەی جیابوونەوە بە شێوەیەکی گشتی کەمتر رووی دەدا چونکە پێویستی بەوە دەکرد لە رێورەسمی ئاهەنگێکدا ئەنجام بدرایە کە تێچوونەکەی کەمتر نەبوو لە ئاهەنگی هاوسەرێتی. لە سەدەی سێیەم و دووەمی پێش زایینیدا گۆڕانکاری بە سەر خێزانی رۆمانی دا هاتووە بەتایبەتی لە لای چینە باڵاکان، ژنان لە هەندێک کۆت و بەند و وابەستە بوون رزگاریان بووە و، هەندێک رۆڵیان وەرگرتووە کە جاران تەنیا بۆ پیاوان بووە وەک: خزمەت کردنی سەربازی و بەدەستهێنانی ئازادی. ئەوەش سەڵمێنرا کە مافیان هەیە لە بڕیار دەرکردندا، ئەو گۆڕانکارییانەش بوونە هۆی باڵادەستی ژنان بە سەر پیاواندا بەڵام دوای ئەوەی کۆماری رۆمانیا گۆڕا بۆ ئیمپراتۆریەتی رۆمانیا ئەم رەوشەی خێزان وەک خۆی نەمایەوە و گۆڕانی بەسەر دا هات.

کێشەی جیابوونەوە بوو بە یەکێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆماری رۆمانیادا بە تایبەتی لە قۆناگەکانی کۆتایی تەمەنیدا. جیابوونەوەی ژن و مێرد بوو بە کارێکی ئاسایی و ئاسان و بە ئارەزووی یەکێکیان دەکرا تەنانەت ئەگەر لایەنی بەرامبەر ئارەزووی لە مانەوەی هاوسەرێتیش ببوایە، بۆیە ژیانی ژن و مێردایەتی لە نێوەندی چینە باڵاکاندا داڕما.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بنەماڵە . پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و جیابوونەوە

ئامادەکردنی: مەسعوود فەتحیپوور

- بنەماڵە مەسەلەیەکی گشتییە کە لە هەر گۆشە نیگایەکەوە، بە هەر شێواز و زمانێک چاوی لێ بکەین و لێی بدوێین و باسی بکەین، بە هەر واتا و فەلسەفەیەکەوە وەدوای کەوین..... بمانهەوێ و نەمانهەوێ بە شێوەیەکی راستەوخۆیان ناراستەوخۆ لەگەڵ باسکردنی دیاردەکانی جیهانی دا باس لە خۆمان و نزیکترین کەسەکانی دەوروبەرمان دەکەین بە ژیانی ئاسانی کێشە و گرفتەکاندا دەچنە خوارەوە.

- ئەگەر ئێمە بمانهەوێ لە سەر هەر مەسەلەیەکی کە باسی لە سەر دەکەین سەرکەوتوو بین و لە دوان لە سەر ئەو پرۆسەیە تووشی گرفت و یا خود هەڵە نەبین لە پلەی یەکەم دا دەبێ هەوڵ بۆ ناسین و ناساندنی و زانینی واتای راستەقینە ئەو پرۆسەیە یا ئەو مەسەلەیە بدەین. هەر بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند واتایەک لە چەمکی بنەماڵە یان خێزان روون بکەینەوە.

- چەمکی خێزان یا بنەماڵە: وەک هەموومان بەردەوام لەگەڵ خیزان سەروکارمان هەیە بە ئاشکرا دەزانین کە بنەماڵە بچووکترین ئەندامی کۆمەڵگایە. لە بنەماڵەدا تاکە کەس لە دایک دەبێ و گەشە دەکات و گەورە دەبێ و بۆخۆی دەبێتە ئەندامێکی ئەو بنەماڵەیە و دەبێتە کەسێکی سەربەخۆی پشتبە خۆبەست و موستەقیل.

- بە هۆی جیاوازی و لە یەک نەچوونی بیر و بۆچوونەکانی مرۆڤ و زانایان لە بواری کۆمەڵناسی و بنەماڵەییەوە نەتوانراوە واتا و چەمکێکی تایبەت بۆ بنەماڵە دیاری بکرێ هەر بۆیە چەند واتایەکی جیاواز بۆ ئەم پرۆسەیە دانراوە کە ئەگەر زیاتر لە سەریان بکۆڵینەوە بە هۆی ئەم واتا جیاوازانە و لە لای یەکتریدانانیان واتایەکی دروست و تایبەت دەتوانین پەیدا بکەین: ١- چەمکی سێکسی، ٢- چەمکی رەفتاری، ٣- چەمکی کۆمەڵایەتی

چەمکی سێکسی: بە پێی ئەم روانگەیە خێزان بریتی‌یە لە پێوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاو کە ئەرکی ئەم پیوەندییە نەوە خستنەوە و گرنگیدان بە منداڵە.

چەمکی رەفتاری: لەم تێروانینەدا بنەماڵە بەستراوەتەوە بەو چەشنانەی رەفتاری کە پرۆسەی هاوسەرێتی، و پەیوەندییەکان هاوسەرێتی، هەڵبژاردنی هاوسەر، یاساکانی هاوسەر، شوێنی ژن و گۆرانکارییەکان کە بە سەر هاوسەرێتی و جیابوونەوەدا هاتبوون، پێیان وایە ئەو چەشنانە کاریگەری راستەوخۆیان لە سەر تاکەکانی بنەماڵە هەیە.

چەمکی کۆمەڵایەتی: لەم گۆشەنیگایەوە بنەماڵە بریتییە عوزوێکی کۆمەڵایەتی رێکخراو وابەستە بە داب و نەریت و قانوونەوە. بەو پێوەندییە تایبەتییانەش جیا دەکرێتەوە کە لە نێوان بەشدار بووان و پێکهێنەرانی ئەو یەکەیە دەگرێتەوە.

بە هۆی برێک وردبینی و شیوەکاری و لێکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە وا بەستراوەتەوە و پێوەندییان پێکەوە هەیە ئەگەر ئێمە ئەوانە لەلای یەک دانێین دەتوانین واتایەکی تایبەت هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێی کرد دیاری بکەین ئەوەش ئەوەیە کە لە حاڵەتی گشتی‌دا بنەماڵە بریتی‌یە لە: پرۆسەیەک و شوێنێک کە لەوێدا بە لەبەرچاوگرتنی چەشنە رەفتارییەکان دوو کەس هاوسەرێتی و ژیانی هاوبەش پێک دێنن و لە نزیکی و پیوەندی سێکسی ئەو دوانە ئەندامانی بنەماڵە زیاتر دەبن و بە چەند کەس دەگا کە ئەو بنەماڵەیە وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی شوێنەواری راستەوخۆی لە سەر کۆمەڵگا هەیە.

بنەماڵە وەک یەکە و رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگادا چەند قۆناخێک تێپەر دەکات:

١- قۆناغی یەکەم یا سەرەتا: ئەو قۆناغە راستەوخۆ دەکەوێتە پێشی هاوسەرێتی و ژیانی هاوبەش کە لەم قۆناغەدا ئامادەکاری بۆ ژیانی هاوبەش دەکرێ کە سۆز و عاتیفە و ئێحساس بە سەر پێوەندی هەر دوو لایەن (کوڕ و کچ)دا زاڵ دەبێت.

٢- قۆناغی دووهەم یان قۆناغی دوای دەستپێکردنی هاوسەرێتی (بە کردەوە): کاتێک کە ژن و پیاو هاوکاری دەکەن و بەشدار دەبن و لە چوارچێوەی ماڵێکدا یا شوێنیک دا نیشتەجێ دەبن و بەرپرسایەتی منداڵەکانیان بە ئەستۆ دەگرن. لەم قۆناغەدا دید و بۆچوونەکان سەبارەت بە خۆیان و بەو گروپەی ئەندامان تێدا دەستنیشان و دیاری دەکرێت.

٣- قۆناغی سێیەم کە لەم قۆناغەدا زیاتر گرنگی دەدرێ بە منداڵ و هەوڵ دەدرێ و گەشەپێدان و پێگەیاندنی منداڵەکە و ئامادەکاری بۆ ئەوەی کە بە شێوەی پێویست و باش ئەو منداڵە رەوانەی نێو کۆمەڵگا بکەن تا لە بە ئەستۆگرتنی کاروباری نێو کۆمەڵگا دا ئامادە بێ.

ئەگەر ژن و پیاو پێوەندییەکی ئاسایی و قایمیان بوو ئەوە بنەماڵە لەم قۆناغەدا زیاتر پتەو و توندوتۆڵ دەبێت.

٤- قۆناغی چوارەم: ئەم قۆناغە لە رووی دەست بەتاڵی دایک و باوک سەبارەت



بە لێپرسراوێتی منداڵەکانیان بڕێک لە قۆناغی یەکەم دەچێت دوای ئەوەی کە منداڵەکانیان ڕەوانەی کۆمەڵگا کرد تا زیاتر پشت بەخۆیان ببەستن.

٣ـ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش «هاوسەرگیری»

## هەڵبژاردنی هاوسەر

گرینگترین ئیش و بڕیار لە ژیانی مرۆڤدا هەڵبژاردنی هاوسەرە، ئەم هەڵبژاردنە پێویستی بە ڕادەیەکی باڵا لە عەقل و کامڵبوون و کاری هوشیارانە هەیە. نابێ لە ڕووی خەون و خەیاڵ و ئەندێشەوە بێ، هەڵبژاردنی هاوسەر یەکەم پلە و سەرەتاییترین قۆناغە بۆ ژیانی بنەماڵەیەکی ئارام و سەرکەوتوو ئەگەر بە شێوەیەکی دروست بێت و بە پێچەوانە ئەگەر نادروست و بە بێ هوشیاری بێ ماڵوێرانکەر دەبێ هەر وەک دەزانین هەڵبژاردنی هاوسەر شتێکی جیاوازە لە هەڵبژاردنی هاوکارو دراوسێ و هاوڕێ چون ئەوانە هەموویان بە نۆبەی خۆیان جێگای گۆڕین و گۆڕانکارین و جیابوونەوەی هاوسەر دەبێتە هۆی تێکچوونی بنەماڵە و شوێنەواری خراپ و دڵتەزێن لە سەر تاک تاکی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە دادەنێ هەر بۆیە ئەم هەڵبژاردنە جیاوازە لە هەموو هەڵبژاردنەکان.

بۆ ئەوەی کە ئێمە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی هاوبەش «هاوسەر»دا بەرەندە بین و تووشی هەڵە نەبین و بە گشتی پەشیمان بوونەوەی لە دوا نەکەوێتەوە و ژیانێکی سەرکەوتوومان هەبێ، دەبێ هەر لە ئەوەڵدا قایمکاری لە بناغەی ژیانمان دا بکەین و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر هەڵبژاردنێکی دروست و شیاو بە لە بەرچاوگرتنی چەند فاکتەرێکی کاریگەر کە زانایان بڕیاریان داوە لەسەر ئەم فاکتەرانە بە شێوەی گشتی «کۆمەڵایەتی، شارستانییەت، کەسێتی. ئەو فاکتەرانە بریتین لە «لە یەکچوون یان هاوتایی، نزیکی، تێرکردنی پێداویستیە شەخسییەکان، بیرۆکەی هاوسەری نموونەیی، جیاوازی».

هاوتایی: مەبەست لە هاوتایی لەیەکچوونە کە بە فاکتەرێکی ئۆتوماتیکی بەهێز حیسابی لەسەر دەکەن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا. ئەو فاکتەرە دەتوانێ بوارەکانی ئەم پرۆسەیە بچووک و بەرتەسک بکاتەوە. تاکە کەس پێ بزانێ یا نەزانێ لە هەڵبژاردنی هاوسەردا بۆ ئەو کەسە دەگەڕێ کە هاوتایی خوێن، لە ڕووەکانی «نژاد، ئایین، تەمەن، ڕۆشنبیری، ئابووری و کۆمەڵایەتی»یەوە هاوشانی خۆیەتی، و هەروەها ئەو کەسە هەڵدەبژێرێ کە لە بواری ئارەزوو و ویست و خۆزگەوە لە خۆی دەچێت.

٢ـ نزیکی: گەڵێک زانایان پێیان وایە کە تاکەکەس بە شێوەیەکی سروشتی ئەو کەسانە دەناسێ و لێیان تێدەگات کە لە نزیکیەوە دەژین، یان کاری لەگەڵ دەکات یان لێیەوە فێر دەبن، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر بواری هاوسەرگرتن لە نێوانیاندا بەهێز و فراوان دەکات.

خەڵکی بۆ ئەوەی بتوانن هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن پێویستە یەکتر ببینن و یەکتر بناسن و بگونجێن لەگەڵ یەکتر و پێکەوە هەڵبکەن. کە ئەم دوو فاکتەرە پێکەوە و بە گشتی بە زمانی خۆماڵی و لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا وەک تەفاهوم باسی لێدەکەین کە وەک سەرەتاییترین فاکتەری هەڵبژاردنی هاوسەر بە شێوەی شیاو ئاماژەی پێ دەکەین. ئەگەر ئەم فاکتەرە لە بەرچاو گیرا دوو لایەن (کوڕ و کچ) بە باشی یەکترییان ناسی ئەم جارە مەسەلەیەکی دیکە یانی تێرکردنی پێداویستییە یا ئێنتزارات و تەوەقوعات دێتە گۆڕێ کە ئەم ئێنتزاراتە وەک زانایان و ئێمەش بۆمان دەرکەوتووە بریتین لە: پێویستی بۆ هاوسۆزی، ئارەزوو لە پەسندکردنی ڕەخنە و سەرزەنش و سزا، پێویستی بۆ پێکەوە بڕیاردان و وەڵامدانەوە لەگەڵ یەکتریدا، پێویستی بۆ هەڵاتن لە باڵادەستی کەسانیتر، حەزی سەربەخۆبوون و پشت بەخۆبەستن، ئەگەر دوو لایەن ئەم پێداویستییانەیان لەگەڵ یەکتر باس کرد و دەتوانن بڵێین ئەو دوو کەسە یەکتر دەرک دەکەن.

ئەگەر ئەم دوو قۆناغە سەرکەوتووانە تێپەڕ بوو تەنیا فاکتەرێک کە من بە شێوەی تەجرووبە بە دەستم هێناوە و زۆریش گرینگە، متمانەتە.

متمانە یان باوەڕ: ئەم فاکتەرە یەکێکە لەو فاکتەرانە کە ئەگەر لە گۆڕێ دا نەبێ نە تەفاهوم و نە دەرک مانایەکیان نییە. ئەو باوەڕەیە کە دەتوانێ ئەو دوو فاکتەرە بەهێز بکات. چوون ئەگەر هەر کام لە دوو لایەنی کوڕ و کچ زۆر بە کەمی بێ باوەڕ بن بەرامبەر بە یەکتر هەست بەوەی دەکەن کە لە بە ئاکام گەیشتن بەو دوو فاکتەرەش دڕۆیان لەگەڵ کراوە و شایەد ڕاستیان لەگەڵ یەک نەکردبێ.

ئەگەر باوەڕیش لە نێوانیان دا نەقشی بەست و هەر دوولا هەم باوەڕیان بە خۆیان بووە هەم بە لایەنی دیکە ئەوە ئەو سێ فاکتەرە بە شێوەی سروشتی و زنجیرەیی و پێوەندیدار تێکەڵ دەبن و ژیانی هاوبەش ئەو کات دەتوانێ ژیانێکی سەرکەوتوو بێ. جا ئەگەر بنەماڵەیەکی سەرکەوتوو پێکهات بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە سەر کۆمەڵگا شوێنەواری باش دادەنێ چوون هەر وەک پێشتر باسمان کرد تاکە کەس لە نێو بنەماڵە دا پێدەگات و ڕەوانەی کۆمەڵگا دەبێت یانی لەوە پێش ئەندامی بنەماڵە بوو بەڵام ئێستا ئەندامی کۆمەڵگاشەوە دەتوانێ لە سەر کۆمەڵگاکەی هەم خراپ و هەم چاک کاریگەر بێت.

## جیابوونەوە یان تەڵاق

تەڵاق یا دابڕان لە یەک ڕێگایەکە بۆ کۆتایی هێنان بەو وەزعەی کە پێی نارازین بە تایبەتی لە پرۆسەی ژیانی هاوبەش دا کە وەک ئاخرین ڕێگا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. وەختێک کە هەر کام لە لایەنەکانی (کوڕ و کچ) بە وەزعیک گەیشتن کە ئیدی ڕێگا چارە نەماوە و هەموو هەوڵێک دراوە بۆ چارەسەری بەڵام بێ ئاکام بووە بەرامبەر بە کێشەیەک کە لە گۆڕێ دایە. داوای تەڵاق یا جیابوونەوە دەکرێ. لێرەدا پێمخۆشە چاوێک بە ئاماری هاوسەرگیری و تەڵاق لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بکەین.

ئەم چوار خانووە ئاماری تەڵاق لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لە کۆمەڵگای وڵاتی ئێران نیشان دەدا. ڕەدەبەندی وڵاتی، چوارەمین وڵاتە لە بارەی زۆری تەڵاقەوە، کە لە سایتی ئاماری تەڵاق لە ئێران و جەهان وەرگیراوە:

بەڵام ئەو هۆکارانە کە دەبنە هۆی تەڵاق و لێک جیابوونەوەی دوو کەس ئەم هۆکارانە هەندێکیان پێوەندی بە خوودی تاکە کەسەوە هەیە و بەڵام هێندێکیان لە دەست تاکە کەس دا نیە. ئەوانەی وا پێوەندی بە تاکە کەس دا نیە بریتین لەو کێشانەی کە دەگەڕێتەوە سەر لەشی مرۆڤ کە یەکێک لەوانە نەزۆکییە چ لایەنی پیاو و چ لایەنی ژن.

بەڵام باقی تەواوی دەگەڕێتەوە سەر

**خەڵکی بۆ ئەوەی بتوانن هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن پێویستە یەکتر ببینن و یەکتر بناسن و بگونجێن لەگەڵ یەکتر و پێکەوە هەڵبکەن. کە ئەم دوو فاکتەرە پێکەوە و بە گشتی بە زمانی خۆماڵی و لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا وەک تەفاهوم باسی لێدەکەین**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



| ساڵ | ئاماری هاوسەرگیری | ئاماری تەڵاق |
|---|---|---|
| ١٣٨٤ | ٧٨٧٨١٨ | ٨٤٢٤١ |
| ١٣٨٥ | ٧٧٨٢٩١ | ٩٤٠٣٩ |
| ١٣٨٦ | ٨٤١١٠٧ | ٩٩٨٥٢ |
| ١٣٨٧ | ٨٨١٥٩٢ | ١١٠٥١٠ |
| ١٣٨٨ | ٨٩٠٢٠٨ | ١٢٥٧٤٤ |
| ١٣٨٩ | ٨٩١٦٢٧ | ١٣٧٢٠٠ |
| ١٣٩٠ | ٨٧٤٧٩٢ | ١٤٢٨٤١ |
| ١٣٩١ | ٧٩١٦٥٦ | ١٢١٠٠١ |

تاکە کەس. کە دەبنە رەفتاری. ئەگەر وەک ئامارەمان پێی کرد بناخەی ژیان قایم بێ کێشەکان کەمترن ئەو قایم بوونەش پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرە کاریگەرەکان و هەڵبژاردنی هاوسەر هەیە. هێندێک لەو هۆکارانەی کە زۆریان جەخت لە سەرە وەک بیانوویەک بۆ جیابوونەوە ئەمانەن:

١- زیناکردن و ناپاکی هاوسەرێتی

٢- زیان - لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا مافی ژن و مێردە داوای جیابوونەوە بکەن ئەگەر بە هۆی پێوەندی هاوسەرییانەوە زیان بە هەردووکیان یان بە یەکێکیان بکەوێت ئەو زیانانە هەم دەتوانێ مادی بێ و هەم مەعنەوی. ئەڵبەتە جێگای ئامارەیە کە ئەم هۆکارەی پێوەندی بە کۆمەڵگادا هەیە. شایەد لە هێندێک کۆمەڵگادا کێشە نەبێ.

٣- جیاوازی و ناکۆکی و ملمڵانێی نێوان ژن و مێرد کە ژیانی هاوسەرێتی بکا بە دۆزەخ.

٤- توندو تیژی جەستەیی و ئەقڵی

هێندێک جار برێک بیروبۆچوونی هەڵەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە داوای جیابوونەوە بکرێ کە ئەگەر تاکەکەس بە تەواوی بە رادەی عەقڵی باڵا بگات دەتوانێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکا. کە لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو دیاردەیە باوە. کە پێی دەڵێن دڵپیسی.

دڵپیسی دیاردەیەکە کە راستەوخۆ دەگەڕێتەوە سەر متمانە یانی پیاوێک کە ژنەکەی یا هاوسەرەکەی هەروەها بە پێچەوانەوە دێت کە لەگەڵ کەسێکی دیکە راوەستاوە و پێوەندییەکی بە جۆرێک تێکەڵییان هەیە گوفتمان دەکەن، لەگەڵ یەک پێدەکەنن یا هەر شتێکی دیکە. بە فەوری زهنییەتێکی غەڵەت بە مێشکی دەگات کە ئەوە لەگەڵ ئەو فلان کەسە پێوەندییان هەیە کە دەگەڕێتەوە سەر دوو باوەر: ئەوەڵ یان ئەوەدەی ئەو هاوسەرەی خۆشی دەوێ کە حەسوودی و بەخیلی بەوە دەکای کە کەسێکی دیکەش لەو بەهرە ببا و فەقەت دەبێ هی ئەو بێ. یان لە پلەی دووهەم دا بێ متمانەیی هەم بە هاوسەرەکەی و هەم بە خۆی، شایەد پرسیار بێ چۆن بێ باوەرە بە خۆی، ئەو کەسە هێشتا بەو باوەر و قەناعەتە نەگەیشتوە کە شیاو و لایەقی هاوسەرەکەیەتی بۆیەش دەترسێ کە هاوسەرەکەی ئەو بگۆڕێتەوە بە کەسێکی دیکە.

## شوێنەواری تەڵاق

تەڵاق هەر وەک باسمان کرد شوێنەواری خراپ وماڵوێرانکەرە لە سەر هاوسەرەکان دادەنێ و زۆر جاریش ئەو ژیانەی ئەوان ئاوێتە بە منداڵ بووە و لە سەر منداڵەکان یان منداڵەکەشی شوێنەواری هەیە.

شوێنەواری جیابوونەوە لە سەر هاوسەرەکان: ئەو شوێنەوارانە هەم ماددییە و هەمیش مەعنەوی

ماددی: هەمووما دەزانین کە پرۆسەی هاوسەرگیری و ئیزدواج کردن پابەند و پێویستییەکی زۆر بە ماڵی دنیا و پارەیەکی زۆر هەیە دەیجا ئەگەر ئەو ژیانەش سوودی نەبوو دیاردەکە ئەو خەرج و مەسرەفەی کە کراوە بە فیرۆ دەچێ و پاشان ئەو خەرج و پووڵەی کە دوای تەڵاق بە ژن یا بە پیاو دەدرێ ئەوەش لە جێی خۆیدا شوێنەواری هەیە.

بەڵام ئەوەی گرینگە شوێنەواری مەعنەوییە کە ژن و پیاو دوای تەڵاق و جیابوونەوە تا ماوەی ٤ تا ٥ ساڵیش هەموو پێداویستییە عاتفی و هاوسۆزی و جنسییەکانیان سەرکوب دەکەن. لە لایەکی دیکەوە ئیمکانی هاوسەرگیری بۆ ئەوان تا رادەیەک کەم دەبێتەوە. بەتایبەتی لە نێو ژناندا. ژنان بە داخەوە بە هۆی ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە چاوێکی نزم چاو لێ دەکرێ. بۆ پیاویش ئەو شتە پێش دێ بە تایبەتی ئەگەر ئەرکی پێگەیاندنی منداڵەکەی پێسپێردرابێ.

## شوێنەواری جیابوونەوەی دایک و باوک لە سەر منداڵ

ئەو جیابوونەوەیە ئەو منداڵە بە جۆرێک بار دێنێ کە بەردەوام ترس و دڵەراوکەی لە دڵ دایە لەوەی کە دایکی بە جێی هێشتوە ئاخۆ باوکی بە جێی ناهێڵێ و بە پێچەوانەوە.

مرۆڤێکی عوقدەیی بار دێ کە بە دایم لە فکری دڵرەقی و بێڕوحمی و تۆڵە ئەستاندنەوە دایە لە نێو کۆمەڵگەدا جێگە و پێگەیەکی بەرچاوی نابێ ئەگەر ببێش بۆخۆی باوەر بەوە ناکات هەمیشە خەمۆک و گۆشەگیر و مونزەوییە. هەست بە خۆشی ناکات. چووکترین کێشە کە بۆی پێش دێ لە بەرامبەری دا تەسلیم دەبێ و هێندێک جاریش ئەگەری هەیە دەست بە خۆکوشتن بدات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# بەشداری کردنی ژنان بە ڕێژەیەکی زیاتر لە نێو کایەکاندا



بەکر فەیسەڵ کاکەشین

هەڵبەت بەشداری کردنی ژنان لە نێو کایە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان، کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە، چونکە بەشداری ژنان هەم بۆ خودی خۆیان باش و کاریگەر دەبێت تا بە دەورو بەرەکەیان بڵێن ئەوەتا ئێمە توانای بەشداری کردنێکی کارا و چالاکانەمان هەیە، و هەم لە ئەسنای بەشداری کردنیان دامەزراوەکان سوود لە توانا و کارامەیە ژنان وەردەگرن بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر بەرەوپێش بردنی دامەزراوەکان و گەشەسەندنی کۆمەڵگا و وڵات، ئەگەر بە نمونە باس لە بەشداری ژنان بکەین لە ڕەوتی کاری ڕێکخراوەیی یاخود بڵێین بەشداریان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هەڵبەت بە هۆی هەندێک کۆسپ و بەربەست لە کۆمەڵگە دێتە بەردەم بەشداری ژنان، چونکە خوێندنەوەیەکی نادروست هەیە و بەدی دەکرێت لەلایەن هەندێک عەقڵی دواکەوتووی چەق بەستوو کە گوایە نابێت کچان و ژنان بچنە ناو کایە سیاسی و مەدەنیەکانەوە بە هۆکاری جیاجیا و پاساوی نالۆژیکی لەوانە زۆر جار باس لەوە دەکرێت بەشداری کچان و ژنان لە نێو کایەکان دەبێتە هۆی لەکەدار کردن و نەمانی ئابڕووی ئەو کەسانەو خانەوادەکانیان، بمانەوێت یان نا ئەو خوێندنەوە و دیدە لە کەمەڵگەی کوردەواری بەدی دەکرێت و بوونی هەیە، کاریگەری خۆشی هەبووە لەو بوارەدا، بۆیە تائێستا بەشداری ژنان لە نێو کایە سیاسی و مەدەنیەکان وەکوو ڕێژەیەکی چاوەڕوانکراو حزورو بوونیان نیە یاخود بە بەروارد بە پیاوان ڕێژەکەیان زۆر کەمە، بە چارەسەری ئەم گرفتە و لەبار بردنی ئەو دیاردە خراپانەی دەبنە هۆکاری دروست بونی کێشەکە، پێویستە ئەو پیاو و کوڕانەی لە ناو کایە سیاسی و مەدەنیەکان و دامەزراوەکان کاتێک خۆیان بەشدارن و کار دەکەن دەبێت دایک و خوشک و هاوسەرەکانی خۆیان بهێننە ناو دامەزراوەکان بەمەبەستی بەشداری کردنیان بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک خەڵک خوێندنەوەی هەڵە و خراپیان لەلا دروست نەبێت ئەمە لەلایەک لە لایەکی ترەوە کاریگەری دەبێت لەسەر کۆمەڵگە بۆ ئەوەی کچان و ژنان لەلایەن کەس و کاریانەوە ڕێگەیان پێ بدەدرێت بۆ ئەوەی بەشداری چالاکانە و مەیدانیانەیان هەبێت، هەروەها بەشداری کردنێکی چالاکانەی ژنان بە ئاستێکی بەرزو سەرنجراکێشەوە کە بیسەلمێنن کە ژنان و کچان توانای کارکردنیان هەیە ئەوە ڕاستەخۆ ژنان پەیام دەدەن بە کۆمەڵگە کەوا ئەوانیش کاریگەریان هەیە و دەبێت، بەم شێوەیە کۆمەڵگەش زیاتر دان بە تواناو کارامەیی و بەشداری کردنی کچان و ژنان دادەنێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەش هۆکاری تر هەن بۆ ئەوەی ڕێژەی بەشداری کردنیان زیاتر بێت، بۆ نمونە لە نێو ڕێکخراوێک چەندین کچ و ژن هەن کاری ڕێکخراوەیی دەکەن بەداخەوە هەندێک جار لەبری پشتیوانی و هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتر، هەوڵی دژایەتی یەکتر دەدەن و ململانێی لەگەڵ یەکترا دەکەن، ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت بۆ خودی خۆیان، بۆیە پێویستە کچان و ژنان لەنێو ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکان زیاتر و باشتر پاڵپشت و هاوکار و یارمەتیدەری یەکتربن بۆ ئەوەی هەر خۆیان خاوەن هێزو سەنگ و قورسایی خۆیان بن بۆ بەرگری کردن لە مافەکانیان، وە خودی خۆیان داکۆکی کاری مافەرەواکانیان بن ئەمەش ڕۆڵی دەبێت بۆ بەشداری کردنێکی چالاکانەی زیاتر هەروەها کچان و ژنان بەو پەڕی دلێری و بوێرانە درێژە بە خەباتی مەدەنیانەی خۆیان بدەن و بە شێوەی پراکتیک بەشدار دەبن لە کۆی پرۆسیسی بەرێوەبردنی وڵات و خاوەن پێگەیەکی بەهێزو تایبەت دەبن لە ڕەوتی بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگە و هەڵسوڕاوێکی دیارو ناسراو بن لە جموجوڵە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مەدەنیەکان دا.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ترساندنی منداڵان لەلایەن دایک و باوک و کاردانەوەکانی

ن: باوکی لایە

بخەوە ئەگینا دێوەکە بانگ دەکەم بتخوا، قەرەجەکە لە بەر دەرگا وەستاوە ئەگەر نەخەوی بانگی دەکەم قەپت لێبگرێ، ئەم ترساندنەی منال یان ئەم شێوازە دەربڕینە و چەندین دەربڕینی‌تری نەشیاوی لەم شێوازە کە لە سەرزاری هەندێ لە دایکانەوە بیسراوە و دەبیسرێت لەو کاتانەی مناڵەکانیان دەخەوێنن تەنها لە بەر ئەوەی مناڵەکانیان بنون دایکیشی هەندێ کاریتر بکات، یان کاتێک مناڵەکانیان دەخەوێنن ئەوانیش پێداگری ئەوە دەکەن تا چیرۆکیان بۆنە گێڕنەوە نانون کەچی هەندێ لە دایکان لە ڕابردوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە بری گێڕانەوەی چەندین چیرۆکی خۆش و بە سود کە منالان ئاسودە بکات لە رووی دەرونیەوە و ڕاستەوخۆ بنوون هەڵدەستن بە گێرانەوەی چەندین چیرۆکی دوور لە ڕاستی و ئەفسانەیان بۆ دەگێڕنەوە تا بنون، باشە دایکی بەڕێز تۆ مناڵەکەت بە شێوەیەکی کاتی خەواند بەڵام شتانێک لە هزریدا چەکەرە دەکات کە بە خەیاڵیشی نەیدیوە چونکە زۆربەی چیرۆکە ئەفسوناویەکان باس لە دێوێک دەکەن کە بە قەدەر شاخێکە و ڕۆژانە خۆراکی ژەمێکی چەندین پیاوی گەورەی زۆر بەهێزە یان لچی ئەوەندە گەورەیە داویەتی بە شانیا و لەم جۆرە چیرۆکە بێ بنەمایانە......... ئەم جۆرە چیرۆکانە گەر ئەژماری زەرەر و زیانەکانەی بکەی زۆر زیاترە تا سودەکەی دڵنیام قازانجی بۆ منالان هیچ نیە، ئەوەی تێبینی کراوە لە لایەن هەندێ لە باوکان یان گەنجانەوە کاتێک دەڕواتە بازاڕ بۆ تۆمارگەکان داوای دراماى ترسێنەر و شەڕو توندوتیژی دەکات و لەماڵەوەیش هەموو سەیری دەکەن بە گەورە و بچوک و مناڵەوە کە ئەمەیش ترسێک لەناخی منال دروست دەبێت.

ئەو ڕەفتارو ئاکارانەی لەو فلیمە ترسێنەرانە دیویەتی دورنیەوەک جۆرە نەخۆشیەکی دەروونی لە ناخیدا نەبێتە شتێکی بەردەوام، یان لە کاتی نوستینیدا خەو بەو شتانەوە ببینێت کە لە فلیمەکە دیویەتی، ترساندنی منال بەو شتانەی کە دوورە لە ڕاستیەوە وە لە باو باپیرانەوە بۆمان بە جێ ماوە وەک زۆربەی زۆری لێکۆڵەرەوان و دەروناسان لە چەندین توێژینەوە بۆیان دەرکەوتوە کە ئەو منالانە کە بەردەوام ترسێنراون بە شتی خورافیات جیاوازن لەو منالانەی کە ئاشنان بە چیرۆکی خۆش یان ئەو منالانەی کە زۆرترین کاتیان بە سەر دەبەن بە سەیرکردنی فلیمی ترسناک و شەڕ و شۆڕ و توندوتیژی جۆرە منالێکیان بەردەوام وەک شتێک بە دوایانەوە بێت وەک سێبەر، بەردەوام بەزیی و دلۆڤانن، متمانەیان بە خۆیان هەیە متمانەشیان بە دەوروبەریشی هەیە، حەز دەکات یارمەتی هەموو کەسێک بدات، کەسێکی نەرم و نیان و لە سەرخۆ دەبێت، هەموو کەسێکی خۆش دەوێ، حەز بە قازانجی هەموو کەسێک دەکات، منال والێ بکرێت هیواو ئومێدێکی بە ئایندەی خۆی هەبێت و هەمیشە گەشبین بێت، ئەوەی ناوی ترسە لە ناخیدا نەبێت بەڵکوو ئەم ژیانەی



خراپ بیر دەکەنەوە، متمانەیان بە خۆیان و هاوڕێکانیشیان نیە، گیانی یارمەتی و لێبوردەییان نیەبۆ هیچ کەسێک، کەسانێکی توندوتیژیان لێدەردەچێت، بەردەوام بیر لە تۆڵە سەندنەوە دەکەنەوە، سۆزو بەزەییان بۆ هیچ کەس نیە، حەز بە ڕاستگۆیی و چاک هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کەسدا ناکات بەڵکوو بە پێچەوانەکەیەوە ڕەفتار دەکات، ئەو کەسانەش کە سەیری فلیمی سودبەخش دەکەن یان چیرۆکی بەسودییان لە لایەن کەس و کاریانەوە بۆ دەگێڕێتەوە کەسانێکی لێبوردە و بەسود بۆ کۆمەڵگان، ڕاستگۆن لە گفتارو کرداریاندا، خاوەن سۆزو لە لا خۆش بکەین نەک هەر لە تەمەنی منالیەوە حەز بە مردن بکاتەوەو هیچ ئومێدێکی نەبێت و ڕەشبین بێت، زۆر گرنگە بە تێپەڕبونی تەمەنی منال دایک و باوک لەگەڵ تێپەڕاندنی تەمەنی منال ئاشنایان بکەن بە شتانێکی بە سودو بە کەڵک کە بۆ دواڕۆژیان کاردانەوەی باشی هەبێت هەمیشە بیرکردنەوەیان بیرکردنەوەیەکی باش بێت نەک بە پێچەوانەوە چونکە منال وەک هەویر وایە چۆنت بوێت بەو شێوەیە کە لە ناو دەستایە یان وەک پەڕەیەکی سپی هەر چیت بوێت ئەوە دەنوسی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# داهێنان و یاخی بوون

نوال السعداوی و . لە عەرەبیەوە «یاسین لەتیف»



جەستەمان لە دۆخی ئارام گرتندا ناگۆڕێت بۆ دۆخی بزاوتن و جوڵە، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە «هزرێکی نوێ» بە خانەکانی مێشکدا تێدەپەڕێت بۆ ئەنجامدانی کارێک. بۆ نموونە کڕینی نانێک، یان بەشداری کردن لە شۆڕشدا بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی؟. توێژینەوە گەلێک لە مەڕ «مێشک» ئەنجامدراوە بۆ چۆنیەتی بەرهەم هێنانی هزرو گەڕاندنەوەی یادەوەریەکان، ئەنجامەکان وا دەرچوون کە هزری نوێ یان ئەوەی پێی دەوترێت «داهێنان» لە ئاسمانەوە لە ڕێی وەحی ئیلاهیەوە ناهێنرێتە خوارەوە یان گردنێکی شەیتانی نییە، یان لە عەقڵی ناوەوەی نەستەوە هەڵ ناقوڵێت، یان شتێک نییە لە عەقڵەوە دەرچێت. داهێنان بریتیە لە تڕۆپکی باڵایی عەقڵ و درک کردن کە ئەو کاتەی نەست دەگۆڕێت بۆ هۆشیاری، خەیاڵ دەگۆڕێت بۆ حەقیقەت. خانەکانی مێشک لە توانایدا هەیە «خەیاڵی» ئەو شتانە بکات کە نیین، لە یاد کردنەوەی خەونەکانی منداڵیەوە هەڵ دەقوڵێت و دەبەسرێتەوە بە ئازارەکانی ئێستاو پرسەکانی پاشەڕۆژەوە. کرداری داهێنان لە مێشکدا پشت بەم «گرێدانە» دەبەستێت لە نێوان کات و شوێن. لە نێوان خەیاڵ و حەقیقەت، یان لە نێوان ڕۆح و هەست. داهێنان هەڵدەستێت بە خەیاڵ و یادکردنەوە، بەستنەوەی نێوان ئەو شتانەی کە پێکەوە پەیوەست نیین، لە توانایدا هەیە ئەو پەرژینە دروست کراوانە بسڕێتەوە کە لە نێوان زەوی وئاسماندا هەیە، ژیان و مردن، ڕۆح و جەستە، خواو شەیتان، نێرو مێ، زانست و هونەر، گەنج و منداڵ، بە ساڵاچوو، و پیرەکان و ئەوانیتر. بیرۆکەی یاخی بوون بە خەیاڵێکی سانای سروشتی تێدەپەڕێت، منداڵە کچ و کوڕەکان ئەزموونی دەکەن، وەکو چۆن بە هەوا نەفەس دەدەن و تیشکی خۆر دەبینن. بەڵام سیستەمی پەروەردە بەشدارە دژ بە سروشتی زگماکی، ووشەی یاخی بوون لە خەیاڵدا دەبەستێتەوە بە ئەشکەنجەو سوتاندن لە نێو ئاگردا. نەک بەو چێژەی کە لە مەعریفەوە هەڵدەهێنجرێت. چیرۆکی گوناحەکەی حەوا لە لای منداڵان دەپارێزێت کە چۆن لە خودا هەڵدەگەڕێتەوەو بەری مەعریفە دەکاتەوە . لە تەمەنی دە ساڵاندا مفکرە «تێنووسینە» نهێنیەکەم لە ترسی ئاگردا شاردەوە، نامەیەکم تێیدا نوسیبوو بۆ خودا و داوام لێکرد بوو لایەنگری براکەم نەکات تەنها لە بەر ئەوەی ئەوی بە کوڕ دروست کردوەو منیشی بە کچ دروست کردووە. براکەم هەمیشە دوو بەرابەر جەژنانەی بە نسیب دەبوو، سەرباری ئەوەی هەمیشە لە قوتابخانە دەر نەدەچوو، منیش سەرباری ئەوەی بە نمرەی بەرز دەر دەچووم هەمیشە بەشم دووبەرابەر گسکدان و پاک کردنەوەی ئاو دەسەکە بوو. کەرەتێکیان مامۆستای ئایین بە ڕاستە لە پەنجەی دەسەکانمیدا گوتی ئەوەی نامە بۆ خودا بنوسێت لە ئاگری جهەنمدا دەسوتێنرێت. حەفتا ساڵ تێپەڕی و بێ ئەوەی بزانم، هەروەها کاتیش وێرانە دەبێت ئەو کاتەی کە چاوم ئەبڵەق دەبیت کە چی هەر نییم. تا ئێستاش ئەوەی لە تێنووسی سەردەمی منداڵیم نووسیومە بڵاوم نەکردۆتەوە، نەک لە ترسی ئاگر، چونکە باوک و دایکم لە ترس ئازادیان کردم و توانیم ڕووبەڕووی جیهان ببمەوە بە ڕوخسارێکی شۆڕاوو بێ ئارایش و حیجابەوە. بەڵام تێنووسەکەی منداڵیم تا ئەمڕۆ لە تەقینەوەی نەوەوی و زەڕە ترسناک ترە. توێژینەوەکان سەلماندویانە عەقڵی منداڵان «پێش ئەوەی ملیان کەچ پێ بکرێت بۆ یاساکان لە ماڵ و قوتابخانە» پتر داهێنەرانەیە لە عەقڵی باوکان. لە هەندێک وڵاتانی جیهان هەوڵێکی نوێ دەستی پێکردووە کە مافی هەڵبژاردن لە ساڵی دەیەمەوە ببەخشرێتە منداڵان. لە سەرەتای یونایری ١٩٩٣ خوێندنی زانستی داهێنان و یاخی بوون لە زانکۆی دیوک لە شاری دیرهام لە ویلایەتی نورس کارولینا لە ئەمریکای باکور دەستی پێ کرد. من دەهەژام ئەو کاتەی دەمبیست خوێندکارانی کچ و کوڕ بانگیان دەکردم بە «پرۆفیسۆر ساداوی» ئەو ناوە بە کەسێکی تر تێدەگەیشتم، زاکیرەم کۆ دەکردەوەو دووبارە ڕێکم دەخستەوە درکم بەوە دەکرد من لە کوێم. بە بیرمدا دێتەوە حکومەتی میسر پاسەوانی چەکداری سەپاند بوو بە سەر ماڵەکەمدا لە جیزەو «بودی جارد» بۆ پاراستنی ژیانم کە مەترسی کوشتنم لە سەر بوو بە هۆی چیرۆکێکی کورتەوە کە لە خەیاڵەوە نوسی بووم. ئەو کات میسر لە دۆخێکدا دەژیا ناویان لێ نابوو سەردەمی «ارهاب» شتێکی تەمومژاوی بوو وەکو ئاگری ئەو دنیا، هەواڵ گەلێک تێدەپەڕین لە سەر لیستەکانی تیرۆر و مردنی بیرمەندان و ئەدیبەکان. ناوی خۆمم نەبینیەوە وەکوو «بیرمەندێک یان ئەدیبێک» تەنها لە لیستی مردندا نەبێت. دواجار دەستم کرد بە وانە گوتنەوەی زانستێکی نوێ ناوم لێنا «داهێنان و یاخی بوون». زانکۆ گەلێک لە دەرەوەی میسر بانگ هێشتیان کردم بۆ وانە وتنەوەی خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردودا، هەندێک جاریش تاسەی میسر پاڵم پێوە دەنێت و دەگەڕێمەوە، بەڵام ئەو کاتەی دەگەڕێمەوە بیر لە گەڕانەوەش دەکەم، من بە سروشت خۆشم لە پیشەی وانە ووتنەوە نایەت، لە یەکەم پێگەیشتنم لەگەڵ خوێندکارانی کچ و کوڕ پێیان دەڵێم:

ـ ناتوانرێت داهێنان و یاخی بوون بوترێتەوە،

بۆ لاپەڕەی ٣٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دیمانە:

# لەگەڵ ژنێکی بەهرەمەندی کورد لە وڵاتی هوڵەند




**دیمانە: ئایەت مرادی فەر**

ناهیدە رەشیدیان خەڵکی شاری سنە، نیشتەجێی هۆلەند، نووسەری چوار فەرهەنگی هۆلەندی - کوردی و کوردی - هۆلەندی و فەرانسی- کوردی و کوردی- فەرانسی و چەند کتێبی هۆنراوە و پەخشان. فەرهەنگەکانی لە سێ وڵاتی هۆلەند، بلژیک و فەرانسە چاپ و لە ناو خێزانە کوردەکانی ئەم سێ وڵاتە بلاو بووە. لقی خوێندنی ئەو ئەندازیاری کیمیایە و لە لقی پۆشش وەک رەنگ و مەرەکەبی چاپ و لاستیک پسپۆرە و ئەزموونی کارکردنی چەند کارگای کیمیاوی رەنگ و مەرکەبی چاپ و لاستیک دروست کردنی لە ئێران و هۆلەندا هەیە. لقی خوێندنی هۆکار بووە لە گەشە کردنی ناخ و دەروونی ئەو خانمە کە هەمیشە بیر و فێکری کوردستان و کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە مێشکیا و لە بەرچاوی بووە. بۆیە دەست بە کاری نووسین دەکات بۆ پێشخستن و خزمەت کردن بە کۆمەڵگای کوردستان. لە سەرەتا دەست ئەکات بە نووسینی دوو فەرهەنگی هۆلەندی- کوردی و کوردی- هۆلەندی. دواتر دوو فەرهەنگی فەرانسی - کوردی و کوردی - فەرانسیش دەنووسێت. وەک خوی دەڵێت: کاتی بینیم فەرهەنگەکانم لە هۆلەندا لە لایەن خەڵکی کوردی نیشتەجی هۆلەند پێشوازی لێ کرا، زۆر خۆشحال بووم و ئەمە بوو بە هۆکاری نووسینی دوو فەرهەنگی تری فە رانسی- کوردی و، کوردی- فەرانسی کە بە خۆشیەوە ئەوانیش لە فەرانسە و باشووری بلژیک بڵاو بووەوە. دوایی بە هۆی نووسینی ئەم فەرهەنگانە و شارەزا بوون لە چەند زمان، دەستی کرد بە نووسینی چەند کتێبی هۆنراوە و پەخشان و هەروەها چەند چیرۆکی ئامۆژگاری و رۆمانێک کە هێشتا سەرقاڵی ئەو رۆمانەیە و حەز دەکا بە هاوکاری هاوولاتیانیئەو رومانە کە باس لە سەردەمی راپەرینی خەڵکی ئێران دەکات تەواوی بکات و بە ئەمجورە زۆرتر خزمەت بە کۆمەڵگای کوردستان بکات. ئەم خانمە دوو منداڵی هەیە کە سەرقاڵی خویندن و فێربوونی چەندین زمانی ئوروپایین. دەکرێ ئەم خێزانە ناوی زمان لە خویان بگرن، بۆ ئەوە بە چەند زمانی ئۆروپایی وەک هۆلەندی و ئینگلیزی و فەرانسی زاڵن و کوردی و فارسیش دەزانن.

**پێشکەوتنی کۆمەڵگا و تاکە هاوپێوەندییەکی گرێدراوە بە یەک، کەواتە بۆ ئەوەی ژنانیش لەو چوارچێوەدا سەرکەوتن بە دەسبێنن و بە مافەکانیان بگەن روانگەی بەرێزتان چیە؟**

ناهید رەشیدیان: پێشکەوتنی کۆمەڵگا و کێشەی ژن بە یەکەوە بەستراوە، ئەگەر کۆمەڵگا پێش بکەوێ، ئەوە ژنیش گەشە دەکات و پێش ئەکەوێت. ژن ئەگەر لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا پەروەردە بێت و زۆر کێشە و گیروگرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی لەگەڵی بێت، بە ئاسانی ناتوانێت خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای پێشکەوتوودا بگونجێنێ. ژنی کورد بەدەگمەن توانایی ئەوەی هەبووە کە خۆی دەربخات، مەگەر ئەوەی کە خوێندنی بەرزی بێت، یان لەناو خێزانی هۆنەرپەروەر و کەسایەتی پەروەردا، پەروەردە بووبێت. کۆمەڵگایەک کە مافی ژنان دابین دەکات، یاسا پشتگیری لە ژن دەکات. لەم کۆمەڵگایەدا ژن دەتوانێت مافی خۆی بناسێت و پیاویش دەگاتە ئەو ئاستە کە مافەکانی ژن دەناسێت و رێز لە یاسا دەگرێت. پەروەردە کردن و ناسینی بەهرەمەندی و توانمەندیی ژن دوو فاکتەری سەرەکین لە کەم کردنەوەی کێشەی ژناندا، خۆی ژن بەرلەوەی کە ژن بێت، مرۆڤە و هەر مرۆڤێک مافی هەیە پێویستە مافە سەرەتاییەکانی جێبەجێ بکرێن،

**ژنی کورد بە دەگمەن توانایی ئەوەی بووە لە کوردستان خوی دەربخات، مەگەر ئەوە کە خویندنی بەرزی بووە و یان لە ناو خێزانی هۆنەرپەروەر و یان کەسایەتی پەروەر پەروەردە ببن.**

وەک ماڵ و خواردن و مافی خوێندن و بیرورا دەربرین و گەشەکردن، بەهرەمەندی و توانمەندی. ژن خۆشی دەبێت کۆمەڵگا بناسێت، دەبێت مافە رەواکانی خۆی بناسێت، بزانێ بۆچی خێزان پێک دێت. بەرپرسیاریەتیی خۆی و هاوسەرەکەی بۆ سەقامگیریی خێزان و پەروەردە کردن منالان بناسێت. دەبێت خۆی بە زانستێک رازاوە بکات بۆ بارهێنانی کەسایەتیی خۆی. ئەوکات هاوسەرێکی باش ئەبێت بە دایکێکی باش بۆ منالەکانی و یاریدەدەرێک دەبێت بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

**بە پێی سەرچاوەکان و ناوەندەکانی راگەیاندن و میدیا، بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە لە کوردستان بارودۆخی ژنان لە کوردستان لە ئاستێکی خراپدایە واتە بەشێکی هەرزۆری ژنان دەبنە قوربانی، روانگەی بەرێزتان لەم بوارەدا هەڵگری چ خوێندنەوەیەکە؟**

ناهید رەشیدیان: ئەگەر کە سێک لە کۆمەڵگای دواکەوتوو پەروەردە بێت و زۆر کێشە و گیروگرفت خیزانی و کۆمەلایەتی لە گەڵی بێت، بە ئاسانی ناتوانیت خۆی بگونجی لە گەڵ کۆمەلگا. ژنی کورد بە دەگمەن توانایی ئەوەی بووە لە کوردستان خوی دەربخات، مەگەر ئەوە کە خویندنی بەرزی بووە و یان لە ناو خێزانی هۆنەرپەروەر و یان کەسایەتی پەروەر پەروەردە ببن. کۆمەڵگای کوردستان مافی ژنان دابین ناکات، یاسا و قانوون پشتگیری لە ژن ناکات. لەم کۆمەڵگایەدا ژن ئەبێت مافەکانی خوی بناسێت و پیاویش بگەیتە ئاستێک کە مافەکان ژنان بناسێت و رێز لە یاسا بگرن تا ژنیش بتوانێت شان بە شانی پیاو وەک مرۆڤێکی یەکسان حیسابی لە سەر بکەن. یەکسانی مافی ژن و پیاو دەگەرێتەوە بە پێویستیەکان دەروونی و ئابووری ژنان و پیاوان کە بە پێی یاسا دیاری دەکری. کۆمەڵناسان و پسپۆران دەبێت ئەمە دیاری بکەن. خۆی لە خۆیدا لە کوردستان باری ئابووری فاکتۆریکە بۆ ژیانی کەسایەتی ژن، بەڵام فاکتۆری سەرەکی نیە. ئەگەر ژن زانستێک بزانێت و هاوکات دایکێکی باش بۆ منالەکانی و یارمەتیدەرێک بۆ کۆمەڵگا و بێجگە لە ئەمانە، بروا بەخۆبوون و بەهرەمەندی وتوانمەندی خۆناسین لای دروست دەبێت. ئەمانە بە مەرجێک دروست دەبێت کە هاوسەر و بنەماڵەکەی هاوکاری بن بەڵام کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایێکی پیاوسالاری یا باوک سالاریە.

**وەک دوا وتە بە گشتیی چ پەیامێکت هەیە؟**

ناهید رەشیدیان: گشت هیوا و ئاواتەکانی من و هەروەها نووسینەکانم کە پێکهاتووە لە چوار فەرهەنگ و چەند کتێبی هۆنراوە و چەند چیرۆکی ئامۆژگاری بۆ پێش خستنی زمانی کوردییە و خۆشەویستی بۆ زمان و فەرهەنگی کوردییە. بیر و فیکری رامیاری من زۆرتر رۆژهەڵاتی ناوەراست لە خۆی دەگرێت و پێشکەوتنی فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی کوردی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و نەتەوەی کوردی وەک هێز و دەسەلاتێکی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستە. بیر و فیکری من هاوبەشی و بیر لە نەتەوەکانیتر و یا بیر لە کرێکار لە ئەو پەری دنیا بکەمەوە نیە، لە گەڵ رێز و حۆرمەت بۆ هەر بیر و فیکریکیتر، بیر و فیکری من زۆرتر رۆژهەڵاتی ناوەراستە و هەوڵ و تێکوشانم بۆ ئەوەیە کە نەتەوەی کورد بتوانێت وەک هێز و دەسەلات لە رۆژهەڵاتی ناوەراست خۆی دەربخات و لە لای نەتەوەکانیتر وەک تورک و فارس و عەرەب بە ئاشتی و ئارامی بژین، دیارە من دژمنی نەتەوەکانیتر نیم، هەوڵ و تێکۆشانم بۆ بەرزکردنەوە ئاڵای کوردستان و پێشخستن کۆمەڵگای کوردستانە.

## درێژەی
# داهێنان و یاخی بوون

من هیچم نییە تەنها هەوڵێک نەبێت بۆ کەمێک ئازاد کردنتان لە ئەوەی کە مامۆستایان لە عەقڵتاندا جێگیری کردووە. گوێیان دەنگێکی نوێ دەبیستێت، سەریان بەرز دەکەنەوە بۆ ڕوخسارێکی بە خۆر سوتاو و، سەرێک بە ڕەنگی ترۆپکی بەفر، ڕەونەقێک لە سەرەخۆ دەکشێت بۆ چاوانیان وەکو تیشکی خۆر ئاواو ڕا ڕاو دو دڵ. هاتوون بۆ زانکۆ بڕوانامە بە دەست بێنن و دواجاریش پەیوەندی بکەن بە کۆیلەکانی کار لە بازاڕ. لە ژێر پەراسویاندا ئازارو بێزاریان هەڵگردووە، هەر لە سەرەتای منداڵیەوە هیوایان لە وەرزدا وون بووە. پێیان دەڵێم سیستەمی پەروەردە کە لە سەر بنەمای دوالیزم و دوانەیی و دژایەتی بەندە، بنەماکانی پەروەردە لە سەر دەمی کۆیلایەتیەوە نەگۆڕاوە ، تەنها بواریداوە بە پتر کردنی چڵێسی و زەوت کردنی مافی ئەوانیتر، هەروەها کەڵەکە کردنی قازانج لە بازاڕداو، گەشەپێدانی چەکی داگیر کردن و وێران کردنی گشتی. خوێندکارێک دەپرسێت ئایا سیستەمی پەروەردە لە ئەمریکا جیاوازە لە گەڵ میسردا، خوێندکارێکی کچ وڵام دەداتەوە: ـ سیستەمی پەروەردە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بەڵام بنەماکان یەکن ، لە گەڵ ئەوەی لە بواری زانستی گەردوندا پێشکەوتوین، تا ئێستاش بڕوامان بە «تیۆری خەلقە» کە لە پەرتوکی پیرۆزدا هاتووە. پێکەنینێکی شاراوەت دەبینی، خوێندکارەکە دەوەستێت و دەڵێت: ـ من بە تەواوی لەم بیرۆکەیەی لاهوتیەتە ئازاد بووم و هەموو شتێک دەگەڕێنمەوە بۆ عەقڵم. خوێندکارە کچەکە بەر پەرچی دەداتەوە: ـ بەڵام عەقڵت هێشتا نێرانەیە، داگیر کردنەکانیشت ژنانەیە؟ . لە پۆلدا پێکەنینێکی نزم دەبینی، ڕوخساری خوێندکارە کورەکە سوور هەڵدەگەرێت و بە بێ دەنگی دادەنیشێت و تا دوا هەست. بەتەواوی ئازادی دیالکتیک و گفتوگۆ لە بارە، پتر لە من قسە دەکەن «رێگایەکی باشترە بۆ پەروەردە» تێدەکۆشم بۆ وروژاندنی خەیاڵیان بە پرسیارێک : ـ ئایا سەرمایەداری باوکایەتی لە پاشەڕۆژدا لە ناو دەچێت وەکو دایناسۆرەکان؟ دنیا چۆن دەبێت بە بێ ئایین؟


کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# «پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییەکان لە بزووتنەوەی هەقەدا»

ئا: عیسمەت نستانی

پێشەکی:
ئاماژەدان بە بزووتنەوەی هەقە لێرەدا تەنیا بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەرانە. مەبەستی سەرەکی لە نووسین و ئامادەکردنی ئەو بابەتە خستنەڕوو و تێڕوانینی بزووتنەوەی هەقە لە مەڕ پێگەی ژن و ڕەوشی خێزان لەو بزووتنەوەیە دایە. بزووتنەوەی هەقە تێزێکی ماستەرە کە لە لایەن قارەمان نادر شێخ بزێنی پێشکەش بە فەکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی کۆیە کراوە. ئەو تێزە بە سەرۆکایەتی پ.د.خەلیل عەلی مراد و ئەندامەتی پ.د. جەواد فەقێ عەلی چۆم حەیدەری و پ.ی.د. یاسین سەردەشتی و بە سەر پەرشتیاری پ.ی.د. کەمال علی محەممەد گفتوگۆی لە سەر کراوە.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئاینییەکانی کوردستان بە شێکی گرینگی شارستانیەتی کوردستان پێک دەهێنن، هەر چەندە هێندێک لەو جوڵانەوانە مێژووەکەیان نادیارە و زۆرینەی زانیارییەکانیان نەنوسراوەتەوە و بەشێوەی زارەکی باسیان لێوە کراوە. هێندیکیش بە شێوەی ناتەواو و پچڕپچڕ لێی دواون.

یەکێک لەو بزووتنەوە و جوڵانەوە ئاینی و کۆمەڵایەتیانەی کە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا لە باشووری کوردستان دەرکەوتن، بزووتنەوەی هەقە بوو.

دەرکەوتنی بزووتنەوەی هەقە هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا دەسەڵاتی سەرۆک هۆز و ئاغاکان لە کوردستان لەوپەڕی بەهێزی دابوو.

بزووتنەوەی هەقە لە نێو کۆمەڵگایەکی بچووکی جوتیاری و شوانکارەیی و چینە زەحمەتکێشەکان و چەوساوەکاندا سەری هەڵدا و بانگەشەی بۆ سەربەستی و یەکسانی ڕەگەزی و نەهێشتنی جیاوازییەکانی نێوان نێرومێ دەکرد و هەوڵی چاکسازی لە بەشێک لە داب و نەریت و کلتووری کوردەواری دەدا.

مێژووی سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوەیە لە گوندی شەدەڵە و سەرگەلووەوە دەست پێدەکا، گوندی شەدەڵە ژینگە و پێگەی سەرەکی بزووتنەوەکە بووە دەکەوێتە ناوچەی سووررداش و سەر بە پارێزگای سلێمانیە و ١٢ کیلومەتر لە سلێمانی دوورە.

هۆکارەکانی دروست بوونی ئەو بزووتنەوەیە بریتی بوون لە بارودۆخی سیاسی - کۆمەڵایەتی، ئاینی، نیشتمانپەروەری و... هتد.

ئەو بزووتنەوەیە هەوڵی بەرجەستەکردنی دادی کۆمەڵایەتی و هاوکاری و یەکسانی و پێکەوە ژیان و دابین کردنی برایەتی و ڕەخساندنی زەمینەی ئاشتیخوازی بۆ خەڵکی کوردستان داوە.

لە لایەکیترەوە ئەو بزووتنەوەیە گرینگی داوە بە هێنانە پێشەوەی ژنان بۆ نێو کۆڕ و کۆبوونەوە و بەشداری پێکردنیان لە بەڕێوەبردن و پرس و ڕاوەرگرتن و هەوڵدان بۆ پیادەکردنی یەکسانی ڕەگەزی لە نێوان کۆمەڵگەدا.

## یەکەم: پێگەی ژن لە بزووتنەوەی هەقەدا:

ئەگەر چاو لە کۆمەڵگای کوردی بکەین ژن لە کۆمەڵگای کوردی بە نیسبەت کۆمەڵگاکانی دراوسێ ئازادی زیاتریان بووە، ژن گوێ لیی گیراوە و لە هێندێک شوێندا رابەرایەتی هۆزەکانیان کردووە، وێڕای ئەوەی کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان وەکوو یەک تەماشای ژنیان نەکردووە و ڕوانگەی جیاوازیان هەبووە. بزووتنەوەی هەقە وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و چاکسازیخواز هەر لەگەڵ دەرکەوتنی توانی ژنان لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە. هەر چەندە سنووری جوغرافیا و تەمەنی ئەو بزووتنەوەیە کەم بوو و نەیتوانی کاریگەری گۆڕانکاری لە کلتوور و داب و نەریتە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بکا، بەڵام گرینگیدان بە سەربەستی ژنان بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بەرنامەی بزووتنەوەی هەقە دادەنرێ.

چوونکە باوەڕیان وابوو کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژن و پیاودا نییە، هەر دوو ڕەگەز بە کردەوە بەشدارن لە مافە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئاینییەکادا و پێویستە لە پیناو بەرجەستەبوونی سەرکەوتن و دارشتنی بەرنامەی تۆکمەو پتەو بۆ ئایندەی بزووتنەوەی هەقە و نەوەکانی داهاتوو ڕاوێژ بە ژنان بکرێ و بێ جیاوازی بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بکەن، ئازادانە بیروڕای خۆیان دەرببڕن.

دیارە ئەو شێوازە لە سەردەمی مامە ڕەزا یەکێک لە بەڕێوەبەرانی بزووتنەوەکە کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە و هەوڵی تەواوی خستەگەڕ لە پێناو ڕزگارکردنی ژنان لە ستەم و زوڵم و داب و نەریتی کۆن و بەسەرچوو کە کۆمەڵگا تێی کەوتبوو. ئەو بزووتنەوەیە توانی ژنان بێنێتە نێو کۆڕ و کۆبونەوەکان و بەشدار بن لە دەرکردنی بڕیار و ڕاسپاردە و لە هەمان کاتیشدا گوێبیستی ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی شێخ و خەلیفەکان و... هتد بن. لە لایەکی دیکەوە ئەو بزووتنەوەیە توانی ڕۆڵی کاریگەر ببەخشێت بە ژنان و جیاوازییەکانی نێوان دوو ڕەگەزی کۆمەڵ کەم بکاتەوە و ژنان زیاتر هەست بە بوونی کەسایەتی خۆیان لە نێو بزووتنەوەکەدا بکەن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەرئەنجامی خراپی لێکەوتەوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەند تۆمەتی ناحەزیان بۆ ناشیرین کردنی ڕووخساری بزووتنەوەکە و تێکشکاندنی کەسایەتی بوو لە ڕووی جەماوەرییەوە. بۆ وێنە لەم ڕووەوە هارۆڵد هانسن دەڵێت: بزووتنەوەی هەقە ژن پەرستن بەڵام بە پێچەوانە محمد سەعید فەقێ محموود دەڵێ: باسی تێکەڵبوونی ژن و پیاو لە بزووتنەوەی هەقەکانم زۆر بۆ باسکرا بوو کە لە یەکتر ناگەڕێنەوە و کاری ناشەرعی ئەنجام دەدەن و ژن بە بێ مارەیی دەدەنە یەکتر، بەڵام کاتێک بوومە بەڕێوەبەری ناحیە میرزا ڕۆستەم، چەند جار شەوان و ئێواران سەردانی خانەقای کلکەسماقم دەکرد، هیچ دیاردەیەکی ناشێرین و ناشایستم بەدی نەکرد، جگە لە هاواری هەقە نەبێ.

سەرەڕای کێشەو نەیاری، بزووتنەوەی هەقە بەردەوام بوو لە کرانەوە بە ڕووی ژناندا، دیارە ئەوەش کاریگەری دەروونی لە سەر بیرکردنەوەی پەیروانی بزووتنەوەی هەقە کردوە کە پیاوەکانیان دەیانگوت: لە وتەی بووینە پێشرەوی بزووتنەوەی هەقە پیاوەتیمان نەماوە و... هتد.

بزووتنەوەی هەقە خانەقایانە بووە بۆ وێنە خانەقای کلکەسماق لانەی لێقەوماوانی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان و ئەو کەسانەی کە لە ژێر کاریگەری چەورۆستەم هەڵاتبوون، چوونکە دیاردەی کوشتنی ژنان لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا هەبووە، ئەوەش کاریگەری لە سەر دەروونی ژنان کردوە و بەشێک لە ژنان ماڵ و منداڵیان جێهێشتوە و دوای بزووتنەوەی هەقە کەوتوون، ئەو ژنانە لە نێو بزووتنەوەی هەقەدا خاوەنی ڕێز و خۆشەویستی بوون.

بزووتنەوەی هەقە لە کاتی هاوسەرگیری خوشک و کچەکانیدا شیربابیان وەرنەگرتوە و بە گڵاویان زانیوەو بۆچوونیان ئەوە بووە کە ژن بە پارە نابێ بگۆردرێتەوە چوونکە ئەو کات شیربایی لە کۆمەڵگای کوردی دا باوی زۆری بووە.

بزووتنەوەی هەقە ئەوەندی گرینگی بە ژنان داوە کە چۆتە ئاستی پیرۆزی پێدانەوە، بۆیە بە ژنپەرست ناوی بزووتنەوەکەیان هێناوە.

بزووتنەوەی هەقە ژن بە ژن ـ گەورە بە بچووکی بە کارێکی ناشایست و هەڵە زانیوە و ڕێگریان لی کردوە و هەوڵی کەمکردنەوەیان داوە. ئەو کات کە خێزانێک تەنیا کوڕی بوایە ژنهێنان بۆی کارێکی قورس بووە چونکە دیاردەی ژن بە ژن و گەورە بە بچووک باو بووە.

بزووتنەوەی هەقە بە تایبەت لە دەورانی مامە ڕەزادا هەوڵی ڕیفۆرمی کۆمەڵەیەتی لە کۆمەڵگای کوردەواری‌دا بە مەبەستی ڕزگارکردن لەو دیاردانە کە ژنان دەبوونە قوربانی حەز و ئارەزووەکانی پیاوان.

## دووەهەم: ڕەوشی خێزان:

لە نێو هەموو شارستانیەتەکاندا خێزان کۆمەڵگەیەکی بچووک و بنەمای درووست بوونی کۆمەڵگە گەورەکان بووە.

کۆمەڵگەی کوردیش کۆمەڵێک دابوونەریت و کلتووری تایبەت بە خۆی هەبووە کە پێویست بووە لە سەر تێکرای ئەندامانی خێزان جێ بە جێی بکەن. بزووتنەوەی هەقەش کە هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵگای کوردی بووە کۆمەڵێک داب و نەریت و کلتووری بووە کە ئەندامانی خێزان پێڕەویان لێی کردووە و جێ بە جێیان کردووە.

لە نێو بزووتنەوەی هەقەدا ژنان ڕۆڵی سەرپەرشتیاریان گیراوە، لە کاتی هاتنی میوان پێشوازیان کردوە بە تایبەت لە کاتی لەماڵەوە نەبوونی پیاوان ئەرکی جێگرەوەی پیاوانیان لە ئەستۆدا بووە.

حەمە سوریەکان کە بەشێک لە بزووتنەوەی هەقە بوون، نەیان هێشتوە کە منداڵیان ببێ بە تایبەت ئەو خێزانانەی کە لەگەڵ حەمە سور لە کەلاو قوت دەژیان، پاساویان بۆ ئەوەش ئەوە بووە کە بوونی منداڵ ئاژاوە و ئازار و ئەشکەنجە و تێکچوونی شیرازەی بزووتنەوەکە بە دوای خۆی دا دەهێنێت. حەمە سور بە چاوی پیرۆزییەوە چاوی لە ژنان کردوە، دیارە ئەو جۆرە ڕوانینە لە ژن لە تەواوی گروپ و لایەنەکانی بزووتنەوەکە دا بووە، بەڵام گرووپەکانی دیکە ڕێگەیان لە منداڵ بوون نەدەگرت.

**بزووتنەوەی هەقە لە نێو کۆمەڵگایەکی بچووکی جوتیاری و شوانکارەیی و چینە زەحمەتکێشەکان و چەوساوەکاندا سەری هەڵدا و بانگەشەی بۆ سەربەستی و یەکسانی ڕەگەزی و نەهێشتنی جیاوازییەکانی نێوان نێرومێ دەکرد و هەوڵی چاکسازی لە بەشێک لە داب و نەریت و کلتووری کوردەواری دەدا.**

حەمە سوریەکان نەیان هێشتووە کە منداڵ سەردانی دیواخان بکا، نەوەکوو ژنەکان حەز بە بوونی منداڵ بکەن.

پاساوی‌تریان بۆ نەبوونی منداڵ، سەرقاڵی بە ئیش و کار و بەڕێوەبردن و خەمخۆری بۆ ڕێبازەکەیان و ترسیان لەوە کە منداڵەکەیان مەبادا گوێ لە باوکیان نەگرن و گوێ بە ڕێبازەکەیان نەدەن و جێی بهێڵن.

بە بۆچوونی توێژەری بزووتنەوەی هەقە بڕیاڕدان لە سەر پێکەوەنانی خێزان و ڕێگریکردن لە منداڵ بوون داهێنانی حەمە سوریەکان نەبووە، بەڵکوو کاهینەکانی مەسیحییەت ژنیان نەهێناوە و خۆیان بۆ خزمەتی ئایینی مەسیحی یەکلا کردۆتەوە.

بزووتنەوەی هەقە خۆیان بە ئەندامی یەک خێزان زانیوە.

بۆچوونی جیاواز لە مەڕ ڕەوشی خێزان بە نیسبەت بزووتنەوەی هەقە هەبووە، هینی هارۆڵد هانس بزووتنەوەی هەقە بە ریبازی بەڕەڵایی و پێچەوانەی ئایین و تێکدانی پەروەردەیی خێزانی دەزانێ، بەڵام چەندین مێژوونووسی کورد ئەو بۆچوونانەن بە تۆمەتی نارەوا و دژ بە بزووتنەوەی هەقە دەزانن.

رابەرانی بزووتنەوەی هەقە لەگەڵ خێزانەکان ژن و ژن خوازیان هەبووە و خێزانیان پێکەوە ناوە، ئەوەش هۆکاریک بووە بۆ پتەو بوونی شیرازە و ریزەکانی بزووتنەوەی هەقە، هەروەها لەگەڵ خێزانە هەژارەکانیش تێکەڵ بوون و لەگەڵ هەموو چینەکان خۆیان بە خاوەنی بزووتنەوەکە زانیوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یەکەم ژنە بێژەری کورد لە رادیۆی دەنگی تاران



میدیا زەندی لە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری مەهاباد لەدایک بووە. لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە هاتووەتە بواری راگەیاندن و لە رادیۆ کوردی تاران دەستی بە کار کرد. لە ساڵی ١٣٣٧ کە بەشی رادیۆ کوردی ئێران لە شاری تاران بۆ یەکەمین جار کرایەوە، هاوکاری خۆی لە گەڵ ئەم ناوەندەدا بە فەرمی دەست پێکرد.

هەروەها لە ساڵانی شەستەکاندا (١٣٤١ تا ١٣٤٣ ی هەتاوی) لە ناوەندی رادیۆ و تەلەفیزیۆنی کرماشان و دواتریش لە سنە و رادیۆ تاران وەکوو بێژەر درێژەی بە کار دا.

میدیا زەندی، بە گشتی لە ٤٠ ساڵ لەمەوبەرەوە چالاکی خۆی لە رادیۆ کوردیی تاران کەبەرنامەی بۆ دەرەوەی ئێران بڵاودەکردەوە، دەست پێکردبوو.

پیشەی سەرەکی خاتوو "میدیا زەندی" بێژەری لە رادیۆ کوردیی تاران بوو کە هەواڵی دەخوێندەوە، هەروەها لە زۆربەی چیرۆکەکانی رادیۆ و زنجیرە دراماکانی کوردی کە لە رادیۆ و تەلەفیزیۆنی ئێران و رادیۆ کوردی تاران و کەناڵی ئاسمانی سەحەر بڵاو دەکرانەوە، وەکوو کاری دۆبلاژ لە ستافەکاندا هاوکاری دەکرد.

میدیا زەندی، لە گەڵ هونەرمەندی گەورە"حەسەن زیرەک" کە ئەو کات ئەویش لە رادیۆ کاری دەکرد، ژیانی هاوسەری پێکهێنا. ئاکامی ئەو ژیانە هاوبەشە، دوو کچە بە ناوەکانی مەهتاب (ئارەزوو) و مەهناز (ساکار). زیرەک بۆ کچەکانی چەندین گۆرانی ئامادە کردووە، لەوانە "غونچەی دڵەکەم مەهتابە، غونچەی دڵەکەم ئارەزوو، بۆم ببە گوڵ زوو بە زوو".

لە مانگی گوڵانی ساڵی ٢٠٠٤دا، بە مەبەستی پێزانین و قەدرناسی و رێزگرتن لە ساڵانی چالاکی هونەری هونەرمەندانی ناوداری موزیکی کوردی لە لایەن قوتابیانی کوردی زانکۆی شەهید بەهەشتی لە تاران، فیستیڤاڵی موزیک و گۆرانی و هەڵپەرکێی کوردی بەڕێوەچوو کە لەو کۆرەدا رێز لە ژمارەیەک لە موزیکزانانی کوردستان گیرا لەوانە هونەرمەندی گۆرانیبێژ "حەسەن زیرەک" کە لەوێ خاتوو میدیا زەندی بە ناوی بنەماڵەی حەسەن زیرەک خەڵات و تابلۆی رێزلێنانی ئەو فیستیڤاڵەی پێبەخشرا.

میدیا زەندی لە کتێبێکدا بە ناوی "چریکەی کوردستان" کە لە کاتی ژیانی حەسەن زیرەک بە هاوکاری دکتۆر محەمەد سدیق موفتی زادە بڵاوکرایەوە و پێکهاتبوو لە ژیاننامەی حەسەن زیرەک بە هۆنراوەی خودی زیرەک؛ وتارێکی سەبارەت بە پێگە و تایبەتمەندییەکانی هونەری حەسەن زیرەک نووسیوە. هەروەها بۆ خۆی دواتر هەمان کتێبی بە شێوەیەکی جوانتر و رێکوپێکتر بڵاوکردەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٤دا بە هەوڵ و تێکۆشانی میدیا زەندی هاوسەری حەسەن زیرەک و ژمارەیەک لە هونەرمەندانی وەک سەعید فەرجپووری و هونەردۆستانی دیکە، لە لایەن کۆمپانیای فەرهەنگی هونەری "ماهوور" کە ناوەندێکی زۆر بەناوبانگە، ١٣ گۆرانی لە بەرهەمە هەرمانەکانی حەسەن زیرەک لە ئەلبۆمێکدا بە ناوی "ترانەهای حسن زیرک" واتە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک لە ئێران بە شێوەی فەرمی بڵاوکرایەوە. ئەم بەرهەمە بریتییە لە سێزدە گۆرانی ساڵانی شەستەکان لە رادیۆی کوردی کرماشان و تاران کە بە شێوەی کاسێت و سی دی لە تیراژێکی زۆر و لە ئاستێکی بەرزدا بە باشترین کوالیتی بڵاوکرایەوە.

خاتوو میدیا زەندی هاوسەری هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوداری کورد "حەسەن زیرەک" و یەکەمین بێژەری ژنی کوردی رادیۆی کوردی تاران، لە کاتژمێر ٣٠/٥ی ئێوارەی رۆژی هەینی ٢٠ی جوونی ٢٠٠٨ لە نەخۆشخانەی تووس لە پایتەختی ئێران کۆچی دوایی کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەو رۆژە کە بۆنی ژنم لێ‌هات!

مریەم قازی

ئەو نووسراوەیە پێشکەشە بە هەموو ئەو ژنانەی کە توانییان بەرگی هەزاران ساڵە لەخۆیان دادڕن و تاریفێکی شیاوی مرۆڤیکی راستەقینە بۆ خۆیان داڕێژنەوە.



ئەو رۆژە بۆنێکی سەیر خۆشم لێدەهات تازە بوو؛ بۆنێکی تەڕ و دەسلێنەدراو و نەناسیاو. تەنانەت بۆخۆشم پێم سەیر بوو! دەگەڵ وەکە کە بەتایبەت ژنەکان بەدرڕدۆنگی چاویان لێدەکردم و لەوانەشە بلێم برێکیشم لێدەترسان چونکە بۆنێکی هەزاران ساڵەم لێنەدەهات بۆنێکی تازە و ئەزموون نەکراو بوو. بۆنی ملدان و دڵتەنگی نەبوو! بۆنی جەرگێک نەبوو کە ددانی بەسەر داگیرابێ! بۆنی دڵێک بوو کە تازە لە سینگێک هاتبێتە دەر و لە سەردەستم هەروا ترپەی دەهات و پەڕی هەڵداویشت . دەگەڵ وەکە چەند پارچە کرابوو لە هەموو کاتێک زیندووتر بوو!بۆ خۆم ئەرخەیان بووم، پێشتر شەوانە دەترسام ،دەبوو دەگەڵ کەسێک نووستبام دەبوو کەسێکم لەپەنا با، بەرۆژ دەبوو بم زانیبا کێ چۆنم چاو لێدەکا؟ دەبوو ئەرخەیان بووبام لە رەزامەندی هەموو لایەک !! بەڵام ئێستا چ فڕینێک بوو کە هیچکام لەوانەم بەلاوە گرینگ نەبوو !

ئەم بۆنە خۆشەم بۆنی فڕینی لێدەهات بۆنی ئەو شوێنانە لە ئاسمان کە کەم کەس دەستی پێڕادەگەیشیت ! نەختێکیش دەترسام لە زەوی دوور ببوومەوە بێ ئەوەی لە فڕۆکەیەک دابم تەنیا دببوو مەتمانەم بە باڵەکانی خۆم کردبا بە هاندانەکانی خۆم ، بە بیر و باوەڕەکانی خۆم! هیچ نیگایەک یاریدەی نەدەدام، هیچ دەستێک بۆم ڕانەدەوەشا ، هەموو ئاماژەیان بە هەڵدێرێک دەکرد کە لە ئاکامی ڕوانینەکانم بوو ،تەنانەت ئەوانەی وەک خۆم ژن بوون نەیان دەدیتم بەم روالەتە تازەوە نەیان دەدیتم! ئا لە وێ بوو وازم لە وانیش هێنا! ئا لە وێش بوو لە تەنوورە ی رەزامەند کردنی ئەوانی دی رزگاریم هات! ئەوەی ئەوان بە وڵاتی ڕەشە بایەکانییان دەزانی بۆ من چڵە پۆپەی هەموو ئارەزووەکانم بوو ، ئەم شوێنەی ئەوان بە قوڵترین و دوورترین شوێنی جەحەندەمییان دەزانی بۆمن بەرزترین سروود و دەست پێڕانەگەیشتوو ترین سووچی ئاسمان بوو، ئەو ڕۆژە ڕۆژێک بوو کە بە درۆ نەژیام، بە درۆ بەرەوپیری کەس نەچووم، بە دڵ گریان نەبوو بە لێو پێکەنین ،بە بیر ڕق نەبوو بە زار خۆش ویستن ! ڕواڵەتی ژنێکی رەزامەندم بە خۆمەوە نەگرت!

ئەو بەرگە درۆیە کە شەوی بووکێنی دایانە دەستم تا لە دوای پێشکێش کردنی کچێنی دەست لێنەدراوم لەبەر خۆمی هەڵکێشم ڤرێم دابوو و هاویشتبوومە نێو ئاوری هەموو ئەو نیگا زەندەق جوانەی تێم ڕامابوون ، ئەو پێستە بۆنێکی دەسکردی لێدەهات وەکوو بۆنی بۆقەکەی چیرۆکی کچی پادشا کە جادووگەرێکی فێڵباز لەبەری هەڵکێشا! ئەو رۆژە رووت ببوومەوە ،هیچ شتێکم نەشاردەوە رێک پڕ بە هەموو نیگاکان دەنگم هەڵبڕی و وتم نا! ئەو رۆژە کە بۆ یەکەم جار درۆم نەکرد رۆژێک بوو هەموو پێییان گوتم درۆزن! و لەورۆژەوە پێم خۆشە هەموو پێم بڵێن درۆزن! ئێستا لەورۆژەدا دەژیم کە بۆنی شلکە نەمامێکی تەڕ و بڕ، بۆنی مرۆڤێکی رووت، بۆنی ژنم لێدێ .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێزی
# لە ژنانی تێکۆشەری نێو ڕیزەکانی حیزب گرت







سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت‌دا ریزی لەو ژنانەی نێو ڕیزەکانی حیزب کرد کە پتر لە دوو دەیەیە لە سەنگەری تێکۆشانو خەباتی نەتەوایەتی‌دا تێ‌دەکۆشن.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ٢٨ ی گەلاوێژ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبو بەبەشداریی سەدان ژنەپێشمەرگەو ژنانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو بەئامادەبوونی بەشیک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیو ڕێبەڕیو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بەڕێوە چوو، لەوحی ڕیزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێشکێش بەو کۆمەڵە ژنەی نێو ڕیزەکانی حیزب کرا لە پتر لە ٢٠ ساڵە شانبەشانی مێردو بنەماڵەکانیان لە سەنگەری خەباتو تێکۆشان دان.

لەو ڕێوڕەسمەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە وتەیەکی کورتی پێشکێش کردو لە سەرەتای قسەکانی‌دا ئاماژەی بەوە کرد بۆ حیزبێک کە هەر چەند ڕۆژ لەوە پێش جێژنی دامەزرانی خۆی گرتو پێی نایە شەستو هەشت ساڵەی تەمەنی خۆی، بۆ حیزبێک کە حیزبێکی جەماوەری بووەو شانازی دامەزرانی کۆماری کوردستانی پێ براو، بۆ حیزبێک کە لەو سەردەم‌دا ڕێبەری لێوەشاوەی حیزبو سەرۆک کۆماری کوردستان خێزانی خۆی هان دەدا بۆ ئەوەی لە کاروباری سیاسی و چالاکیی پێوەندیدار بە کاروباری ژنان‌دا بەشدار بێ، بیرۆکەی بەشداریی ژنان لە حیزبەدا نەهادینە بووەو بۆتە کلتوور.

سکرتێری گشتیی حیزب بە ئاماژە بە دەور و ڕۆڵی ژنان لە مێژووی خەباتی ٦٧ ساڵەی حیزبی دێموکڕاتو خەباتو قوربانیدانی ژنان لە مێژووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا و بە سەرنجدان بەوەی بەشی قورسی ئەرکی ڕاگرتنی کەشی خێزان بە تایبەت لە بارودۆخی سەختو دژواری خەباتی چەکداریی حیزبی دیموکڕات لە سەر شانی ژنانی نێو ڕیزەکانی حیزب بووە، ڕایگەیاند جێی خۆیەتی ئەو خەباتو تێکۆشانو نەسرەوتنە ڕێزیان لێ بگیردرێ.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە کاتێک ژنان دەتوانن لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان‌دا سەرکەوتوو بن کە پاڵپشتو پشتیوانی یەکتر بن، هاندەرو هاوکاری یەکتر بنو ئەوە ئەرکیانە کە بەرگری لە یەکتر بکەن.

لە بڕگەکانی دیکەی ئەو ریوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیەو لە لایەن حەلیمە ڕەسووڵی، سکرتێری یەکیەتیی ژنانەوە خوێندرایەوە و هەروەها کورتە شێعرێک لەلایەن سروە فەتاحی خوێندرایەوەو کۆری هونەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش بە چەند گۆرانی ڕێوڕەسمەکەت پتر ڕازاندوە.

لە بڕگەی سەرەکیی ئەو ڕیوڕەسمەدا کە بۆ پێدانی لەوحی ڕێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ژنانی تێکۆشەر بە ڕابردووی پتر لە دوو دەیە خەبات تەرخان کرابوو، نیزیک بە ٩٠ کەس لەو ژنانە لەوحی پێزانینو ڕێزلێنانی حیزبی دێموکڕاتیان لە دەست کاک فەتاح کاویان، مستەفا مەولوودیو کەماڵ کەریمی وەرگرت.

شایانی باسە کە دوای پێشکێشکردنی ڕێزنامەکان پەیامی سپاسو پێزانینی ئەو ژنە تێکۆشەرانە لەلایەن خاتوو گەلاویژ پەیرەوان خوێندرایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### سپاس نامەی ژنانی تێکۆشەری حدک بۆ دەفتەری سیاسی

# لە پێوەندی لەگەڵ رێزگرتن لە ژنانی ریزەکانی حیزب



بە ناوی سەرجەم ژنانی خەباتکاری نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە تایبەتیش ئەو ژنانەی لەم رێورەسمەدا لەوحی رێزلێنانیان پێبەخشرا، سپاس و دەستخۆشی بە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین و دەستی خەبات و شۆڕشیان دەگوشین.

بەراستی ئەمڕۆ، رۆژێکی مێژووییە لە ژیانی ئێمەی ژنانی نێو شۆڕشدا. ئەویش بەو هۆیەوە کە هەرگیز چاوەڕوانی خەڵات و ریزلێنان نەبووین و نین. چونکە هەر شتێکی کە کردوومانە تەنیا ئەرکی سەر شانی خۆمان بە ئەنجام گەیاندوە. هەر تاکێکی کورد کە باوەری بە ماف و ئازادیەکانی گەلەکەی هەیە، ئەرکی سەر شانیەتی بە دڵ و گیان بەرگری لە خاک و وڵاتی خۆی بکات. ژنیش بەشێکە لە تاکی کورد و جیا نییە لەو کۆمەڵگایە.

هەر بۆیە بە هەست کردن بەو زوڵم و داگیرکارییەی دوژمنانی کورد بەرانبەر بە نەتەوەکەمان دەیکەن ئێمەش بە ئەرکی خۆمان زانیوە لە بەرانبەر ئەو بێرێزی و ماف‌پێشێلکردنەی نەتەوەکەمان بێدەنگ نەبین و قورس و قایم راوەستین و ببینە پشت و پەنای شۆڕشەکەمان.

لە وەها بارودۆخێکدا کە گەل و نیشتمانمان بەو شێوەیە تووشی ژێردەستەیی هاتوە و ژنی کورد بەو شێوەیە بێحورمەت و بێماف بێ، ئیتر ئێمە چۆن دەمانتووانی بێتەفاوەت بین و دەست لە سەر دەست دابنێین لە بەرانبەر ئەو هەمووە بێمافیەی گەلەکەماندا، بی هەلوێست بین و یان چاوەڕوانی خەڵات و پاداشت بکەین. ئەوەی بە پێی مەجال و توانای خۆمان کردوومانە تەنیا بەشێکی کەم لەو ئەرک و وەزیفەی کە لە سەر شانی خۆمان بووە و هەیە بە ئەنجام گەیاندوە.

بێگومان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەشمان، رێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆتە ریبازی خەباتمان و، ئەویش بەو هۆیەیە کە ئامانج و داخوازییەکانی گەلەکەمان لە بەرنامە و رێبازی ئەو حیزبەدا بەدی کردوە و پێمان وابوە لە چوارچێوەی سیاسەتی دروست و ئوسولییەکانی دا گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاوات و ئامانجەکانی خۆی کە ئازادی و سەربەخۆییە دەگا. ئەوە راستە کە ئێمە زۆربەمان لە سەرەتاوە بە هۆی هاوسەرەکانمانەوە پەیوەست بووین بەو حیزبەوە، بەڵام هەر وەک لە سەرەتاوە ئاماژەی پێکرا ئەوە هەست کردن بە مەسەلەی نەتەوەیی و باوەڕی قووڵی خۆمان بووە بە رێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ئێمەی هێشتۆتەوە بۆ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان لە شۆڕشدا.

هەر بۆیە بە دڵنیایەوە ئێمە چاوەڕوانی پاداشت و رێزلێنان نەبووین و نین. بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ حیزبی دیموکرات رێز لە خەبات و خۆراگری ژنان لە ریزی شۆڕشدا دەگرێ، جێگای خۆشحاڵی و شانازییە بۆ ئێمە و دڵنیاتان دەکەینەوە کە وا ئەم رێزلێنان و قەدرزانییەی حیزبەکەمان دەکەینە هەوینی پەیمان وبەڵێن نوێ کردنەوە لەگەڵ خوێنی شەهیدەکانمان کە تا دوا هەناسە پشتیوانی تیکوشان بۆ سەربەرزی خاک و وڵات بین و رێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش هەر تاکە رێبازی گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆی گەل و وڵاتمان بێ.

**سەرکەوێ خەباتی رەوا و بەرهەقی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان.**

**بە سپاسەوە**
**۱۳۹۲/۵/۲۹ هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن لەمێژووی هونەری وێنەکێشاندا

بەیان سەلمان

بەدرێژایی مێژوو ژمارەی ژنی هونەرمەند کەم بووە، ئەو چەند هونەرمەندەی لەمێژووشدا ناویان دەبرێ هەر ئەوانن و دووبارە دەبنەوە. ئەوەندەش ژمارەیان کەمە لەبیر دەچنەوە. ئەو دەقە نووسراوانەشی بۆیان تەرخانکراوە ئێجگار کەمن و نابنە سەرچاوەیەکی بەڵگەنامەی پشتپێبەستراو. لەتەک هونەر، تەنانەت ئاماژەش بەو ژنانە ناکرێ کە برێکی زۆر نووسین و نامەیان لەسەر هونەر و ژیانی خۆیان نووسیوە. ئەگەر هەر وەک هەموو سەرچاوەی باس قسە لەو مێژووە تاڵەی ژن دەکەن وەک هونەرمەندێک کە مافەکانی پێشێلکراوەو تا رادەیەکی زۆریش بەرهەمەکانیان پشتگوێخراون، یاخود بایەخی خۆیان پێنەدراوە، بگرە هەموو هەوڵێکیش دراوە رێ لەدەرکەوتنیان بگیرێ و لەوانەشە تا ماوەیەکی دوورو درێژ بەشاراوەیی مابنەوە. دیارە هۆیەکی سەرەکیش هەبووە بۆ ئەم کێشەی شاردنەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو کچە هونەرمەندانەی شوویان دەکرد دواتر ناوی مێردەکانیان هەڵدەگرت ئەمەش ئەرشیفی ژیاننامەیانی دەسڕییەوە یاخود نەدەدۆزرانەوە. ئەمە لەپاڵ ئەوەی گەر ژنی هونەرمەندی زۆر لێهاتووش هەبووبن لەچوارچێوەی هونەری دەسترەنگین چوارچێوە دراون و ئەو هونەرەیان نەخراوەتە بەرچاو وەک هونەرێکی پیشەیی (پرۆفشناڵ). ئەگەر لەنێو کوردەواریی خۆشماندا بەو سەردەمانەدا بچینەوە تاکو ئێستاش جۆرە هونەری دەسترەنگینی وەک فەرش چنین، بەرەو نەخش و نیگاری نێو ماڵ بەکاری هونەری تەماشا ناکرێ، لەکاتێکدا زۆر بەچاکیی دەکرێ رێنمایی ئەو ژنانە بکرێ تا بەرەو بەرهەمی هونەریی پرۆفشناڵ بچن.

پسپۆری بواری دەروونناسیی و لێکدانەوەی وێنە، لورۆی ماک دیرمۆت Leroy Mcdermott، لەساڵی ١٩٩٦ پاش کۆمەڵێ توێژینەوەو تاقیبکردنی پەیکەرەکانی (ڤینۆس) لەچاخی بەردیندا ئەگەری زۆری ئەوە دەخاتە بەرچاو کە یەکەمین داهێنانەکانی مرۆڤایەتی ژن بووبن، چوونکە شێوەی ئەو ڤینوسانە خۆبەرهەمهێنانەوەی لەشی ژنەو لە کاری ژن دەچن.

ژن ئەگەر هونەرمەندیش بووبن، یاخود دەستیان لەهونەردا هەبووبێ هەر بەشاراوەیی و لەودیو پەردەکانەوە کاریان کردووە. لەسەدە ناوەڕاستەکاندا لەکۆی ٢٢٩ ناوی هونەرمەندی دەسترەنگین و نەقاشیی ژن تەنها یانزە ژنیان لێ دەستنیشان کردوون کە بۆ ئەو کارە شیاون. ئەوانەی دواتریش کاریگەرییان بەسەر گەشەی هونەرییەوە بووە ناویان هەر لەسێبەردا ماوەتەوە. لەفەرەنسا، لەسەدەی چواردە کۆمەڵێ ژنی هونەرمەند هاتبوونە کایەی هونەری هەمەجۆر وەک بورگۆت Burgot کچی هونەرمەند ژان لو نوارJean Le Noir کە بەکاری دەسترەنگینی نەخشی کتێب بەناوبانگ بوو، یان مەرگیریت ڤان ئیک خوشکی هەردوو Margarete van Eyck برایانی هونەرمەند ڤان ئیک کە لەکارەکانیاندا هاوکاری دەکردن بێ ئەوەی تەنانەت ئیمزای بەسەر بەرهەمێکەوە هەبێ.

لەساڵی ١٦٤٨ لویسی شانزە، پاشای فەرەنسا (ئاکادیمی رۆیاڵ)ی دامەزراندو بڕیاریدا بێ جیاوازی رەگەز هونەرمەندەکان بپارێزێ. ئەم بڕیارەی لویسی شانزە راستە دەرگایەک بوو بۆ هاتنە ناوەوەی ژن بۆ ئەو بوارە، وەلێ دەرگایەک بوو بەتەسکی ژن پێیدا دەچووە ژوورێ، چ لەبەرئەوەی بۆیان هەبوو لەیەک کاتدا ژمارەیان لەچوار ژن زیاتر نەبێ، لەبەر ئەوەشی کە بۆیان نەبوو بچنە کلاسی وانەکێشان، یان وانەی هونەر بڵێنەوە، یاخود پلەیەکی ئاکادیمی بگرنەدەست، جگە لەوەی بری ئەو پارەی کۆمەکی خوێندنەی (زەماڵە) پێشیان دەدرا زۆر کەم بووە؛ بەڵام لەلایەکی دی دەرفەتیان بۆ رەخسانن نمایشی کارەکانیان بکەن و بەشداریی پێشەنگاکان بکەن.

لەبەشی دووهەمی سەدەی هەشتەوە کۆمەڵێ ژن تێکۆشان لەپێناو ناسینەوەیان وەک هونەرمەندێکی پلە یەک لەبری ئەو پلە دووەی پێشوتر کە بەسەریاندا سەپێندرابوو. بەو جۆرە ژن هاتنە مەیدان و کۆمەڵە ژنێکی ئەو بوارە پەیدابوون کە دەستیان بەپورتریتی «خودکێشان» کرد. دیارە لەسەدەکانی پێشووتر بۆچوونی جودا هەبووە لەنێوان خوکێشانی پیاو و ژن؛ ئەوەی تێبینی دەکرێ بۆ نموونە پیاو خۆی وەک نوێنەری یەزدان تەماشا کردووە، ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان دوو هونەرمەندی پیاو و ژن، لەدوو ماوەی جیاوازدا، سەرنجەدەدەین کە هونەرمەند مارتن ڤان هیمیسکیرک Maarten van Heemskerck (١٤٩٨-١٥٧٤) لە تابلۆی (سان لوقا وێنەی مریەمی پاکیزە دەکێشێ) وێنەی خۆی بەسیمای (سان لوقا) کێشاوە، (سان





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لوقا) شەفیعی هونەر و دەست ڕەنگینییە، هونەرمەندی پیاو کە بەو شێوەیە ئامادەبوونی خودی لەتابلۆیەکدا دەخاتە بەرچاو بۆ ئەوەیە ئەو لایەنە پیرۆزە نیشاندات کە ئەو هەڵگری خواوەندێتی هونەرە. لەکاتێکدا لە تابلۆی (مریەمی پاکیزە و منداڵەکە) ژنە هونەرمەندی ئیتاڵی سۆفۆنیسبا ئەنگیسۆلاSofonisba Anguissola (١٥٣٥-١٦٢٥) ، لە سیمای مریەمی پاکیزە وێنەی خۆی کێشاوە، ئەمەش بەداهێنانێکی ئاستی مرۆڤ سەیری دەکرێ، چونکو بەرزبوونەوەی تێدا نییە بۆلای یەزدان.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو سەردەمانەی بە مۆدێرن پێناسەی دەکەن هونەرمەندە پیاوەکان وێنەی خۆیان کێشاوە، ئەوە ژنان کاتێکی زۆریان ویست، بەتایبەتی لەفەرەنسا کە لەسەرەتای سەدەی هەژدەوە ئەو بەرهەمە هونەرییانە دەرکەوتن کە ژن بە فڵچەی خۆی وێنەی خۆی دەکێشا، ئەمەش لەسەر دەستی ئێلیزابیت سۆفی شێرۆن Elisabeth-Sophie Cheron بوو کە ئێستا وێنەکەی لە مۆزەخانەی لووڤەرە. دیارە هۆی ئەمەش بۆ ئەو ماوە دژوارە دەگەڕێتەوە کە فەرەنسا بە هۆی (شەڕی ئایینی) لەت لەت ببوو و جێی هونەر بەگشتی لەق ببوو؛ لە کاتێکدا خودکێشانی ژنە هونەرمەندەکان لەناوەڕاستی سەدەی شانزەهەم لەهۆلانداو ئەڵمانیاو ئیتاڵیا تەواو چالاک و تێبینیکراو بوو. نموونەی ژنە هونەرمەندەکانی ئەو سەردەمە هونەرمەندی هۆڵەندی ژودیت لیستەر Judith Leyster و هونەرمەندی ئیتاڵی ڕۆزالبا کارریێرا Rosalba Carriera کە ناوبانگێکی ئەورووپی دەرئەکات.

لە سەردەمی ئیمپرسیۆنیزم (الانطباعیە) کۆمەڵێ ژنی لێهاتووش لەهەموو لایەکی دونیاوە دەرکەوتن وەک ماری کاسات Mary Cassatt، لەئەمریکا، بیرت مۆریسۆ Berthe Morisot لە فەرەنسا کە شاعیری فەرەنسی بەناوبانگ مالارمێە گەورەترین هاوڕێ و دڵبەندی تابلۆکانی بووەوە ئێڤا گۆنزالێس Eva Gonzales کە خوێندکارو مۆدێلێکی هونەرمەند ئیدوارد مانێە بووە.

لەدوای شۆڕشی فەرەنسییەوە هەلومەرجی ژنان لە فەرەنسا باشتر بوو، بەڵام هێشتا کۆسپی زۆر دەخرایە ڕێی بەهرەیان، هونەرمەندێکی وەک ڕۆزا بۆنۆر Rosa Bonheur کە ناوبانگێکی جیهانی دەرکردبوو و بەیەکێک لەفیگەرە فیمینیستەکانی سەردەمی خۆی ناسرابوو، ناچار بووە هەر شەش مانگێک بچێتە پۆلیس و داوای مۆڵەتی لەپێکردنی پانتۆڵ بکات تا بتوانێ بچێتە هەندێ شوێن کە پانتۆڵ جووڵەی ئاسانتر دەکرد. تابلۆی بازاری ئەسپ فرۆشتن بەناوبانگترین بەرهەمێتی و ئێستا لە مۆزەخانەی میترۆپۆلیتان میوزیەم ئارت لەنیۆیۆرک Metropolitan Museum of Art, New York نمایشکراوە.



لەگەڵ سەدەی بیستدا هونەرمەندانی ژن جێی خۆیان باشتر کردەوە، بەلانی کەمەوە لەوڵاتانی ڕۆژئاوا ئەمە ڕاستە. هونەرمەندانی ژن دەگەنە ئاستی وەرگرتنی خەڵاتی ناودار وەک خەڵاتی «ڕۆما» Rome. ناودارترینیان ئۆدیت پۆڤێ Odette Pauvert لە ساڵی ١٩٢٥ و ژان لوروو Jeanne Leroux لەساڵی ١٩٢٧ و ئیرما کالیبژیان Irma Kalebdjian لەساڵی ١٩٣٠ و ئەلیس ریشتەر Alice Richter کە دووجار ئەو خەڵاتەی پێدراوە لەساڵی ١٩٣٣ و ١٩٣٩. بێ ئەوەی هونەرمەندی جیهانی وەک «فریدا کالۆ»مان لەبیرچێ. لەم سەردەمەدا هونەرمەندی ژن بەچاکیی جێی خۆیان کردۆتەوە، ناوی وەک ئانێت میسەجێر و سۆفی کاڵ، یایوی کۆساما، تاتیانا ترۆڤێ، مونا حەتووم و دەیان هونەرمەندی تر کە پانتایی هونەری نوێنەتەوەیان داگیرکردوە.

ژنی هونەرمەند وەها تەماشاکراوە کە پەراوێز بێت، سەرهەڵدانیشی هەر بەپشتی بنەماڵەو پشت بەستن بەناوداری مێردو برا و هەندێ جار تا پلەی سێ و چواری ناوداریی خێزان چووە، بەشێکی باشی ئەو هونەرمەندە ژنانە ببەستینەوە بەناوی کەسێکیان توانیویانە بگەنە ئەو ئاستانە. وێنەی باوی ژنی هونەرمەند وەها بووە کە بەراورد بکرێت بەپیاو. پیاو(ئارشیتیپە) ئەو نۆرمەیەو ژن لادانە لەو نۆرمە، واتە نموونە ئەسڵەکە ئەوە، کە ژنێکی لێهاتووش پەیدا دەبێ پێی دەڵێن: «بەرهەمەکانی لەهی پیاو دەچێ».



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن زۆر دووره، ژن زۆر نزیکه!

ئیسماعیل ئیسماعیل زاده

ژن، زۆر دووره
بۆنی بە دەمارەکانی هەموو شەوێکدا
دەگەڕێ
ژن، گوڵدانێکی تۆختر و قوڵتر و کۆنتری
هەڵگرتووە،
بۆن بە لێوی چیها ساڵی مردووەوە دەکا
مردووەکانی پیاو،
مردووەکانی خاک لە شەرگەی نێوان
من و خوێندا،
مردووەکانی خۆی کە بەرەو بەرۆکییەوە
خزیون!

ژن زۆر نزیکە!
خۆی لە هەموو شوێنێکی رۆژ دەخشێنێ!
ئێستا لە ژن، باران بەژانەوەیە،
با– بەژانەوەیە،
خاک بەژانەوەیە،
من و تەنانەت تۆش بەژانەوەی!
ژن لە نێو ئەو هەمووە گەمارۆیەدا،
پێدەکەنێ!
لە دەستێکیدا، یەکەم رۆژباشی درەختی
سێو رێک دەگوشێ و
بەویتر،
تەلێک لەنێوان شەو و بەیان دەخاتە سەما
ئای کە شەو و ژان و ئەوین چ ئاوازێکن بۆ
خوێندن.

ئێستا لە ئاسمانی ژندا
دوو کۆتر
نسێ دەخەنە سەر لێوە نەتاشراوەکانی
زاتێکی هاوشێوەی خۆی!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێنج خولەک ...

کانی هەڵەبجەیی

لێگەڕێ تەنها بۆ پێنج خولەک
سەرم لەسەر شانت دانێم گەر خەونیش
بێ
لێگەڕێ تەنها پێنج خولەک
هەست بە بونت بکەم لە تەنیشتم
گەر تەنها خەیاڵێکیش بێ
با تەنها پێج خولەک کات بووەستێنم و
بگەڕێینەوە بۆ یەکەم جار دەربڕینی
ئەشقمان بۆ یەکتری و
بۆ ئەو کاتەی لە نێو وشەی یەکا ئەژیاین
با تەنها پێنج خولەک کات بگەڕێنمەوە
ئەو ڕۆژەی
لە ئامێزی پایتەختێکا یەکمان بینی و
چەند ساتێکی بچووک لە یەک ڕامابین
ڕەنگە سەیر بێ لات
بڵێی ئەم کچە شێت بووە
بەڵام گیانە لە دێرزەمانەوە
ئەوەی ئاشقە شێت بووە
ڕۆژێ دادێ هەست بەم خەیاڵە شێتە
کەی
لە ژانی فرمێسکێکتا
هەست بە ئازاری دڵم کەی
بەڵام ڕەنگە ئەو کاتە درەنگ بێ و
فریای سڕینی دوا فرمێسکیشم نەکەوی
ڕەنگە کاتێ لەگەڵ زەردەپەڕی ئێوارەیەکی
پایزا
دەستی خۆر ئەگرم و ئاوا ئەبم
ئینجا بێیت و لەگەڵ مانگدا، لەبەر پەنجەرەی
ژوورە چۆڵەکەم دەرکەوی
دە لێگەڕێ با دونیا بکەمە پێنج خولەک
تێیدا هەست بە ماچێکت کەم
لێمگەڕێ بۆ پێنج خولەک بژیم
توند بە ئەشق و سۆزەوە باوەشت کەم
پێنج خولەک لە ئامێزی تۆدا
تەمەنێکی درێژ ترە لە پێنج سەدە بە بێ
تۆیی
پێنج خولەک گریان لە باوەشی تۆدا
خۆشترە لە پێنج هەزار خەندەی ڕوکەشی بێ
تۆیی
لێگەڕێ تەنها بۆ پێنج خولەک
سەرم لەسەر شانت دانێم گەر خەونیش بێ
لێگەڕێ تەنها پێنج خولەک
هەست بە بونت بکەم لە تەنیشتم
گەر تەنها خەیاڵێکیش بێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نەزۆکی

ئا: جیهان بێتووشی

نیوەی هۆکاری باوەڕبەخۆبوونی پیاوان و ژنان نەزۆکی کە زۆریشیان لەو خانمانە دایە کە بە هۆی گیرانی منداڵدا نیانەوە دەبێت کە ناهێلێت کە سپێرم (تۆو) بگاتە هێلکە و بپیشێنرێ. ئەو چلک هەڵگرتنانەی کە تووشی کۆئەندامی زاوزێ دەبێت دەبێتە هۆی نەزۆکی لە زۆر حاڵەتدا ٥٠٪ی ژنە نەزۆکەکان تووشی نەخۆشی (ئاندۆمتریوس) بوونەتەوە وەهەموو ئەو شتانەی تریش کە نەزۆکیان بە دواوەیە بریتین لە:

هێلکەدانی جۆری (پۆلی کیتیک) کە ئەم جۆرەش بریتییە لە هۆکاریک بۆ نەگەیاندنی نەخۆشی (تایرۆید) هەروەها بەکارهێنانی دەرمانی دژە سکپری دەتوانێت ببێتە هۆی نەزۆکی لە دوایدا ئەو خانمەی کە دەرمانی دژە سکپری بەکار دەهێنێت لە وانەیە پاش نەخواردنی بۆ ماوەی ٤ تا ٥ ساڵ نەتوانێ هیچ هێلکەیەک دروست بکات. سود وەرگرتن لە (IUD) دەتوانێت ببێتە هۆی چلک کردن لە ئەنجامدا گیرانی لولەی بۆری منداڵدان.

بەرنامەی خۆراکی لە نەزۆکی ژناندا کاریگەری بەرچاوی هەیە ئەو خانمانەی کە کێشیان بە شێوەیەکی ناسروشتی کەم یا خود زۆرە دەبنە ڕێگر بۆیان لە هێلکە دروست کردن دا گرینگترین هۆی سەرهەڵدانی نەزۆکی لە پیاواندا. بەرهەمهێنانی سپێرمە بە شێوەی تەواوەتی هەروەها لە حاڵێکدا کە ڕێژەی هاتنە دەرەوەی سپێرم لە هێلکە گونەکانەوە بە هۆی چلک هەڵگرتن و تووش بوونی چەند نەخۆشییەکە وەکوو سوزاک دەبێتە هۆکاری نەزۆکی و هەروەها ئەو پیاوانەی کە ئیش لە شوێنە گەرمەکان دەکەن وەکوو نانەواخانە لە ڕاستیدا پلەی گرمی دەبێتە هۆی ناتەواوی لە دروست بوونی سپێرم بە شێوەیەک کە حەمامی گەرمیش دەتوانێ بۆ ماوەیەکی کەم هۆکاری کەمی دروست کردنی سپێرم دەبێت هەروەها ئەو پیاوانەی کە گونەکانیان لە ناو کیسەی تایبەتدا نیە دووچاری نەزۆکی دەبنەوە بەکارهێنانی دەرمانێش لەوانە دەرمانی شێرپەنجە دەتوانێ بەرهەمهێنانی سپێرم کەم بکاتەوە هەروەها ئەوانەی کە تریاک و حەشیش دەخۆن دووچاری نەزۆکی دەبن. یەکەم هەنگاو لە دەرخستنی نەزۆکی زانینی پێناسەیەکی تەواوە لە نەزۆکییە کە بە پێی ئەو پێناسە گشتییەی کە کراوە بریتیە لە نەبوونی سکپڕی بۆ لێکۆڵینەوەی نەزۆکی لە پیاواندا تاقیکردنەوەی تۆو ئەنجام دەدرێت بۆ سکپڕی ڕێژەی بۆ یەک میلی لیتر تۆو دەبێت ٢٠ میلیۆن سپێرم هەبێت لە پیاوانی ساغدا ٦٠ تا ١٢٠ میلیۆن سپێرم لە هەر میلیلیترێکدا هەیە.



وەک چۆن دەبێت ژمارەی سپێرمەکان بە ئەندازەی تەواو هەبێ هەروەها دەبێت جوڵەشیان تەواو بێت.

سادەترین تاقیکردنەوە بۆ لێکۆڵینەوەی نەزۆکی ژنان دەرخستنی ئەو خاڵەیە کە ئایا هێلکە درووست کردنی روو دەدات یان نا بۆ ئەو کارەش دەبێت هەموو رۆژێک پلەی گەرمی لەشی لە ژێر کۆنترۆڵدا بێ بۆ ماوەی یەک مانگ ئەگەر هاتوو هێلکە درووستکردنی روو بدات پلەی گەرمای دەبیت بەرز بووبێتەوە ئەگەر ئەم دەرەجە حەرارەتە بەرز نەبۆوە لە مانگەکانیتردا ئەوە هێلکە دروستکردن روو نادات. ئەگەر دووبارەش بۆوە ئەوا مانای وایە هێلکە دروستکردن روو دەدات. ئەگەر هێلکە دروستکردن روو بدا دەبێت چاودێری بکرێت بزانین لەگەڵ سپێرم یەک دەگریت یان نا. بە سوودوەرگرتن لە جۆرێک شەپۆلی رادیۆیی لە بۆری منداڵدان.

بە شێوەیەکی گشتی بە کەم کردنەوەی نەزۆکی ئەم خاڵانە ڕەچاو دەکەین:

١- کێشی خۆتان لە شێوەیەکی مامناوەند ڕابگرن ژنی ساغ پێویستی بە (٢٠) گالۆری چەوری هەیە.

٢- چاوەروانی و سەبرگرتن گرینگترین خاڵە: کاتێک کە بریار دەدەن ببنە خاوەنی مندال گرینگێکی زۆری هەیە کە لە سەر ئەساسی ڕێرەوێکی رێکوپێک لە کاتێکی باشدا واتا ئەو کاتەی کە هێلکەکە تێیدا دروست دەبێ یا خود سپێرمی تێدا دروست دەبێت.

٣- پێویستە لە کاتێکی گونجاودا بریاری منداڵبوون بدەن واتا لە تەمەنێکی گونجاو خوار (٣٠) ساڵ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تەنیا بۆ هاوسەران.. «کاتی تایبەت بۆ خۆت دروستبکە»

هەریەکە لە ژن ومێرد لەکاتێکەوە بۆ کاتێکیتر پێویستیان بە کاتێکی تایبەتی هەیە بە تەنیا بن و تایبەتمەندێتی خۆیان وەربگرن، هەروەکو پەندە ئینگلیزییەکە دەڵێت «کاتی تایبەت بۆ خۆت دروستبکە» و ئەمەش شتێکی گرنگە بۆ ڕزگاربوون لە ماندووبوونی هاوسەرگیری کە مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ کەڵەکە دەبێت و دواجار دەبێتە بەربەستێک لەنێوان هاوسەراندا کە ڕەنگە زۆر وێرانکەربێت. ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی ڕاپرسیەکی لەسەر چۆنێتی ڕزگاربوون لە وەرەزبوونی خێزانی بەبەشداری ژمارەیەک لە هاوسەران ئەنجامداوە. ئەنجامی ڕاپرسیەکە دەریخستووە چەند هەنگاوێکی سادە هەیە کە بەشدار دەبێت لە ڕەواندنەوەی ئەم پشێوییە و یەکەمین هەنگاو بریتیە لەوەی هەریەک لە ژن و مێرد شوێنێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت و تێیدا ڕۆژانە کاتژمێرێک تەرخان بکەن بۆ پشوودان و بیرکردنەوە بە بێ ئەوەی لایەنەکەی دیکە یان منداڵەکان بێزاری بکات. هەروەها وەرگرتنی پشوویەکی باش لە شەودا شتێکی زۆر گرنگە کە ئەمەش



زۆربەی هاوسەران بێبەشن لێی بە هۆی جیاوازی نەریتی خەوتنی نێوانیانەوە.

# چەند هەڵەیەک دەربارەی ڕووتانەوەی قژ

ڕەنگە ئێستا زۆرمان ئەگەر پیاو بێت یان ژن دووچاری ڕووتانەوەی قژمان بوبێتینەوە، کە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە ناخۆشەکان کە زۆربەمان چەندین جار هەوڵی چارەسەرکردنیمان داوە و ڕێگای سروشتی و پزیشکیمان گرتۆتە بەر، بەڵام نەگەشتوینەتە ئەنجام ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چەند ڕێگایەکی دروست بە نادروست دادەنێن کە ئەمانەن.

١ـ بەکارهێنانی ئامێرەکانی قژ وشک کردنەوە کە خۆی لە ڕاستیدا زیان بە قژمان دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بە هەڵە بەکاربهێنرێت واتە کاتێک بەکاریدەهێنین نابێت زۆر لە قژمان و پێستی سەرمانەوە نزیک بێت.

٢ـ کەوتنە خوارەوەی تاڵەکانی قژمان ڕۆژانە: هەموو کەسێک لە ئێمە ڕۆژانە چەند تاڵێک قژ لە سەری دەکەوێتە خوارەوە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خانەکانی سەر بەردەوام لە نوێ بوونەوەدان بۆ ئەمەش ئەو قژانەی کە خانەکانیان مردون دەکەون، ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بەڵام ئەگەر ڕێژەکەی زیاردیکرد دەبێت سەردانی پزیشک بکرێت.

٣ـ ماساژکردن پێستی سەرمان: ڕەنگە ئێمە زۆرجار وا هەست بکەین گەر سووری خوێن لە سەرماندا زیاد بکات ئەوا خانەکان گەشە دەکەن و قژمان زیاد دەکات بەڵام ئەمە دروست نیە چونکە زیاد بوونی سووری خوێن لە سەردا هیچ کارێک ناکاتە سەر تاڵە قژەکان.

٤ـ کورتکردنەوەی قژ ئەگەر زۆر ئەنجام بدرێت: ڕەنگە زۆربەمان هەمیشە قژمان کورت بکەینەوە تاکو زووتر درێژ بیتەوەو بەهێز بێت، بەڵام گەر ئەم کورتکردنەوەیە بە بەرنامە نەبێت دروست نیەو زیان بە قژ دەگەیەنێت.

